# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨٢٢ ▌ پێنج شەممە ١٥ی بانەمەڕی ١٤٠١ _ ٥ی مەی ٢٠٢٢

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا



**چارەنووسی مرۆڤکوژەکەی کۆماری ئیسلامی** ٢



**مرۆڤکوژی لە کوردستان پەیڕەی سەرکەوتنی کاربەدەستانی رێژیم** ٥



**توندوتیژی و بەرهەمهێنانەوەی لە کۆمەڵگەدا** ٦



**لە «ئاسمیلاسیۆن» ڕا هەتا «زەویی سووتاو»** ٨




### کۆنت لوئیس:

# ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر هەموو بکوژ و جینایەتکارن




## خومەینییش مرۆڤکوژ بوو، هەروەک سەرکۆماری ئێستای ڕێژیم

کۆنت لوئیس، پاریزەری سوئێدیی قوربانییانی کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسی ئێران لە دادگای حەمید نووری ڕایگەیاند کوشتاری بەکۆمەڵی ساڵی ٦٧ تەنیا تاوانی چەند کەس لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا نەبوو، بەڵکوو تاوانێک بوو کە تەواوەتیی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی لەپشت بوو.

کۆنت لۆئیس، لە دواهەمین ڕۆژی کاری دادگا و لە پرێس‌کۆنفرانسێکدا گوتی: ئەوە نەک حەمید نووری، بەڵکوو کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە سۆئێد دادگایی دەکرێ. ئەو گوتی لە ماوەی٩٠ ڕۆژی ئەم دادگاییەدا ئێمە بەڵگەی زۆر بەهێزمان خستەڕوو کە ئەم بەڵگانە هەر دژی حەمید نووری نەبوو، بەڵکوو تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی بردە ژێر پرسیار. حەمید نوری بەتەنیا بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەو بەشێکی زۆر بچووکی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییە و ئێمە توانیمان تەواوەتیی ئەو نیزامە سیاسییە لە بەردەم دادگادا مەحاکمە بکەین.

کۆنت لوئیس لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی لە ڕەوتی دادگادا یەکێک لە شایەتحاڵەکان خومەینی، ڕێبەری پێشووی ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامیی وەک جەللاد و مرۆڤکوژ ناو برد و دادوەر پێی وابوو نابێ لەسەر خومەینی قسەیەکی وا بکرێت، بەڵام ئێمە توانیمان بە بەڵگەی زۆرەوە بیسەلمێنین کە نەک هەر خومەینی، بەڵکوو ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری ئێستای کۆماری ئیسلامییش بۆخۆی یەک لە جەلادەکانە.

ئەو گوتی بۆ من شانازییە کە توانیم پارێزەری کۆمەڵێکی زۆر لە قوربانییان و بنەماڵەی زیاندیتووانی کۆمەڵکوژییەکەی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بم ، هەروەها ڕاستە کە من وەکیلی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بووم لەو دادگایەدا، بەڵام لە ڕاستیدا بەبێ جیاوازی وەکالەتی هەموو قوربانییەکانی ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامییم کردوە، لەبەر ئەوەی هەمووومان لەسەر ئەم خاڵە کۆکین کە ئەم ڕێژیمە مرۆڤکوژ و یەکجار زۆر خراپە و دەبێ بڕووخێ.

جێی باسە کە ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕی مانگی داهاتوو حوکمی کۆتایی لەسەر ئەم تاوانبارە دەردەچێ.

---

◆ سەروتار

### خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە خەونی جەمسەربەندیی جیهانیدا

**کەماڵ کەریمی**

کاتێک دیکتاتۆرەکان بێهیوا دەبن لە خەڵکی وڵاتەکەیان ئیدی بیر و زەینیان دەچێتە سەر پشتیوانی دەرەکی. ئەمەش ئێستا لە بیر و سیاسەتەکانی خامنەییدا بەڕوونی دەبیندرێ. سەردەمانێک خومەینی کە پێی وابوو شۆڕشە ئیسلامییەکەی ئەو بووەتە خاوەن پێگەیەکی بەهێز لەنێو خەڵکی ئێران و موسوڵمانانی وڵاتانی دەورووبەر، ئامۆژگاریی وڵاتانی جیهانی دەکرد کە بێنە سەر ڕێی ڕاست و ئەوەش بەو مانا بوو کە ڕێبازە شۆڕشگێڕییەکەی ئەو قبووڵ بکەن. ئەو لە دژایەتیی کۆمۆنیزم و سەرمایەداریدا، دروشمی نە شەرقی، نە غەربیی کردە پێناسەی سیاسەتەکانی. ئەم دروشمەی خومەینی بە مانای هێنانەئارای مۆدێلێکی نوی بوو لە حوکمڕانی، کە خراپەکانی ئەو دوو سیستمەی لەو دوو بەشەی جیهاندا ڕەد دەکردەوە بەبێ ئەوەی چاکەیەکیان لێ بەدی بکا. بەڵام ئێستا دەوران گۆڕاوە و خامنەیی کە لە جێی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی دانیشتوە ڕێگەیەکی تری گرتووەتەبەر، بەڵکوو ئەگەر لەگەڵ ڕۆژاوا بۆی نەچێتە سەر، هەر نەبێ ڕۆژهەڵات لە کیس خۆی نەدا. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش چاو لە فرتوفێڵەکان و بەتاڵانبردنی سەرمایەی وڵاتەکەشی لەلایەن دۆستە شەرقییەکانیەوە دەنووقێنێ.

هۆکاری گرتنەپێشی ئەم سیاسەتە ڕوونە. خامنەیی و دەستوپێوەندەکانی بەباشی لەوە تێگەیشتوون کە دوای زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارییان هیچ پێگەیەکی شەرعی و یاساییان لەنێو خەڵکی ئێراندا نەماوە. خەڵکێک کە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی شا و هێنانەئارای نەزمێکی نوێی دەسەڵاتداری کە پارێزەری مافەکانیان بێ شۆڕشیان کرد و دواتر بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان لە شەڕی عێراقدا گیان و ماڵیان بەخشی، ئێستا هیچ متمانەیەکیان بە خامنەیی و تاقمە دز، تالانچی و ماڵخۆرەکانی دەورووبەری نەماوە. ئەوان بۆ دەربڕینی ئەم باوەڕەی خۆیان و نیشاندانی نارەزایەتییان لە دەسەڵاتداران ڕۆژانە ل سەر شەقامن و هاواری بەدەستهێنانەوەی مافەکانیان دەکەن. بۆیە سەیر نییە کاتێک خامنەیی ...


درێژە لە لاپەڕەی ٢

◆ دریژەی سەروتار

## خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە خەونی جەمسەربەندیی جیهانیدا

... دەبینێ لەوە زیاتر ناتوانێ خەڵک فریو بدا و پشتیبان پێ ببەستێ، وەک هەر دیکتاتۆرێکی دیکە پەنا دەباتە بەر سەودا و سازان لەگەڵ لایەنێکی بەهێزی جیهانی کە ئێستا بۆ ئەو، چین و ڕووسییە لە پێشەنگیان‌دان و دروشمی نە شەرقی نە غەربی بە جۆرێک کە خۆیان و لاینگرانیانی پێ فریو بدەن، تەفسیر دەکەن. لە کاتێکدا وڵاتێکی گەورەی وەک چین کە ئێستاش لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستەوە و بە پێداگری لەسەر پاراستنی بناخە فکرییەکانی ئەو حیزبە بەڕێوە دەبرێ، ئێران گەورەترین ڕێککەوتننامەی ئەمنی و ئابووریی لەگەڵ واژۆ کردوە. ڕێککەوتننامەیەک کە بە ڕای زۆربەی شارەزایانی ئابووری کەمترین خێری بۆ خەڵکی ئێران دەگەڕێتەوە و تەنیا لایەنی پشتیوانیی سیاسیی چین بۆ ڕێبەرانی ئێران گرینگە هەتا لە تەریک‌مانەوەیان لە کۆمەڵگەی جیهانی بێنە دەرەوە. بەڵام ڕاوێژکارەکانی خامنەیی لە باس لەسەر شەرق تەنیا دێنە سەر باسی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ڕووسیە و دەڵێن کە، ئەم سیاسەتە دروشمی نە شەرقی نە غەربیی نیزام نابەنە ژێر پرسیار، چونکە ڕووسیەی ئێستا شۆڕەویی کۆمۆنیستیی جاران نییە. ئەمەش بەو مانایە دێ کە دژایەتیی ڕێبەرانی نیزام وەک ئیدیعایان دەکرد، لەگەڵ سەرمایەداری و بە وتەی ئەوان ئێستیکباری جیهانی نییە ڕووسیە با وڵاتێکی سەرمایەدارییش بێ، دەتوانی دۆستی ئەوان بێ!

ئەم بابەتە بەتایبەت لە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوادا، بە ناوی سیاسەتی ڕوانین بەرەو ڕۆژهەڵات (نگاە بە شرق) هەمیشە لە بیر و زەینی خامنەییدا بووە و تەبلیغاتی بۆ کراوە. بەڵام ئەوەی کە یارمەتیی دا هەتا بەئاشکرا بێتە گۆ و دڵخۆشیی خۆی لێ دەربخا، هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین بوو کە لەگەڵ بەرەنگاری و بەربەرەکانیی دەوڵەت و خەڵکی ئۆکراین ڕووبەڕوو بوو. بە دوای دەستپێکردنی ئەم شەڕە خامنەیی دەڵی کە "ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ئەم ڕۆژانە ئەو جۆرەی شکی بۆ دەچوو هەر ئەو سووڕانە مێژووییانەی جیهانن و دەبێ بەرپرسانمان بە ناسینی بەرە جیاوازەکان خۆیان ئامادە بکەن بۆ ڕۆڵگێڕان لە گۆڕانکارییەکاندا بە قازانجی بەرەی حەق" کە بەپێی پەیامە جۆراوجۆرەکانی کاربەدەستەکانی ڕێژیم ئەمە لە سەرکەوتنی ڕووسیەدا دەبیندرێ و ئاواتیشی بۆ دەخوازن. هەروەک لە مێدیا ڕەسمییەکانی ڕێژیمدا لێکدانەوەی بۆ دەکەن و دەڵێن "شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین وەک هەنگاوی بەکردەیی قۆناغێکی نوێیە لە نەزمی جیهانی. ئەگەر ئەم شەڕە بە سەرکەوتنی ڕووسیە کۆتایی بێ بە مانای دروست‌بوونی شێوەیەکی نوێ لە نەزمی جیهانییە".

ئێستا ڕوونە کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی ئەم نەزمە نوێیە لە دوو جەمسەری‌بوونی جیهاندا دەبینن و بە هیوان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بوونی ئەوان لە یەکێک لەم جەمسەرانەدا ببێتە نەوایەک بۆ حەسانەوەیان و خۆدەربازکردن لەژێر فشارە نێودەوڵەتییەکان. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەمێژە ئەو پێگە جیهانییەی لە دەست داوە کە زلهێزەکان وەکوو هاوبەش و شەریکەبەشی خۆیان چاوی لێ بکەن و جگە لە بەستراوەیی وماڵوێرانیی زیاتر هیچ بەرهەمێکی بۆ خەڵکی ئێران نابێ.

ئەزموونی دەیان وڵاتی جیهانی سێهەم لە سەردەمی جیهانی دوو جەمسەریدا ئەوەیان دەرخستوە کە بە خۆبەستنەوە بە جەمسەرەکانی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات دەبنە بەشێک لە کەرەسەی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی زلهێزەکان لە پێناو ستراتێژییەکانی ئەواندا. ئەگەر لە سەردەمی بوونی حکوومەتی شۆڕەویدا پشتیوانی شۆڕشی گەلانی بندەستی ئیمپریالیزمی ڕۆژاوایی بوون، ئێستا لە بوونی دوو جەمسەری سەرمایەداری دوای ئەو گۆڕانکاریی قووڵانەی سێ دەیەی ڕابردوو، چاوەڕوانی ئەوەشیان لێ ناکرێ. هەر بۆیە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی وڵات و پاراستنی سەربەخۆیی و هەنگاونان بەرەو ئیدارەی وڵات لە ڕێگەی سیستمێکی دێموکراتیک باشترین ڕێگەیە بۆ خۆدوورخستنەوە لە ساتوسەودا جیهانییەکان و بردنە سەری توانای کایەکردنە لە مەیدانی گۆڕانکارییەکاندا. بابەتێک کە ئاخوندەکان هەر لە سەرەتاوە لێیان نەزانیوە و خەڵکی ئێران بۆ گێڕانەوەی پێگەی وڵاتەکەیان بۆ ئەو ئاستە دەبێ کۆسپی سەر ڕێگەیان کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە لەسەر ڕێگەیان لاببەن.

---

### خالید عەزیزی:

# چاوەڕوانیمان لێتان هەیە کە زیاتر پشتیوانی جووڵانەوەی بەرحەقی کورد بن

### (پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئیمانۆوێل ماکرۆن سەرۆک‌کۆماری فەڕانسە)



**بەڕێز ماکرۆن، سەرۆک‌کۆماری وڵاتی فەڕانسە!**

بەبۆنەی سەرکەوتنی بەڕێزتان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک‌کۆماریی فەڕانسە و هەڵبژێرانەوەتان بۆ ئەو بەرپرسایەتییە، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەگەرمی پیرۆزبایتان لێ دەکەم.

پێوەندیی مێژوویی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەتایبەت دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەگەڵ ڕێبەران و سیاسەتمەدارانی هەڵکەوتووی فەڕانسە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی لە وڵاتەکەی ئێوە لەلای خەڵکی ئێمە دروست کردوە. هاوکات یارمەتییەکانی حکوومەتی فەڕانسە و کەسایەتییە دیارەکانی ئەم وڵاتە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران لە بواری جۆراوجۆردا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ئێران ئەو پێوەندییەی بەهێز کردوە و، لەگەڵ ئەوەشدا قورسایی فەڕانسە لە هاوکێشە نێودەوەتییەکاندا چاوەڕوانیی خەڵکی کورد لە ئێرانی لە ئێوە زیاتر کردوە. بۆیە هیوادارم بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پاشخانە لە پێوەندییەکان وەدەست‌هێنانی متمانەی دەنگدەران لەو هەڵبژاردنەدا هاندەر و پاڵپشتییەکی باش بێت بۆ بەڕێزتان لەپێناو پشتگیریی زیاتر لە جووڵانەوەی بەرحەق و دێموکراتیکی کورد لە ئێران.

**بەڕێز ماکرۆن!**

وڵاتانی فەڕانسە بە بێشکەی ئازادی، دێموکراسی، ڕێزدانان لە بنەماکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانی و نەهێشتنی هەڵاواردنەکان ناسراوە و ئەو بایەخانە لەو وڵاتەدا یاسامەند بووە. بەڵام ئێوەش دەزانن کە لە کوردستان و ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ماف و ئازادی و دێموکراسی جێگەی خۆی بە ئێعدام و ئەشکەنجە، کوشتن و تۆقاندن، بێ‌مافی و سەرکوتی ئازادییەکان داوە. بۆیە چاوەڕوانیی ئێمە لە بەڕێزتان ئەوەیە کە بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و؛ هەروەها دەستەبەرکردنی پشتیوانیی فەڕانسە لە دۆزی ڕەوا و مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ئێران، گوشاری زیاتر بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی.

جارێکی دیکەش بەبۆنەی هەڵبژێرانەوەتان بە سەرۆک‌کۆماری فەڕانسە پیرۆزباییتان پێ دەڵێم و سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٦ی ئاپریلی ٢٠٢٢**

---

# چارەنووسی مرۆڤ‌کوژەکەی کۆماری ئیسلامی


حەسەن حاتەمی

خاتوو "کریستینا لیندهۆف کارڵسۆن"، سەرگرووپی چوار کەسیی دادئەستێنەکانی دادگایی‌کردنی حەمید نووری (عەبباسی) دوای تەواوبوونی پرۆسەی دادگایی و وەرگرتنی شایەتحاڵەکان داوای زۆرترین سزا (زیندانی هەتاهەتایی) لە تۆماس ساندر، قازی و سەرۆکی دادگاکە و ٦ کەسی دیکەی ئەندامانی "هەیئەت مونسیفە"، بۆ ناوبراو کرد. بەدوای ئەوەدا مێدیاکانی سۆئێد سەبارەت کردەوەکانی حەمید نووری کە لە دادگادا تاوانی "جینایەتی شەڕ" و "بەشداری لە کۆمەڵکوژیی بەئەنقەست"ی زیندانییە سیاسییەکان لە گەوهەردەشتی کەرجی لەسەر ساغ ببۆوە، بە "مرۆڤکوژ"ەکەی کۆماری ئیسلامییان ناو برد.

حەمید نووری کە لە زینداندا بە حەمید عەبباسی خۆی ناساندبوو؛ لە شەممۆ ٩ی نۆڤیمبری ٢٠١٩ و لە کاتی سەفەر بۆ وڵاتی سوئێددا، بەحوکمی دادسەرا لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە، لە فرۆکەخانە دەسبەسەر کرا. ناوبراو بە پێی زانیاری و هاوکاریی سەرەتایی کوردێک (هێرش سادق ئەیووبی)، "زڕ زاوا"کەی و سکاڵای دوو زیندانیی پێشوو ( ئیرەج میسداقی و حەمید ئەشتەری) کە لە زیندووماوەکانی کارەساتی کۆمەڵکوژییەکەی ١٣٦٧ی هەتاوی بوون؛ بە پشتبەستن بە "بنچینەی سەلاحییەتی نێونەتەوەیی" گیرا. پاشان لەلایەن دادئەستێنە بوێرەکانی سوئێدی، لە چوارچێوەی سەربەخۆیی بەشی قەزایی لە وڵاتێکی دێمۆکراتیکدا و دوای نزیکەی ٩ مانگ کاری دادگایی، ١٠٠ ڕۆژ کارکردن لەسەر بەڵگەکان و ٨٨ دانیشتنی گشتی و ئازاددا، بەپێی کۆمەڵێکی بەڵگەی نووسراوەیی وەک: کتێب و وتار، بیرەوەریی نووسراوی ژمارەیەک لە زیندانییەکان، لێکۆڵینەوەی مەیدانیی ڕێکخراوە جیهانییەکانی پشتیوانی لە مافی مرۆڤ، بونیادی بروومەند، ڕێکخراوی عەداڵەت بۆ ئێران، قسەکانی سکاڵاکار و شایەتحاڵە بانگکراوەکان بۆ دادگا و بنەماڵەی کوژراوەکان، کارناسان و پسپۆڕانی شەڕ، مامۆستایانی زانستگە و دروونناسان و ... قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی حەمید نووری بەڕێوەچوو. خاڵی سەرنجڕاکێش و بەڵگەی هەرە گرینگی حاشاهەڵنەگر و مەحکەمە پەسند دژی درۆیەکانی حەمید نووری کە لە چوارچێوەی "تەقییەی مەزهەبی- سیاسی" بۆ خۆشاردنەوە، حاشاکردن، هاوکاری‌نەکردنی لەگەڵ پۆلیسی سوئێد و شاردنەوەی پێناسەی زیندان و ئاکار و کردەوە چەپەڵەکانی بۆ خۆدەربازکردن لە تیغی "عەداڵەت؛ موبیلە تایبەتییەکەی خۆی یا بەقەولێک "کانگا زێڕەکە" بوو.

لە تەلەفوونەکەی حەمید نووریدا ٧٢٩١ پێوەندی جۆراجۆری دەنگی، کورتەنامە -کە ١٥٠ دانەیان پاککرابوونەوە و تەنیا ناوەکانیان مابوون- و ناوی زۆربەی بەرپرسانی سەرووی دەزگای قەزایی و کاربەدەستانی زیندانی هەبوون. وەک: "ڕەئیسی، سەرکۆماری داندراوی خامنەیی، موحسینیی ئێژەیی، سەرۆکی ئێستای دەزگای قەزای، "قازی" محەممەد مەقیسە، کۆمەڵێک لە نیگابانە تایبەتییەکانیان (محافظان) و دەستوپێوەند و خزمەکانیان کە بەشی هەرە زۆریان لە کۆمەڵکوژیی زیندانیانی سیاسیدا بەشدار بوون. هەروەها دەنگی ژن و کچەکەشی لەبارەی پاککردنەوەی ئەو فایلانە بەشێک لەو هەمووە بەڵگانە بوون کە دژ بە ناوبراو بەکارهاتن.

**گرینگیی ئەم کەیسە لە چیدایە؟**

هەتا پێش گیرانی حەمید نووری، پێناسەی ئەو مۆرە بەڕواڵەت "پیاو چاک و خۆش لیباسە و باڵا شمشاڵی و دەوڵەمەندە"، واتە "ئەو مارە سڕە چەند سەرە" بۆ زڕزاواکەی، هێرش سادق ئەیووبی کە هەموو جارێ بە هاوکاریی ئەو سەفەری کردبوو، نەناسراو بوو. تا ئەو کاتەی سادق سەفەری تاران دەکا و لەگەڵ یەکێک لە چوار کچی ژنە "صیغە"ییەکەی نووری ژیانی هاوبەشی پێک دێنێ و ڕۆژێک؛ لە کاتی نانخواردن لە ڕێستووڕانێکدا، کاتی هەستان و چوونە دەرێی نووری، دەمانچەکەی دەبینێ کە لە لاکەلەکەی چەقاندوە! هەروەها، جارێک ژنە پێشووەکەی هێرش -کە منداڵێکی کچیشیان لێک هەیە- پێی دەڵێ ئەگە کەسێک لە خزم و ناسیارەکانت، لەسەر هەر تاوانێک بە کوشتن (ئێعدام) مەحکووم کرابێ، بابم بە پووڵ دەتوانێ حوکمەکە بگۆڕێ! تەنانەت دوای ئەوەش کە لە ساڵی ٢٠١٨دا کێشەی نێوان هێرش و هاوژینەکەی دەبێتە هۆی جیابوونەوەیان لە یەکتری؛ پێوەندییەکانی هێرش لەگەڵ نووری هەر بەردەوامە. بەڵام خزمێکی هێرش کە لە بەشی قەزایی کار دەکا، ئاگاداری دەکایەوە کە وشیاری خۆت بە ئەو "نووری"یە، مەترسیدارە! ئەو جار هێرش دەکەوێتە پێوشوێنی حەمید نووری و لە وتارێکی "ئیرەج میسداقی"دا، ناوەکەی دەبینێ. هێرش ئادرەسی میساقی دەبینێتەوە، نامەی بۆ دەنووسێ و دوای نامەکەی یەکتر دەبینن. بەمجۆرە ڕەخساری ڕاستەقینەکەی کۆنەخزمەکەی بۆ دەردەکەوێ. بەڵام، دوای گیران و پتر لە ٢ ساڵ بەندکرانی نووری و لێپێچینەوەکانی پولیس و نزیک ٩ مانگ کاری دادگادا، ئێستا نیزیکەی ١٠ هەزار لاپەڕە بەڵگە و زانیاری لەسەر کارنامەی حەمید نووری و ژمارەیەک لە هاوکارەکانی و جینایەتەکانی ڕێژیم لە سێ زیندانی ئێڤین، گەوهەردەشت و قزڵحەساردا لە بەردەستە.

هەموو دانیشتنەکانی دادگا بە دەنگ و ڕەنگ تۆمار کراون و ئەگەر ڕۆژێک ئیزنی بڵاوبوونەوەیان بدرێتێ، بیروڕای سوئێد و خەڵکانی جیهان ئەویش لە ڕێگەی میدیای کەم پێچوپەنا و ڕووندا، پتری لێی ئاگادار دەبن و دیوی شاراوەی دیمەنەکانیان کە لە هەر دوو کۆمەڵە لێپێچینەوەکان (پۆلیس ٣٥ دانیشتن و دادئەستێنەکان ٨٦ دانیشتن) دا پتر بۆ دەردەکەوێ. ئەوکات دەبینن جینایتکارەکانی ڕێژیم کە خوێنی زیندانیانی سیاسییان لە شووشە کردوە و "شەلم کوێرم کەس نابوێرم" و بە ناوی "بسم الله قاصم الجبارین" بەربوونەتە گیانی بەندییە سیاسییەکان کە حەمید نووری یەک لەوان بوو، چۆن لەو دادگایەدا کەسێکی دیکەی پێچەوانەی کەسایەتیی خۆی دەنوێنێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بەشی قەزایی سوئێد، بەشێوەی زۆر مرۆڤانە، بەبێ ئەشکەنجە و گوشار و تەنیا بە پشتبەستن بە بەڵگە و شایەتحاڵ و بە خەرجکردنی بەمیلیۆن کرۆنی سوئێدی کەیسی نووریی کردە هیوایەک بۆ دادپەروەری و مافئەستێنی.

وانەیەکی دیکەی گرینگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە سیستمی دێمۆکراتیکی سوئێد لەسەر "بنچینەی سەلاحییەتی نیونەتەوەیی" بەڵگەنامەی دوو کەس لە زیندانییە بەڕابردوویەکانی ئێرانی کە لەبەر زۆڵم و زۆری و توتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامی وڵاتیان جێ هێشتووە، بە هێند وەردەگرێ و ڕووداوی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان دەکاتە کەسێکی قانوونی و ڕێگە دەدا تۆمەتبارێکی ئەو کەیسە کە سەردانی وڵاتەکەیان دەکا دەسبەسەر بکرێ و لەو تاوانە بکۆڵێتەوە و هەتا دواوێستگە بە ئەنجامی بگەیەنێ.

**حەمید نووری و حوکمی دادگا**

ئەگە ئەو داوا پێشنیارییەی "توندترین سزا" کە لە وڵاتی سوئێد بەندکرانی هەتاهەتاییە، لەلایەن لێژنەی سەرۆکایەتیی دادگاوە پەسند بکرێ، ئەوە سەرکەوتنی گرینگی هەوڵێکی نزیک ٣ ساڵە دەبێ کە ناوی "بزووتنەوی دادخوازی"ی لەسەر داندراوە. هەروەها ئەو حوکمە سوکنایەک دەبەخشێتە دەروونی بنەماڵە و قوربانییانی کوشتاریی بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان و ڕزگاربووەکانی دیکەی ئەو ڕووداوە و ئەو پەیامەش دەدا کە تاوانبارەکان ناتوانن لە سۆنگەی تێپەڕینی کاتەوە لە سزای تاوان و کردەوە و ئەو جینایەتەی کردوویەتی دەربازی ببێت.

دادگایی‌کردنی حەمید نووری هاوکات دادگایی‌کردنی کۆماری ئیسلامییە و پەسندکردنی ئەو بڕیارە سزادانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشە و لەگەڵ مێژووسازی و لێکەوتە سیاسییەکانیدا ئەو هیوایە دروست دەکا کە ئەو تیمەی ئەوکات لە زیندانی گەوهەردەشت، ئەو کارەساتەیان خوڵقاندوە، بە "کوشتاری دەوڵەتی" حیسێب بکرێ و وەک: حوکمی دادگای موابێتی ئاڵمان لە کەیسی میکۆنۆسدا، جگە لە حەمید نووری (عەبباسی)، هەئیەتی مەرگی ئەوکات: حوسینعەلیی نەییری، ئیبراهیم ڕەئیسی، فەریدوون ئیشراقی و مستەفا پورمحەممەدی و بەرپرسانی زیندان ناسریان (محەممەد مەقیسە)، داود لەشکری و چەند کەسی دیکە کە سەرکوتکار و زیندانیکوژ بوون، بە تاوانبار بناسرێن و حوکمی گیرانی نێونەتەوییان بۆ دەربچێ.

**کورد لەو کەیسەدا**

حەمیدی نووری لە کاتی یەکەم بەرگریی لە خۆی لە جەلەسەی ٤٣دا، حاشای لەو کارەساتە گەورەیەی ساڵی ١٣٦٧ دەکرد و وەک "یووران یالمارشۆن"، یەکەمین پارێزەری ئەو پەروەندیە گوتی: ئەوجۆرە کەسانە "سیستمی حاشا"یان کردۆتە فەرهەنگی هەڵەی خۆیان و هەتا دەورانی زۆر پیری، وەک کوشتاری بەکۆمەڵی جوولەکەکان، دان بە ڕاستییەکان دانانێین. بەڵام سەبارەت بۆ کوردکوژی و بەشداری لە قەڵاچۆیەی کوردستان، حەمید نووری (عەبباسی)، زۆر ڕاشکاوانە و بە شانازییەوە گوتی: من لە ساڵی ١٣٥٩ هەتا ١٣٦١، لە "بەرەی شەڕی کوردستان" سەرباز بووم و ٤ مانگیش زیادی لەوێ مامەوە و لەسەر داوای "خەڵک"، هەموو دێموکراتەکان، کۆمەڵەکان و سپای ڕزگاریمان لەنێو بردن! ئەو لەنێو قسەکانی لەو بەشەدا ئەوەشی گوت کە برایەکیشی لە مەریوان کوژراوە.

کاتێک کێنێت لوئیس، یەکێک لە پارێزەرانی دادخوازەکان لێی پرسی "کە بۆچی لە کوردستان بووی و ئایا جیا لە دێموکرات و کۆمەڵەکان ئەندامانی موجاهیدینیشتان لەو شەڕانەی باست کردن، کوشتوە؟"؛ ئەو جارێکی دیکە بە شانازییەوە باسی لە بەشداریی خۆی لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردەوە و لەبارەی موجاهیدینی خەڵقیش گوتی: ئەوکات ئەوان خەباتی سیاسییان دەکرد.

لەو دادگایەدا خاتوو شادی سەدریش باسی ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی کرد کە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و لە گۆڕە بەکۆمەڵە نهێنییەکان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ژێر گڵ نراون. ئەو قسەیەی حەمید نووری (عەبباسی)، لەبارەی کوردکوژی لە کوردستان و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان دەنگدانەوەی زۆری هەبوو و کاریگەریی زۆری لەسەر بیروڕای گشتی دانا.

هەوڵی نوێ لەو پەروەندیەدا لە ڕۆژی سێ شەممۆ ٢٨ ی ئاوریلەوە دەستی پێ کردەوە.

بێگومان بزووتنەوەی سیاسیی کورد، حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکان دەتوانن دەسکەوتەکانی ئەو دادگایە بکەنە وانەیەکی گرینگ بۆ دادخوازیی و لادانی تەپوتۆزی بیرچوونەوە لە جینایەتە بێ‌ئەژمارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.

## خالید محەممەدزادە:

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم ڕووخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌دایە

**دیمانە: "کوردستان"**



***خالید محەمەدزادە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس دەڵێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێنێسانسێکی فرەڕەهەندیی نەتەوەیی لە ئارادایە کە پاراستن و گەشەسەندنی کولتووری و بەها کوردییەکان لە ئەولەوییەتەکانی ئەم وشیارییە نەتەوەییەیە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی پاراستنی ژینگە و پەرەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پاراستنی مافی هاووڵاتی بون و وشیاری نەتەوەیی لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم ڕێنێسانسەیە.***

***خالید محەمەدزادە هاوکات پێی‌وایە کە بەهۆی سیاسەتی برسی‌کردن، کارتێکردن و لاسایی‌کردنەوەی کولتووری فارسی و تۆپبارانی کوولتوری، کۆمەڵگەی کوردی لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە مەترسیی ڕووخانی لەسەرە. ئەو دەڵێ لۆمپەنیزمی کۆمەڵایەتی، داڕووخانی ئابووری و بێکاری بەشێک لە کاریگەری و لێکەوتەکانی تۆپبارانی کوولتوری و سیاسەتی برسی‌کردنە.***

***"کوردستان" بۆ تاوتوێی کۆمەڵە پرسێکی هەستیاری دیکەی کولتووری و کۆمەڵایەتی دیمانەیەکی کورتی لەگەڵ خالید محەممەدزادە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس پێک‌هێناوە:***

**کاک خالید بۆ چوونە نێو باسەکەمان ئەگەر وێنەیەک لە ئێستای ڕۆژهەڵات بە دەستەوە بدرێ، ئێوە چ وێنەیەک بە دەستەوە دەدەن؟**

کۆمەڵگەیەک لە لوتکەی وشیاریی نەتەوەیی و هەستکردن بە بەرپرسیارەتیی گشتی دەبینرێ کە سەرەڕای سەپاندنی سیاسەتی برسی‌کردن و فەزای پۆلیسی و بە پادگانی‌کردن، هەوڵی پاراستن و پەرەپێدانی ڕەهەندەکانی کوردبون و ئازادییە تاکەکەسی و کۆییەکانی دەدا. ئەمە وێنە گشتییەکەیە کە وای لە ڕۆژهەڵات کردوە تاکە تابلۆی پاراستنی بەها کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدا وینەیەکی مەدەنی و شارستانەتی تر لە کورد پێشانی جیهان بدا بەدەر لەو وێنە چەکدارییەی کە لە کورد پێشانی جیهان دەدرێ کە گوایە کورد تەنیا شەڕکەری چاکن و دەڵێن پارە و چەکیان پێ بدەی شەرت بۆ دەکەن!

**ئەدی دۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵات چ دۆخ و چ تابلۆیەکی هەیە؟**

دۆخە گشتییەکەی باسم کرد بەدەر نییە لە دۆخی سیاسی و خواستی سیاسی، چونکی لە دواجاردا ئەو ڕێنێسانسە نەتەوییە، هەڵگری خواستی سیاسییە، بەڵام کەرتی کاری حیزبی و چالاکیی سیاسی لە ڕۆژهەڵات، کەرتێکی وێرانە. بە داخەوە لەم کەرتەدا کەمترین جووڵە و چالاکی دەبینرێ، یا هەر نابینرێ. ئەمە لە گەڵ ئەوەی لە نێوخۆیدا لە دۆخێکی قەیراناویدا دەژی. خەسارەکانی خراپ سیاسەت‌کردن و نالێکیی لەگەڵ زۆر ویست و گۆڕانگاری خێرای کۆمەڵگە باڵی کێشاوە بە سەر فەزای سیاسی و حیزبی لە ڕۆژهەڵات کە ئەگەر کونترۆڵ نەکرێ زیان و خەسارەکانی لەسەر پرسی کورد زۆر دەبن.

**ئەگەر بەمجۆرە بێ کە جەنابت باسی دەکەی، پێت‌وایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و چالاکانی سیاسی بۆ دەرچون لەو دوخە دەبێ چی بکەن؟**

حیزب و چالاکانی سیاسی ئێمە تەنیا بە جەستە لە ڕۆژهەڵات دور نەکەوتوونەتەوە، بەڵکوو تا ڕادەیەک عەقڵییەتی سیاسی و فیکری سیاسییان لەلایەن حیزبی پارچەکانی دیکەوە بەبارمتە گیراون. ئێمە زۆرجار دەبینین کە ئەندامەکانیان بەبێ مز و باج لە فەزای مەجازیدا وەک ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکانی پارچەکانی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەمە بۆ حیزب و چالاکێکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کۆمەڵگەکەی لە بەردەم گورگ‌دایە مەترسیدارە.

**بۆ دەرچوون لەم دۆخە، دەبێ چی بکرێ؟**

حیزبی ڕۆژهەڵاتی و چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بە کولتووری ڕۆژهەڵاتی فورمات بکرێنەوە و تێبگەن کاری ئەوان بە پلەی یەکەم و پێش هەموو شتێک کارکردن لەسەر پرسەکانی ڕۆژهەڵاتە. حیزبی ڕۆژهەڵاتی و چالاکی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان پێویستە لە هەموو دۆخێکدا و بە هەموو توانایەوە لە خەمی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتدا بێ و ڕۆژهەڵات‌تەور بێت.

**ئەدی دۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەی ڕۆژهەڵات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

لە ڕاستیدا دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر سیاسەتی ستەمکاری و تۆپبارانی کولتووریی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین زیانی بەر کەوتووە. لە باری کۆمەڵایەتی و لەژێر کاریگەریی تۆپبارانی کولتووریدا، جۆرەها دیاردەی ناشیرین و نامۆ بە کومەڵگەی کوردیی ئێستاوە دەبینرێن وەک سەرهەڵدانی لومپەنیزمی کۆمەڵایەتی کە لە ئێران بە دیاردەی "ارازل و اوباش" ناسراوە. کێشە کۆمەڵایەتییەکان، تەلاق و مادەی هوشبەر، منداڵانی کار، جۆرەها پێوەندی و پێکەوەژیانی هاوردەکراو لە دەرەوەی نەریتەکانی کۆمەڵگە و چەندین کێشەی تر لە مەترسییەکانی سەر کەرتی کۆمەڵایەتیی کوردستانن. ئەمانە ئەگەر لێکەوتە و بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی حکوومەت لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردییە، بەڵام کۆمەڵگە و جووڵانەوەی سیاسیی کوردیش پێویستە بە هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا.

**بەڵام باسی دۆخە ئابوورییەکەت نەکرد**

لە باری ئابورییەوە سیاسەتی برسی‌کردن، نەبونی هەلی کار، هەڵاوسان، داڕووخانی ژێرخانە ئابورییەکان و نەبووژانەوەی کەرتی بازرگانی و کشتوکاڵی لە مەترسییەکانی داڕمانی کەرتی ئابووری کوردستانن. لەگەڵ ئەو بارە قورسەش حکوومەت بە دروست‌کردنی دەیان بەنداوی نازانستی ئاوی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان ڕادەگوازێت کە ئەمە لە دواجاردا ویشک‌کردنی سەرچاوە ئاوییەکانی لێ دەکەوێتەوە و لەو سۆنگەیەوە زیانێکی قورس هەم بەر ژینگە و هەم ئابووریی کوردستان دەکەوێ.

**ڕۆژهەڵات بە بەراوەرد لەگەڵ کۆمەڵگە ئێرانی و کوردییەکانی دیکە بە هەریمێکی کولتووری دەناسرێ و بەو پێناسە ناوی دەبرێ. دەرکەوتەکانی ئەم کولتووربوونە چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر کەرتی کۆمەڵایەتی هەیە؟**

ڕەنگدانەوەی گەورەی هەیە،بۆ نمونە لە کەرتی کۆمەڵایەتیدا سەرەڕای سەپاندنی سیاسەتی برسی‌کردنیش، بەڵام دیسان ئەوە کولتووره ڕەنگرێژی ئەخلاقی کۆمەڵگە دەکا و ڕێگە بە هەندێک دیاردەی دزێو نادا کە لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەردا هەیە.

بە شێوەی گشتی خەڵکی ڕۆژهەڵات، خەڵکێکی بەفەرهەنگ و بەئەدەبن، ئەمەش کاریگەریی ئەو کولتووره دەوڵەمەندەیە.

**ئەدی ئەم کولتووره چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایین داناوە؟**

کولتووری ڕۆژهەڵات کاریگەریی گەورەی لەسەر ئایینیش داناوە. وای‌کردوە کە دین و ئایین لە ڕۆژهەڵات، کوردیتر بێ و دابماڵدری لە کولتووری ئایینیی وڵاتانی دیکە. مزگەوتەکان لە باتی وەک زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە ببن بە شوێنی دەمارگرژیی ئاینیی و سرینەوەی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە، بوون بە ناوەندی کولتووری و کۆمەڵایەتی. ئەگەرچی هەوڵی دەستێوەردانی ئایینی و هەناردەکردنی وتاری توندی ئایینی بۆ ڕۆژهەڵاتیش دەبینرێ، بەڵام دین لە ڕۆژهەڵات لەژێر کاریگەریی کولتووری ڕۆژهەڵات کوردێندراوە و بە کۆمەڵایەتی، واتە خۆماڵی کراوە.

**یانی دەتەوێ جیاکارییەک بکەی لە پێگەی دین لە ڕۆژهەڵات لە چاو بەشەکانی دیکەی کوردستان؟**

ئەمن لام‌وایە وەک دین، خودی دین مەترسیی نییە بۆ سەر کۆمەڵگە، بەڵام دەبێ پێش بە هاوردەکردنی تەفسیری شەرئەنگیزانە و داعشی لە دین بۆ ڕۆژهەڵات بگیردرێ. گوتاری دینی لە وڵاتانی دراوسێ بە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشەوە، گوتارێکی توندوتیژی ئایینییە و، نابێ ڕێگە بە هاوردەکردنی گوتاری توندی ئایینی بدرێ بۆ ڕۆژهەڵات؛ چونکی دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کولتوور و پێکەوە ژیانیش لە ڕۆژهەڵات لەبار دەبا. ئەم فۆرمە لە ئایین کە لە ڕۆژهەڵات بارگاوی کراوە بە کولتووری ڕۆژهەڵات نەک زیانی نییە سودیشی هەیە، بەڵام بێگۆمان تەفسیری غەیرە ڕۆژهەڵاتی لە ئایین و لاسایی‌کردنەوەی ئایینی وڵاتی دیکە و لاسایی‌کردنەوەی گوتاری ئایینی پیاوانی ئایینیی وڵاتانی دیکە، دەکرێ زیانی زۆری هەبێ بۆ کۆمەڵگەی کوردی و خودی ئایینیش لە ڕۆژهەڵات.

**ئەی کاریگەریی کولتووری ڕۆژهەڵات لەسەر کەرتی حیزبی و سیاسی چونە؟**

لە کەرتی سیاسییش، بە شێوەی گشتی هەم کاریگەریی کولتوور دەبینرێ و، هەم کاریگەریی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەر سیاسەتی ڕەسمیی حیزبەکانەوە دیارە. بۆ نمونە هەر کاریگەریی کولتووری ڕۆژهەڵاتە وای‌کردوە حیزبی ڕۆژهەڵاتی بە بەراوەرد لەگەڵ حیزبی پارچەکانی دیکەی کوردستان، حیزبی توندوتیژی خستنەوە نەبن و شەڕی چەکداری، تاکە ڕێکاری بەردەم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان نەبێ و پرسی خاک و خەڵک بۆ ئەوان پرسێکی گرینگ بێت. بەڵام بە هۆی دورکەوتنەوەی خەڵکە حیزبی و سیاسییەکە لە ڕۆژهەڵات و تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەریی کاری حیزبی و سیاسیی پارچەکانی دیکە لەسەر ئەندام و لایەنگرانیان، زمانی ئاخاوتن و نووسینی بەشێک لە چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی لە دەرەوەی ڕۆژهەڵات، زمانێکی زبر و لە دەرەوەی کولتوور و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتە. ئەمەش ئەگەر پێشی پێ نەگیرێ و کاری لەپێناودا نەکرێ، چاوەڕوانی مەترسییەکی جیدیی لێ دەکرێ. خۆ هەر ئێستاش لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت لە فەیسبوک هەست بە سەرهەڵدانی ئەم جۆر ڕەفتار و قسەکردنە دەکرێ و دەبینی حیزب هەیە بەرگەی هیچ سەرنج و ڕەخنە و ڕایەکی جیاواز ناگرێ و بە پێوەری جاش و باش سەیری دەرەوەی خۆی دەکا.

**کاک خالید زۆر سپاس بۆ بەشداریت لەو کورتە دیمانەیەدا**

سپاس بۆ ئێوەش

## سمیناری دەروەستیی شۆڕشگێڕانە و دینامیزمی شۆڕش، بە خوێندنەوەیەک بۆ کردەی شۆڕشگێڕانەی شەهید سمایل شەریف‌زادە



یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی یەکشەممە ١١ی بانەمەڕ بەبۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد و ساڵڕۆژی شەهیدبوونی شەهید سمایل شەریف‌زادە، پێشەنگی خوێندکاری کورد، سمینارێکی بەبەشداریی یەکیەتیی خوێندکارانی هەردووڵای حیزبی دێموکرات بۆ د. هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی سۆران لە ژێر ناوی "دەروەستیی شۆڕشگێڕانە و دینامیزمی شۆڕش، بە خوێندنەوەیەک بۆ کردەی شۆڕشگێڕانەی شەهید سمایل شەریف‌زادە" بە بەشداریی دەیان کەس لە خوێندکاران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

لەو سمینارەدا سەرەتا پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکاری کورد لەلایەن سەرگوڵ شابازی، سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە پێشکەش کرا. ناوبراو لە بەشێک لە پەیامەکەیدا باسی لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی کرد کە چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێ درا و جووڵانەوەیەک هاتە ئاراوە کە گیانێکی نوێی خەباتگێڕانەی بە بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی. لە پەیامەکەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکاراندا هاتبوو کە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی، سەرەڕای کورتیی تەمەنی کە تەنیا ١٨ مانگی خایاند و، هەروەها و سنوورداربوونی جوگرافیاکەی، بە قوناخێکی گرینگ و شوێن‌دانەر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دێتە ئەژمار و لەگەڵ ئەوەی کە بەشی زۆری ڕیبەرانی ئەم جوڵانەوەیە گیانیان پێشکەشی خاک و خەڵی کوردستان کرد، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشە و ئیرادەی خەباتکارانی سیاسیی کورد بەردەوامە.

شابازی لەو پەیامەدا وێڕای دووپات‌کردنەوەی پەیمان و بەڵێن لەگەڵ یاد و بیرەوەریی کاک سمایل شەریف‌زادە، گوتی: بە چاوی هیوا و هومێدەوە دەڕوانینە خەبات و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان و هەر لەم بۆنەدا، سڵاو دەنێرین بۆ ئیرادەی پۆڵایینی مامۆستایان کورد لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆژانە یەکگرتووانە وێڕای داکۆکی لە مافە سینفییەکانی خۆیان، بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتیی نەتەوەکەشمان داکۆکیکار و لێبڕاون.

لە بڕگەیەکی تری سمینارەکەدا د. هەژار ڕەحیمی مامۆستای زانکۆ باسەکەی لە ژێر ناوی" دەروەستیی شۆڕشگێڕانە و دینامیزمی شۆڕش، خوێندنەوەیەک بۆ کردەی شۆڕشگێڕانەی شەهید سمایل شەریف زادە" پێشکەش کرد.

ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە چ هۆکارێک بزووتنەوەی کوردی تا ئەم کاتە هێناوە؟ یەکێک لەو فاکتەرانە تا ڕادەیەکی زۆر گەورەیی کەسایەتی‌گەلێکی مێژوویی وەکوو شەهید سمایلی شەریفزادە نیشان بدەین ئەوەیە تا ئەم چرکەیە کە باسی دەکەین بایەخ و کار و کردەوەکانی کاریگەرییان هەیە و دەبنە نرخ و بەها پەیدا دەکەن و لە بیرو زەینمان دا دەمێننەوە. سیمینارەکە بە تێبینی و پرسیار و بۆچوونی بەشداران کۆتایی پێ هات.



## بەڕێوەچوونی سمیناری "نەتەوەسازی" و "ڕۆژنامەنووسیی نهێنی"

بە بەشداریی شاندێکی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سمینارێکدا کە "ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کۆیە" و "سەنتەری مێترۆ" بە هاوبەشی و بەبۆنەی یادی ١٢٤ ساڵەی دەرچوونی "کوردستان"، ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە شاری کۆیە ڕێکیان خستبوو، لە دوو پانێلدا پرسی "نەتەوەسازی" لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا و هەروەها ڕەوتی "ڕۆژنامەنووسیی نهێنی" خرانە بەرباس.

لەو سمینارەدا کە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٣ی بانەمەڕ بەڕێوەچوو، سەرەتا د. حەیدەر لەشکەری باسێکی لەسەر کاریگەریی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کورد لە دروست‌کردنی ناسنامە و نەتەوەسازیی سەربەخۆ بۆ کورد لە بەرانبەر هێزەکانی نەیار و ئەویتردا پێشکێش کرد. لە پانێلی دووهەمیشدا ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی شاخ، یان ڕۆژنامەنووسیی نهێنیی کورد لەلایەن د. نەوزاد عەلی‌یەوە تیشکی خرایە سەر.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا ١٠ ڕۆژنامەنووسی بەڕابردوو کە بەشێک لەوان سەروو ٢٠ هەتا ٣٠ ساڵ ئەزموونی کار لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆریان هەبوو، لەلایەن ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کۆیەوە ڕێزیان لێ گیرا، کە هاوڕێ عەلی بداغی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکرات یەک لەوان بوو.



## ڕۆژڤێڵت:

# بزووتنەوەی قازی محەممەد ناسیۆنالیستی بوو



***ئاماژە: ئەو بابەتە لە کتێبی "ئارچی، سوێی فێربوون، بیرەوەرییەکانی ئەفسەرێکی ئیستیخبارات، وەشانخانەی ویدنفیڵد و نیکلسن، لەندەن، ساڵی ١٩٨٨ لاپەڕەی ٢٧٧ – ٢٨٢ وەرگێڕدراوە. کاک حەسەن قازی بەبۆنەی ١٢٢ ساڵەی لەدایکبوونی پێشەوا قازی محەممەد وەرگێرانی ئەو بەشە لە کتێبەکەی "ڕۆزڤێڵت"ی کە باسی سەردانەکەی بۆ کۆماری کوردستان و دیدار لەگەڵ پێشەوا دەکا، لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە سەر کوردی.***

***سەرنووسی بابەتەکە هەڵبژاردنی "کوردستان"ە و لە گێڕانەوەی ڕۆزڤێلت وەرگیراوە.***

"... شاری مەهاباد پڕ بوو لەو کوردانەی کە هەموو بە جلوبەرگی کوردییەوە لە هاتوچوودا بوون. ئێمەیان ڕێنوێنی کرد بۆ خانووی شارداری و لەوێ بە کاربەدەستە خۆجێیەکان ناسێندراین و پێیان ڕاگەیاندین بۆ بەیانی قازی محەممەد دەمانبینێ. لەوێ بۆ شیوخواردن داوەتیان کردین و بەڕێوەبەری تەبلیغات سەدیق حەیدەری میوانداریی لێ کردین. ئەو ئینسانێکی ڕووخۆش و تاقەئەندامی کابینەی [کورد] بوو کە دەیخواردەوە و ئەفسەرە هاوسەفەرەکەی منیش بە خۆشییەکی زۆر بۆ فرکردنی چەند پێک ڤۆدکا ڕەگەڵمان کەوت.

ڕۆژی دوایی سەر لە بەیانی بردیانین بۆ خانوویەک کە بەڕواڵەت لە لایەن سۆڤێتیەکانەوە دەکار کرا بوو وەکوو مەقەڕی سەرکردایەتی، ڕەنگە بۆ ئەرتەشی تازە دامەزراوی مەهاباد. دیوارەکانی ئەو بینایە پڕ بوو لە تەبلیغاتی سۆڤیەتی و وێنەی ڕێبەرانی سۆڤیەت. کاتێک چووینە نێو دەفتەری قازی محەممەد، ئەو لە دەوری مێزەکەی دانیشتبوو و نەخشەیەکی گەورەی کوردستانی گەورەی بە تەنیشتەوە هەڵواسرا بوو. قازی محەممەد پیاوێکی کورتەباڵایە، و وەک کەسێکی جێکەوتوو وەبەرچاوم هات. باڵتۆیەکی کۆنی سەربازیی ئێرانی دەبەر دابوو، ڕیشێکی تەنک دەموچاوی بزرکاو و زاهیدانەی ئەوی داگرتبوو. ئەو پاشان پێی گوتین نەخۆشیی زۆر جیدی مەعیدەی هەیە و جگە لە ماست بە هەڵکەوت شتێکی تر دەخوا.

پاش ئەوەی خۆمان ناساند و مەبەستی سەفەرەکەمان بۆ باس کرد، پارچە کاغەزێکی هەڵگرت و قسەکانی لە پێشدا ئامادەکراوی بە فارسی خوێندەوە. وشەکانی تەواو ڕوون و دەنگی ئارام بوو. لە کاتی خوێندنەوەدا جاروبار بە چاوە سێحراوییەکانی سەیری دەکردین. لە قسەکانیدا بەکورتی باسی ئەو زۆرداریـیەی کرد کە لە کوردەکان کراوە، ئاواتە نەتەوەییەکانیان وهەروەها پێویستیی ئەوەی کە خەڵکی لایەنگری ئازادی -بەتایبەتی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا- یارمەتییان بدەن بۆ وەدەستخستنی ئازادی و مافە ئینسانییەکانیان لەسەر بنەمای ئەو پرێنسیپانەی کە بۆ پاراستنیان شەڕی دووهەمی جیهانی کرا.

من لە وڵام دا گوتم: "دەوڵەتە یەکگرتووەکان هەمیشە لایەنگری ئازادی و کەڵکوەرگرتنی گشت گەلان لە مافی مرۆڤ بووە. ئێمە هیواداریـن ڕۆژێک تەواوی خەڵکی دنیا بەو ئاواتەی خۆیان بگەن. ئێمە هاتووینە کوردستان تا لە وەزعی کوردەکان بکۆڵینەوە و ڕاپۆرتی خۆمان بدەینەوە بە حکوومەتەکەمان. هیوادارین وەزعی کوردەکان باش بێ و کوردەکان جۆرێک لە دیکتاتۆری بە جۆرێکی دیکەی دیکتاتۆری نەگۆڕنەوە."

قازیی محەممەد گوتی: "تەواوی ئەو خەڵکەی لەو بەشانەی وڵات دەژین کە لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی من دان ئازادن بۆ ئەوەی چ دەڵێن و چ دەنووسن. من لە وڵامدا گوتم: "خۆم بە چاو ئەوەم دیوە کە وایە. لە کاتێکدا لە ئازەربایجانی دێمۆکراتدا خەڵک دەتوانن تەنیا گوێ لە ڕادیۆی تەورێز و مۆسکۆ بگرن، ئەمن دوێنێ شەو لە شەقامەکانی ئێرە گوێم لە دەنگی ڕادیۆی لەندەن و ئانکارا بوو."

قازیی محەممەد کە دیار بوو ئەو قسەی منی پێ خۆش بوو گوتی وەزعی تەورێز لەگەڵ مەهاباد بەتەواوی جیاوازە. شادیی وی نەما کاتێک باسی ئەو گیروگرفتەم بۆ کرد کە هاتبووە سەر ڕێم لە سەرسنوورەکەی، هەروەها ئەوەش کە گوتم لەوە سەرم سوڕ دەمێنێ کە دەبینم مەقەڕی سەرکردایەتی وی بە پۆستێری تەبلیغاتیی سۆڤیەتی داپۆشراوە. قازی گوتی: "کوردەکان ناچارن هەر کەس یارمەتییان پێ بکا لێی وەربگرن، بەڵام ژێردەستەیی هیچ کەس قبووڵ ناکەن.... ئێمە سکاڵایەکمان دا بە سێ دەوڵەتی زلی بەشدار لە کۆنفرانسی ئوڕووپایی (کۆنفرانسی پۆتسدام) بۆ ئەوەی ئاوڕێک وە نارەزایەتییەکانی کوردەکان بدەنەوە. بەڵام بریتانیا و ئەمریکا گوێیان نەداوینێ". قازی بە ئاماژە بە مەنشووری ئاتلانتیک گوتی: کوردەکان هەموو هیوادار بوون دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا –پێشوەچووترین دەوڵەتی سەر زەوی– بۆ سەرکەوتن بە سەر دواکەوتوویـیدا یارمەتییان بدا: "ئەگەر ئەمریکا لەجیاتی ناردنی سی هەزار سەرباز بۆ ئێران تەنیا سەد مامۆستای بۆ ئەم وڵاتە ناردبایە چ دەبوو؟ بەڵام ئێوە لەجیاتی یارمەتیی ئێمە بدەن، یارمەتیی دوژمنەکانی ئێمە –وەک تورکەکان– دەدەن، ئەوەش بە ڕێگای دانی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتکردنمان."

پاشان بۆ سەرکۆنەی بریتانیاییەکان وتارێکی دا و کردەوە جیاوازەکانی ئەوانی بۆ سەرکوتکردنی کورد لە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو دا ئەژمارد و بە ئاماژە بە شکانی مەلا مستەفا کۆتایی پێ هێنا .لە سەرێکی دیکەوە لە سەر فەڕانسەییەکان بیروڕای باش بوو کە لە سووریە "یارمەتیی کوردەکان"یان دابوو. ئێمە دوایە بیستمان "ناپلیۆن ژاکل "، هەواڵنێرێکی "فرانس پرێس" کە کەسێکی مەیلەو چەپ بوو لەو دواییانەدا سەفەرێکی مەهابادی کردبوو و بە دوای ئەوەدا زنجیرەیەک وتاری دۆستانەی لەسەر کوردەکان لە چاپەمەنیی فەڕانسەدا بڵاو کردبۆوە.

قازیی محەممەد پاشان لەبارەی تێکۆشانی ناسیۆنالیستی لە وڵاتانی دراوسێدا قسەی کرد و نامەیەکی تایپکراوی پێشان داین کە خوێندکارانی کوردی زانکۆکانی ئەستەمبوڵ نووسیبوویان لەسەر پارچەیەکی سپی و دیار بوو ئەو تەتەرەی هێنابووی دە جلوبەرگەکانیدا شاردبوویەوە. دوایە ئەو بە دوور و درێژی باسی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ کردین لە عێراق.

بەڵام کاتێک باسی مەلا مستەفام لێ پرسی کە وا بڵاو ببوەوە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ عێراق ئەو وڵامێکی وای نەداوە. لەمەڕ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی عێراق شتێکی گوت و لێی زیاد کرد کە هەڵبەت مەلا مستەفا ئازادە هەر کاتێک بیەوێ بچێتەوە عێراق. کە داوام کرد چاوم بە مەلا مستەفا یان لانی کەم ئەو ئەفسەرە عێراقییانەی لەگەڵی هاتوون بکەوێ چ وڵامی نەدایەوە.

قازیی محەممەد لە پاشان لەبارەی وتوویژی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و پێشنیاری پێکهێنانی ئوستانێکی گەورەی کوردستان قسەی کرد. ئەو ئیدیعای دەکرد ئەو پێشنیارە لەلایەن حکوومەتی ناوەندی خۆی کراوە: "ئەو بڕیارە دوای گفتوگۆ لەگەڵ من و دوکتور جاوید دراوە". ئەو گوتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان هێشتا بڕیاری نەداوە کە داخودا پێشنیاری سەرۆکوەزیر قەوام لەبارەی چوونە نێو حیزبی تازەدامەزراوی دێموکراتی ئێران قەبووڵ دەکا یان نا؟ ئەو هەروەها ئاماژەی بۆ ئەو گیروگرفتە کرد کە عەشیرەتە موخالیفەکان بۆیان سازکردوە و قسەکانی بە دەربڕینی گشتی لەمەڕ سەرکوتکردنی کوردەکان لە لایەن ڕەزا شاوە کۆتایی پێ هێنا کە "چۆن زمانی ئێمەی بڕیبوو" واتە ئیزنی نەدەدا زمانی کوردی بە ئازادی دەکار بکرێ.

قازی گوتی: "کوردەکان داوای شتێکی سەیر و سەمەرە ناکەن، ئەوان تەنیا ئەو ماف و ئازادییە سروشتییانەیان دەوێ کە هەموو ئادەمیزادان هەیانە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ بارودۆخی کورد لە بەرچاو بگرێ، و ئەگەر ئێستا هەڵنەسووڕێ دەستبەجێ کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ ساز بکرێ، بە لانیکەمەوە ئەو دەستگایە دەتوانێ ئەو دەوڵەتانەی کە کەمایەتیی کوردیان تێدا دەژی ناچار بکا ناوچەی ئۆتۆنۆمییان بۆ پێک بێنن دە چوارچێوەی سنوورەکانیان دا."

دوای دیدار و وتوویژ لەگەڵ قازی، چووینە گەڕانی نێو شار. دەرفەتێکی زۆرمان بۆ هەڵنەکەوت بۆ قسەکردن لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک، چونکە تەواوی ئەو ماوەی کە لە مەهاباد بووین لانیکەم یەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانمان لەگەڵ بوو، و جگە لەو ئاڵقە بچووکە بە کەسی دیکە نەناسێندراین .بەڵام شۆفێرە ئەرمەنییەکەمان بە کەیفی خۆی بە شاردا گەڕابوو و گوتی لە سەرەتاوە خەڵک وایان زانیوە ئێمە ڕووسین و پرسیبوویان ڕووسەکان بۆچی گەڕاونەتەوە. کە زانیبوویان ئێمە ئەمریکایین کەیفخۆش ببوون و ویستبوویان ئەمریکاییەکان کورد بناسن، هەرچەند هێندێکیان لەمەڕ ئامانجی دیداری ئەو ئەفسەرە ئەمریکاییانە دڕدۆنگ بوون. بەگشتی خەڵک لە قازیی محەممەد ڕازی بوون و دەیانگوت حکوومەتەکەی ئەو لەچاو حکوومەتی ڕەزا شا باشبوونێکی گەورەیە، تەنیا سەبارەت بە مانەوەی نیگەران بوون.

من لە ڕاپۆرتەکەمدا بیروڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیم کورت کردبۆوە کە لە مانەوەی کورتمان لە مەهاباد هێنایانە گۆڕێ. ئەوان شوکرانەبژێری سۆڤیەت بوون کە دەرەتانی سەربەخۆیی بۆ پێک هێناون، بەڵام پێداگرییان کرد سۆڤیەت دەست لە کاروباری حکوومەتەکەیان وەر نادا و هێچ کاربەدەستێکی سۆڤیەت لە شارەکەیان نییە. (زۆربەیان وێنەدەچوو هۆگرییان هەبێ بەرەو کۆمۆنیزم ، و وا وێدەچوو ئەشرافییەتی کەونارا هێشتا جڵەوی بە دەست بێ). ئەوان خۆیان لە بارودۆخی شۆڕشدا دەبینی –بەڵام شۆڕشێکی ناسیۆنالیستی– دەیانگوت: هیوادارن حکوومەتەکەیان ئەوەندە پەرە بستێنێ کە هەموو ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بگرێتەوە. ئەوە بریتی دەبێ لە ناوچەی خوارووی ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی ئێران. تەنانەت مەڵبەندە عەشیرەتییەکانی زێدی لور و بەختیارییەکانیش کە خۆیان بە کورد نازانن. بەرەو باکوور ئەو بەشە لە ئازەربایجان وەبەر دەکەوێ کە کەوتووەتە خواروو و ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورمیە تا دەگاتە سنووری سۆڤییەت. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بێزاریی هەرە قووڵیان دەربڕی لە ئاست ئەرتەشی ئێران، وێدەچوو ئەوان زۆر نیگەران بن لە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی ئێرانی بە لای باشوورەوە. بە لانیکەمەوە یەکێکیان ڕایگەیاند کە حکوومەتی ناوەندی خەریکی هاندانی هێندێک لە عەشیرەتە کوردەکانە.

سەرلەبەیانیی زوو، ١٦ی سێپتامبر، چووینە سەردانی چاپخانەی مەهاباد کە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی "کوردستان" و هێندێک گۆڤاری کەم تیراژی بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە.

زمانی کوردی بەکورتی دوو زاراوەیە. یەکەمیان لەهجەی زازایە، کە کوردەکانی سووریە و تورکیە و ناوچەکانی سەرووی عێراق و خێڵی هەرکی و شکاک و کوردەکانی لای سەرووتر لە ئێران قسەی پێ دەکەن.[دیارە مەبەستی ڕۆزڤێلت کورمانجییە. ح.ق] بەدرخانییەکان شێوە نووسینێکیان بۆ ئەو دیالێکتە لەسەر بنەمای ئەلفووبێی ڕۆمی داهێنا کە لە سووریە دەکار دەکرێ. لەهجەکەی دیکە کە زۆربەی کوردەکانی عێراق و ئێران قسەی پێ دەکەن و فەرقێکی گەورەی لەگەڵ لەهجەی یەکەم هەیە، کورمانجی [مەبەست سۆرانی. ح. ق] یە. ئەمە بە ئەلفوبێیەکی هەموارکراوی عەرەبی چاپ دەکرێ، کە لە نووسیندا ڤاڤێلەکان دەکار دەکرێن و ئەو زمانەیە کە لەو کتێب و چاپەمەنییانەدا بەکار دەهێندرێ کە لە مەهاباد و بەغدا و سلێمانی چاپ دەبن . مودیر چاپخانەکەی نیشان داین کە چەرخییە و لە ڕووسیە ساز کراوە. هەرچەند هێندێک لە پارچەکانی ئەڵمانی و چێکی بوون. هەموو ژمارەکانی "کوردستان"یان داینێ لە سەرەتای دەرچوونیەوە و، چەند گۆڤار و چەند نامیلکەی شێعر و ئێمە ئەوانەمان نارد بۆ بەڕێوەبەری دەستگای ئیستیخبارات. هێندێک لە نوسخەی ئەو ڕۆژنامانەشم داوە بە کتێبخانەی کوردی لە شاری نیۆیۆرک.

هەر ئەوەی کە کوردەکان زانییان هەر هەمان ڕۆژ دەمانەوێ مەهاباد بەجێ بهێڵین، پێیان ڕاگەیاندین قازیی محەممەد بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتنی کردووین. ناچار بووین سەفەرەکەمان بۆ دوای نیوەڕۆ وەدوا بخەین. نیزیک نیوەڕۆ ئێمە دووبارە لە دەفتەرەکەیدا لەگەڵ قازی کۆ بووینەوە. ئەمجارە قسەکانمان زیاتر لەسەر بابەتی کولتووری بوو. قازی گوتی: "پێم خۆش بوو ئێوە نوسخەی بڵاوکراوەکانی ئێمە وەربگرن چونکە دەمەوێ دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەبارەی کوردستانەوە هەموو شت بزانێ... من هیچم نییە بیشارمەوە...". ئەمن گوتم "ئەدی بۆچی مودیری تەبلیغات ئاخرین ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی لێ وەرگرتینەوە؟ "قازی نوسخەیەکی لەو ژمارەیە هەڵگرت و سەرخەتێکی نیشان دام کە ئاماژەی دەکرد بە ئەنجومەنی ئەیالەتیی کورد، واتە شوڕای ئوستانیی کوردی. گوتی: "ئەمە هەڵەیەکە کە زۆری تووڕە کردووم. کوا هیچ ئوستانێکی کوردی نییە و، ئێمە بەشێکین لە ئازەربایجان و من نامەوێ ئەم نوسخانەی ئەم هەڵەیان تێدایە بڵاو ببنەوە."

ئەمە بە تەواوی نیشاندەری سیاسەتی وی بوو. ناسناوی تەنیا پێشەوا بوو بە مانای ڕێبەر و ناوی سەرۆکی وەزارەتخانەکانی ڕەئیس بوو، نەک وەزیر کە مانای مینیستر دەگەیەنێ.

وەک لە دیتنەکان دەرکەوت ئەو هێشتا خۆی بە کاربەدەستێکی ئێرانی دەزانی و ئامانجی دەستبەجێی وەدەستهێنانی خودموختاری بوو لەنێو سنوورەکانی ئێراندا. ئەو دایگرتەوە کە کورد و فارس گەلی خزمن و باسی ڕەچەڵەکی کوردەکانی بۆ کردین، کە بەپێی قسەی وی لە مادەکان کەوتوونەتەوە.

لەگەڵ قازی و ئەندامانی کۆمیتەکەی نانی نیوەڕۆمان خوارد و وەک ئیمتیازێک ڤۆدکایەکی تایبەتیی توندیش ئامادە کرابوو. تەنیا یەک یان دوو کەس لە خانەخوێیەکانمان خواردیانەوە. دواجار نیزیکەی سەعاتی سێ و نیوی دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کوردێکی بەخۆوەی خەڵکی مەهاباد وەڕێ کەوتین کە شارەزامان بوو، و پاش تێپەڕبوون لە جادەیەکی شاخاوی گەیشتینە بۆکان.

هەوا بە تەواوی تاریک داهاتبوو کاتێک گەیشتینە سنووری جەبهە. لەپڕ شارەزاکەمان هاواری کرد، ڕاوەستن! سێ بارزانی لە کاتێکدا لوولە تفەنگیان لێ ئێمە کردبوو هاتنە پێش و بردیانین بۆ لای ئەمیرخانی فەرماندەکەیان کە بارزانییەکی وێچوو بوو. ئەمیرخان لە سەرەتاوە گوتی: ئیجازەی نووسراوتان لەلایەن پێشەواوە پێ نییە، ناتوانم ڕێگاتان بدەم. بەڵام پاشان فەرقێکی بۆ ئێمە دانا و بە بزە و دەستگوشینێکی دۆستانە بەڕێی کردین. چەند میل لەولاتر ڕێبەندانێکی دیکەمان هاتە پێش. دوای ماوەیەک هۆرنی ماشێنەکەمان وەدەنگ خست، سەروپۆتراکی دوو سەربازی ئێرانی کە لە تەپەکەوە دەهاتنە خوارێ دەرکەوت. یەکیان کاغەز و قەڵەمێکی بە دەستەوە بوو. ناوی ئێمەیان نووسی و ژمارەی تفەنگەکانیان پرسی و ئێمەش چوار ژمارەی ساختەمان پێگوتن. بەڵام ئەوان نەیانتوانی ژمارەی تفەنگی شارەزا کوردەکەمان بنووسن چونکە کووژێندرابۆوە. هەر کە وەڕێ کەوتینەوە دیتم شارەزاکەمان قاقا پێدەکەنێ و سەری ڕادەوەشێنێ. جیاوازیی نێوان تەپبوون و بوروکراتبوونی ئێرانییەکان و وشیاری و بەبڕیاری بارزانییەکان جوان دیار بوو.

شەو لە سەقز لەگەڵ ژەنەڕاڵ هومایوونی ڕامانبوارد. تامەزرۆ بوو بیروڕای ڕێبەران لە مەهاباد سەبارەت بە عەشیرەتەکانی دژی قازی محەممەد بزانێ. ئەو گوتی عەشیرەتەکانی مامەش و مەنگوڕ و چەند نوێنەری گەورکان ڕۆژی پێشتر هاتوونە لای و داوای چەک و یارمەتیان لێ کردووە.

لە کۆتایی سەردانەکەمدا، بەو قەناعەتە گەیشتم کە قازی محەممەد بە یارمەتیی ڕووسەکان توانیویەتی بەکردەوە کۆمارێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ. ئەگەرچی قازی بە چاوی باشترین دۆست سەیری ڕووسەکانی دەکرد، بەڵام ڕووسەکان بەئاشکرا دەستیان لە کاروباری نێوخۆیی کوردستان وەرنەدەدا. بزووتنەوەی قازی محەممەد ناسیۆنالیستی بوو، نەک کۆمۆنیستی. بەشێکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی دیکەش پەسندیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، عەشیرەتە گرینگەکان لە کوردستانی ئێران یا دژی بوون و یا لە ئاست قازی محەممەد بێ تەفاوەت بوون .

# ڕێککەوتنێکی لاوازی بایدن دەگەڵ ئێران، یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بە ڕووسیەیە

نەیشناڵ ڕیڤیو – کارین حەجبار



و: کەماڵ حەسەنپوور

بێتوو ڕێککەوتنی ئێران واژۆ بکرێ، بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوە بەرچاو بنکۆڵ دەکرێ، چونکە ڕێگا بۆ چالاکییە شێوێنەرەکانی تاران ئاواڵا دەبێ. بێجگە لە پێکهاتن لەسەر سنووربەندییەکی لاواز بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران، ڕێککەوتنەکە لێشاوی چەند میلیاردی دراو بۆ ئێران و بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی مومکین دەکا و ئەگەری هێنانەدەری سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان، لە کاتێکدا کە ئەندامەکانی بە شێوەی چالاک هەوڵ دەدەن کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان تێرۆر بکەن، ئەو ڕێکخراوەیە بەهێز دەکات. بەڵام ڕێککەوتنەکە تەنیا نابێتە هۆی بەهێزترکردنی ئێران، بەڵکوو زەختی ئەمریکا بۆ سەر ڕووسیەش لاواز دەکات.

مۆسکۆ هەموو جۆرە سوودی لە ئێرانێکی ناوکی پێ دەگات، لەناویاندا قازانجی ئابووری و سەربازی کە دەبنە هۆی پشتگیری لە هەوڵەکانی پوتین لە ئۆکراین.

تێوەگلانی ڕووسیە لە وتووێژەکانی ڤییەن لە سەرەتاوە گیروگرفت بووە. دیمەنەکانی بەتەنیا، مرۆڤ نیگەران دەکەن. لە کاتێکدا کە پوتین خەریکی تاوانی جەنگە و سەربەخۆیی ئۆکراین پێشێل دەکات، وڵاتە یەکگرتووەکان بە وتووێژ دەگەڵ دیپلۆماتەکانی کرێملین خەریکی ڕێککەوتن دەگەڵ تارانە.

لە سەرەتاوە، ڕووسەکان لەلایەن ئێرانییەکانەوە وتووێژیان کردوە و شەرمیشیان لێی نەکردوە. دانوستانکاری سەرەکیی ڕووسیە، میخایل ئولیانۆڤ، ستایشی هەوڵە هاوبەشەکانی دەگەڵ ئێران و چین لە ماوەی وتووێژەکاندا دەکات و دەڵێ، "ئێمە توانیمان بەیەکەوە ئاکامی ئەرێنی مسۆگەر بکەین." ئەو گوتی مەلاکانی ئێران "بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان وەک شێر دەجەنگێن" و وڵاتەکە لە وتووێژەکاندا "زۆر لەوەی چاوەڕوانی دەکرد، دەستکەوتی وەدەست هێنا." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە "دۆستە چینییەکانی بە هەمان شێوە وەک هاودانوستانکار کاریگەر و بەکەڵک بوون. ئێمە دەمانتوانی پشت بە یەکتر ببەستین ... و لە زۆر خاڵدا، بە هۆی هەوڵی هاوبەش، سەرکەوتوو بووین."

هەروەها باڵوێزی ڕووسیە لە ئێران، لێڤان جاگاریان، شانازیی بەوە دەکرد کە نوێنەرانی ئێرانی لە ڤییەن "بەردەوام سوپاسی ئێمەیان دەکرد." بەتایبەتی نوێنەری ئێمە، ئولیانۆڤ، یارمەتیی زۆر دەکات و ئێمە پێوەندی نزیکمان دەگەڵ دۆستە ئێرانییەکانمان هەیە. ئەو گوتی، "ئێمە ... دەمانهەوێ یارمەتییان بکەین."

ئەوە بەئاشکرا لە بەرژەوەندیی ئابووری، ستراتێژیک و سەربازیی ڕووسیەدایە کە ئێران بگاتە ڕێککەوتنێکی بەسوود. بێهنام بین تالیبلو، هاوکارێکی پلەبەرزی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، لە وتووێژێکدا دەگەڵ نەیشنال ڕیڤیودا گوتی، "سێ هۆ شی دەکەنەوە کە بۆچی ڕووسیە ڕێککەوتنێکی خراپی دەگەڵ ئێران دەوێ." ئەو گوتی لەنێو ئەو هۆیانەدا "سووککردنی زەختی ئابووریی پێوەندیدار بە ئۆکراینەوە و پووچەڵکردنەوەی ئابلۆقەکان، فرۆشتنی چەکوچۆڵ و پەرەپێدانی هاوکاریی ناوکی و فرۆشتن."



لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، ڕووسیە دەسکەوتی مەزنی لە بڕیارەکانی ڕێککەوتنی لاوازی بایدن دەست دەکەون. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بلومبەری، وەزارەتی کاروباری دەرەوە "بەشداریی ڕووسیە لە پرۆژە ناوکییەکانی" دەگەڵ ئێران ناخاتە لیستەی ئابلۆقەکانەوە، لە ناویاندا هەناردەکردنی بەشە زیادییەکەی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی تاران و گۆڕینی دامەزراوەکانی پیتاندن بۆ دامەزراوەی سووتەمەنیی مەدەنی.

بێتوو ئێرانییەکان بگەنە ڕێککەوتن، دەسکەوتەکەیان هەڵگیرانی ئابلۆقە، بایی ١٣٠ میلیارد دۆلار دەبێ، کە پێوەندیی ئابووری ئەوان دەگەڵ ڕووسیە دەبووژێنێتەوە. بەکردەوە، ئەو پێوەندییە هەر ئێستا خەریکی گەشەکردنە. لە سەرەتای ئاپریل فری بیکن ڕایگەیاند کە ئەو دوو وڵاتە کۆنفرانسێکی بازرگانییان بەڕێوە برد "تا هەوڵەکانیان بۆ خۆبواردن لە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چڕ بکەنەوە." خانەخوێی کۆنفرانسەکە مۆسکۆ بوو و لەوێدا ٧٠ ناوەندی پیشەسازیی ئێرانی و ٣٠٠ ناوەندی ڕووسیەیی بەشدار بوون. سیاسەتوانێکی ئێرانی گوتی کە وڵاتەکان چاوەڕوانی "گەشەی بەرچاو لە پێوەندییە دووقۆڵیەکانیانن." کاتەکەی بە هەڵکەوت نییە. وەک بیکن ئاماژەی پێ کرد، پێوەندیی بازرگانی ئەو دوو وڵاتە دەگەڵ خۆئامادەکردنی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ "لابردنی ئابلۆقە" لەسەر ئێران، پەرە دەستێنێ، کە دەبێتە هۆی "ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مۆسکۆ تا لە ئێران وەک ئامرازێک بۆ سووککردنی زەختی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرێ."

مارک دوبۆویتز و ماتیو زویب، لە واڵستریت ژورناڵدا نووسیان کە ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە لە کاتێکدا پوتین بەرەوڕووی کەڵەکەبوونی ئابلۆقان بۆ سەر خۆی دەبێتەوە، ئێران تەکنیکەکانی دەربازکردنی سیستەمە داراییە نایاسایییە چەند میلیار دۆلارییەکەی لە ئابلۆقە فێری ڕووسیە بکات:

تاران دەتوانێ فێری موسکۆ بکات چۆن ئەو دامەزراوە داراییە نایاسایییە کۆپی بکات، یان ڕێژیمی مەلایان دەتوانێ ببێتە دەڵاڵی مۆسکۆ و بەشێک لە داهاتی ئەو بازرگانییە نهێنییەی کە لە جیات ڕووسیە بەڕێوەی دەبات بۆخۆی هەڵگرێ. تێکەڵاویی پسپۆڕی ڕووسیەیی و ئێرانی لە چالاکیی نایاسایی دارایی، دەتوانێ ببێتە هۆی پێکهاتنی پێشکەوتووترین ڕایەڵەی پەرەئەستێنی خۆبواردن لە ئابلۆقە. بێتوو ئابلۆقەکانی خۆراوا کاریگەریی خۆیان لەکیس بدەن، زەختی سەر مۆسکۆ بۆ کۆتاییهێنان بە داگیرکردنی ئۆکراین و هەڕەشەی دیکەش لەنێو دەچێ.

لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە، ئەو ڕێککەوتنە ڕێگا بۆ بازرگانییەکی پڕ سوودی چەکوچۆڵ لەنێوان تاران و مۆسکۆدا دەکاتەوە. پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە کاتێک ئابلۆقەی دەساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠ کۆتایی هات، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەستبەجێ ئابلۆقەیەکی هاوشێوەی بە سەر ڕێژیمدا سەپاند. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نە دەیهەوێ ئەو ئابلۆقانەی ئەوپەڕی زەخت بسەپێنێ و نە دەشیهەوێ جێبەجێیان بکات. وتووێژە هەنووکەییەکان ئاماژە بە ئابلۆقەی چەکوچۆڵیش ناکەن.

لە مانگی مارچ، وتووێژەکانی ڤییەن لەبەر داواکاریی ڕووسیە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دانی زەمانەت لە پارێزرانی بازرگانیی ناوکیی کرێملین دەگەڵ تاران لە ئابلۆقە، وەستێندران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیە، سێرگەئی لاڤرۆڤ، نەیدەویست ئابلۆقەکان "زەرەر بە مافی بازرگانی، هاوکاری و وەبەرهێنانی ئازاد و هەمەلایەنەی ئێمە و هاوکاریی تەکنیکی-سەربازیی دەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی بگەیەنن." لە کۆتاییدا لاڤرۆڤ پشتڕاستی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان "زەمانەتی بە نووسراوە"ی داوەتە ڕووسیە کە "پارێزگاریی شیاو لە سەرجەم پرۆژە و چالاکییەکانی پلان بۆ داڕێژراو" لە ڕێککەوتنەکەدا دەکات. (ئەوە لە کاتێکدایە کە پوتین لێدوانی ژاراوی لەمەڕ کەڵکوەرگرتن لە چەکی ناوکی لە کێشەی ئۆکرایندا دەدات.)

بە گوتەی گابرییەل نۆرۆنها، ڕاوێژکاری تەیبەتی پێشوو لەمەڕ دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەو زەمانەتەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێگا بە ڕووسیە و ئێران دەدا تا مامەڵەیەکی ١٠ میلیارد دۆلاریی ڕاگیراو جێبەجێ بکەن، لە ناویاندا ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی ڕێئاکتۆری مەدەنی لەلایەن ڕووسیەوە لە ناوەندی وزەی ناوکی لە بوشەهر. نۆرۆنها گوتی، "ئەوەی ڕووسیە وتووێژی لەسەر کرد لە بنەڕەتدا پارێزراویی تەواو لە ئابلۆقەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو مامەڵە ناوکیە ١٠ میلیارد دۆلارییە جێبەجێ بکات."

ڕووسیە هەر ئێستا کەڵک لە چەکی ئێرانی لە کێشەی ئۆکرایندا وەردەگرێت. گاردیەن بڵاوی کردەوە کە ڕووسیە کەڵک لە تەقەمەنی و ڕەقەواڵەی سەربازی وەردەگرێ "کە لە عێراقەوە ... بە یارمەتی میلیشیا عێراقییەکانی سەر بە ئێران و خزمەتگوزاریی هەواڵگریی ناوچە کە شارەزاییان لە سەر ئەو پرۆسە هەیە، ڕاگوێزراون". ئەوانە بریتین لە مووشەکی دژە تانکی سوپای پاسداران، سیستەمی مووشەکهاوێژی برازیلی و مووشەکی ٣٧٣ ی باوەڕی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، ڕووسیە دەتوانێ سوود لە فرۆشتنی چەک بە ئێران ببینێ. نۆرۆنها گوتی کە دوای هەڵگیرانی ئابلۆقەکان، ئێران دراوی دەرەکیی دەبێ تا بتوانێ مامەڵەکانی چەکوچۆڵ دەگەڵ ڕووسیە جێبەجێ بکات. "لە چوارچێوەی برگەکانی ڕێککەوتنەکەدا، ئەمرۆ ڕووسیە ئازادە چەکی ئاسایی بە ئێران بفرۆشێ و دەتوانێ لە ئۆکتۆبری ساڵی داهاتوو ڕا چەکی پێشکەوتووشی پێ بفرۆشێ."

نۆرۆنها گوتی، "تۆ ناتوانی لە کاتێکدا کە ئێزن بە ئێران دەدەی دەستی بە پاشەکەوتی دراوی بیانیی گەلێک بەرچاو ڕابگات، کە پشتگیریی لە پیشەسازیی چەکوچۆڵی ڕووسیە دەکات، هاوکات بڵێی خەریکی جەنگ دژی [شەڕانشۆیی] ڕووسیە لە ئۆکراینی."

ئەوە بەڕوونی دیارە کە ڕووسیە وتووێژ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێران دەکات، لەو ڕێککەوتنەدا، بەرژەوەندیی ئێران بەرژەوەندیی ڕووسیەیە. بەڵام، ئەوە نەبۆتە سڵەمینەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەوڵ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، تەنانەت کاتێک کە بە زبری دژی پوتین دەدوێ.

لە مانگی مارچ، لە کۆشکی سپی پرسیار کرا کە ئاخۆ ئەوان ئامادەن دەگەڵ ڕووسیە دەست بە دانوستان بکەنەوە تا "ڕێگا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی ناوکی دەگەڵ ئێران خۆش بکەن"؟ وتەبێژی کۆشکی سپی، جێن پساکی وەڵامی دایە کە "ڕووسیە نایهەوێ ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات" و "ئێمەش نامانهەوێ." پساکی گوتی، "ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە لە بەرژەوەندیی هەردوو لایەکمانە کە ئەوە بەرەو پێشەوە بچێ."

من لە نۆرۆنهام پرسی ئاخۆ کۆشکی سپی چۆن دەتوانێ وتووێژ لەسەر ڕێککەوتنێک بکات کە بە تایبەتی یارمەتی مۆسکۆ دەکات، باسی ئەوەش ناکەین کە دەڵێن بەرژەوەندیی هاوبەشمان دەگەڵ ڕووسیە هەیە. ئەو پێی گوتم، "ئەوان ئەو شتە دەڵێن و هیوادارن هیچ کەس بەوە نەزانێ و لێیان لەقاو نەدات، ئەوە لەگەڵ هیچکام لە فاکتەرەکانی پشت شانۆکە یەک ناگرێتەوە."

# مرۆڤکوژی لە کوردستان پەیژەی سەرکەوتنی کاربەدەستانی ڕێژیم



مەنسوور مروەتی

ڕۆژی چوارشەممە ١٤ی بانەمەڕ دوایین کۆبوونەوەی دادگاییکردنی حەمید نووری (عەباسی) لە سوئێد بەڕێوە چوو و لەلایەن دادگاوە ڕاگەیەنرا کە ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ حوکمی کۆتایی لەسەر ئەم تاوانبارە دەردەچێ. حەمید نووری یەکێک لە بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی زیندانی گەوهەردەشتی کەرەجە کە بەپێی بەڵگەکان و شایەتیدانی شایەتەکان دەستی لە کوشتنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ٦٧دا بووە.

داواکاری گشتیی سوئێد ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە پاش دوایین بەرگری و هەوڵەکانی خۆی لە دادگا، داوای حوکمی زیندانی هەتاهەتایی بۆ حەمید نووری بە تاوانی جینایەتی جەنگی و کوشتنی بەئەنقەست کرد. کۆتایی دادگا پاش ٩٢ دانیشتن دوای ئەوە هات کە حەمید نووری خەزەڵوەری ٩٨ بۆ سەفەرێک کە دەوترێ داوێک بووە کە بەتەماحی ڕابواردن لەگەڵ ژنان و سەفەری دەریایی بۆی دانرابوو، لە سوئێد دەسبەسەر کرا.

لە ماوەی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی دادگادا لەگەڵ بەڵگەی زۆر، زیاتر لە ٥٠ زیندانیی سیاسیی پێشوو دژی نووری شایەتییان دا کە ئەم کەسەیان لە جەریانی دادگاییە چەند خولەکییەکانی خۆیاندا لە دادگا دیبوو یان تەنانەت بە دەستی ئەو ئەشکەنجە کرابوون.

کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کە لەودا هەزاران زیندانیی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵکوژ کران،خۆی یەکێک لە گرینگترین ڕووداو و لە هەمان کاتدا یەکێک لە گەورەترین جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە دادگای سوئێدیشدا بە جینایەتی جەنگی ناوی هات. ئەم جینایەتە جەنگییە بە فەرمانی خومەینی و بە سەرپەرستیی تیمێک بەڕێوە چوو کە هەموویان لە بەرپرسانی باڵای حکوومەت بوون و یەک لەوان ئێبراهیم ڕەئیسی سەرکۆماری ئێستای ئێرانە. بۆیە پێکهاتنی ئەم دادگایە و کێشانی یەکێک لە تاوانبارانی هاوینی ٦٧ بۆ بەردەم دادگا خۆی یەکێک لە گرینگترین ڕووداوەکان و دەسکەوتێکی گەورە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە لە پاش دادگای میکۆنۆس بۆ جارێکی دیکەش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی تێدا بە سزا دەگەیەندرێن و ئەمە بە ڕادەیەکی زۆر بووەتە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی ئەو بنەماڵانەی کە ئازیزانیان لەو ساڵەدا بە دەستی ئینسانکوژەکانی کۆماری ئیسلامی گیان و ژیانیان لێ ئەستێنرا.

هاوکات لەگەڵ داوای داوکاری گشتیی سوئێد و گوێنەدانی دادگای سوئێد بە دژکردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری دەرچوونی حوکمی کۆتایی لە مانگی پوشپەڕدا، دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییش ڕایگەیاندوە کە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەحمەدڕەزا جەلالی لە زیندانی ئێوین لە تاران لە سێدارە دەدا. ئەحمەد ڕەزا جەلالی پزیشک و لێکۆڵەرێکی ئێرانی_ سوئێدییە کە بانەمەڕی ساڵی ٩٥ دوای بەشداریی لە کۆنفرانسێکی زانستی لە تاران، بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا و دوای چەندین مانگ زیندانی تاکەکەسی و شکەنجەی زۆر حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا. هەڵبەت دەسبەسەرکردنی کەسانی وەکوو جەلالی و لە ڕاستیدا بە بارمتەگرتنیان بە مەبەستی تایبەتی و بەرچەسپ لێدانیان بە تاوانی جاسووسی بۆ ئیسرائیل، ڕووداوێکی تازە نییە و لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا زۆر وێنەی هاوشێوە دەبینرێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ باجگیری و مەبەستەکانی خۆی بەکاریان دێنێ. تازەترین نموونە بۆ ئەوە ئازادکردنی نازەنین زاغەری و ئەنووشە ئەنساری دوو کەسی ئێرانی – بریتانیایی بوو کە چەند ساڵ لەوەپێش لە تاران بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل دەسبەسەر و پاش ئازار و ئەزیەتی زۆر لە کۆتاییدا لە بەرانبەر وەرگرتنی باجێکی ٥٣٠ میلیۆن دولاری لە بریتانیا ئازاد کران.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنج و لە هەمان کاتدا ڕەخنەیە ئەوەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و یاسا نێودەوڵەتییەکان و دادگای دادی نێودەوڵەتی هەتا ئێستاش لە بەرانبەر ئەو باجگیری و جینایەتانەی ئێراندا نەرمییان نواندوە، هەر ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی ئێران بەردەوام لەو چەکە بەرانبەر بە خەڵکی خۆی و خەڵکی دیکەش کەڵک وەربگرێ. خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج لە قەزیەی حەمیدی نووریدا ئەوەیە کە وەک لە قسەکانی ئەم تاوانبارەدا دەردەکەوێ و بەئاشکرا باسی دەکا، حەمیدی نووری پاسدارێک بووە کە لە سەرەتای فەرمان و فتوای خومەینی و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کورد هاتۆتە کوردستان و لە ماوەی ساڵانی ١٣٥٩ تا ١٣٦١ لە کوردستان بووە و شەڕی خەڵکی کوردستانی کردوە، لە پاشان بردوویانەتەوە بۆ تاران و لە زیندانی گەوهەردەشت و لە شوێنەکانی دیکە کاریان پێ سپاردوە. ئەو ساڵانە و دواتریش هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕێگەی کەسانی وەک حەمیدی نوورییەوە لە کوردستان دەیان و سەدان تاوانی دژە مرۆییان بە دژی خەڵکی کوردستان، هەر لە ئێعدام و کوشتنی بە کۆمەڵەوە بگرە تا کۆچی زۆرەملێ و سووتان و وێرانکردنی ئاواییەکانی کوردستان ئەنجام داوە. لە ڕاستیدا حەمید نووری یەکێک لەو تاوانبارانەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە جینایەتی دژە مرۆیی لە کوردستانە و بێگومان خەڵکی کوردستانیش بە ئاکامی حوکمی دادگای سوئێد خۆشحاڵن بەڵام بەداخەوە جگە لە دادگای میکۆنۆس هەتا ئێستا هیچ جینایەتکارێکی ڕژیم لە هیچ کوێ و لە هیچ دادگایەک لەسەر ئەو جینایەتانە داگایی نەکراون. ئەڵبەتە خاڵی جیددی و جێی ڕەخنە لە سەر بزووتنەوەی کوردستانیش ئەوەیە تا ئێستا هیچ جینایەتێکی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەڵگەمەند نەکراوە هیچ ناوەندێکیش بۆ بەڵگەمەندکردنی ئەو جینایاتانە لە کوردستان بوونی نییە و دادگاش لە هەر وڵات و ڕێکخراوێکیش بێ، بەبێ بەڵگە دەست بۆ هیچ کەس و هیچ کەیسێک نابا.

# ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٧-٤٦ سیمبول و ئیلهامدەری خەبات و تێکۆشان




**(بەیاننامەی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بە بۆنەی ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی خوێندکاری کورد)**

٥٥ ساڵ پێش لە ئێستا قۆناغێکی گرینگی مێژوویی و وەرچەرخانێک لە بزووتنەوەی ئازادیخواز و ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران هاتە ئاراوە. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاویدا، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێ درا و جووڵانەوەیەک هاتە ئاراوە کە گیانێکی نوێی خەباتگێڕانەی بە بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشی.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی، سەرەڕای کورتیی تەمەنی کە تەنیا ١٨ مانگی خایاند و، هەروەها و سنوورداربوونی جوگرافیاکەی، بە قوناخێکی گرینگ و شوێندانەر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دێتە ئەژمار. لەگەڵ ئەوەی کە بەشی زۆری ڕێبەرانی ئەم جوڵانەوەیە گیانیان پێشکەشی خاک و خەڵکی کوردستان کرد، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیر و ئەندێشە و ئیرادەی خەباتکارانی سیاسیی کورد بەردەوامە.

لە دەیەی ٤٠ی هەتاویدا خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران بە تایبەتی زانکۆی تاران، یەکیەتیی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند. هەر لەو سەردەمەدا بە هاتنەئارای بیری ئازادیخوازی و دادپەروەری، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان بەهۆی وشیاریی گەلان سەریان هەڵدا کە بەهۆی ئەم شەپۆلە فکریانە و هەروەها بارودۆخی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەژێر کاریگەریی هەڵوێستی شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان ڕاپەڕینی چەکدارانەی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ هەتاوی لە چیاکانی کوردستان سەری هەڵدا.

لەنێو ڕێبەرانی فکریی ئەم جووڵانەوەیەدا سمایل شەریف‌زادە ناوێکی دیار و بەرزە. ڕۆڵ و بەشداریی کاک سمایل شەریف‌زادە وەکوو خوێندکارێک لەم خەباتەدا هاوشان لەگەڵ هاوسەنگەرانی دیکەیدا مانا و پێناسەیەکی گرینگی بەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان بەخشی و بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بوون بە سیمبول و ئیلهامدەری خەبات و تێکۆشان.

خەباتی نەتەوەخوازی و ڕزگاریخوازانەی بزووتنەوەی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی خۆیدا لە هەبوونی توێژی خوێندەوار و ڕووناکبیر بێبەش نەبووە و لە زۆربەی شۆڕشەکاندا ڕۆڵیان هەبووە و ئاڵاهەڵگری بیر و باوەڕە باوەکانی سەردەمی خۆیان بوون کە شەهیدان؛ سمایلی شەریف‌زادە، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و سەدان خوێندکار و ڕووناکبیری تر لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە کاریگەرترینیان بوون.

ئێستا کە لە ڕۆژی خوێندکاری کورد و ساڵرۆژی شەهیدبوونی کاک سمایل شەریف‌زادەدا لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە، لە ئێران و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژ نییە خوێندکاران و لاوان بە بیانووی جۆراوجۆر گوشاریان نەخرێتە سەر، ڕەوانەی بەندیخانەکان نەکرێن و لە مافی خوێندن بێبەش نەکرێن. ڕۆژانە شاهدین و دەبینین کە مامۆستایان و خوێندکاران دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆ و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی ئێران ناڕەزایەتی دەردەبڕن و زانکۆ و قوتابخانەکانیان کردۆتەوە بە سەنگەری بەرەنگاری و کۆڵنەدان.

ئێمە خوێندکاران و خوێندەوارانی کورد لە یەکیەتیی نەتەوەی خوێندکارانی کورد، وێڕای دووپاتکردنەوەی پەیمان و بەڵێن لە گەڵ یادوبیرەوەریی کاک سمایل شەریف‌زادە، بە چاوی هیوا و هومێدەوە دەڕوانینە خەبات و تێکۆشانی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکان و هەر لەم بۆنەدا، سڵاو دەنێرین بۆ ئیرادەی پۆڵایینی مامۆستایان کورد لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمڕۆژانە یەکگرتووانە وێڕای داکۆکی لە مافە سینفییەکانی خۆیان، بەرانبەر بە پرسی نەتەوایەتیی نەتەوەکەشمان داکۆکیکار و لێبڕاون.

لە یادی ٥٤ ساڵەی شەهیدبوونی کاک سمایل شەریف‌زادە، سیمبولی خوێندکاری بەهەڵوێست و خاوەن ئیرادەی کورددا:

سڵاو لە خوێندکارانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
سڵاو لە مامۆستایانی بەهەڵوێست!
سڵاو لە یاد و ناوی شەهید سمایلی شەریف‌زادە!
بەرز و پیرۆز بێت ڕۆژی خوێندکاری کورد!

**یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد**
**١١ی بانەمەڕی ١٤٠١ی هەتاوی**

# توندوتیژی و بەرهەمهێنانەوەی لە کۆمەڵگەدا


عومەر باڵەکی

**ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک چۆن هەر لە سەرەتاوە بە ژیریی سیاسیی خۆی و بە دەنگی "نا"یەکەی هێڵی فیکری و سیاسیی خۆی لە ڕێژیمی ئیسلامی جیا کردەوە؛ لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا لە بەربەرەکانییەکی توندوتیژ بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و کولتوور و فەرهەنگی خۆی بووە. هاوکات کارکردی کولتووریی کۆمەڵگە و شوێندانەریی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان جۆرێکی جیاوازی لە پەروەردە و بارهێنان هێناوەتە ئاراوە. لە کوردستان ڕوانگەکان بە نیسبەت کوشتنەوە، بەندکران و ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەکان، پاراستنی ژینگە و ژینەوەران لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوەندە جیاوازە کە مرۆڤی کورد ئامادەیە بۆ دامرکاندنی سووتمانی دارستانەکان، ڕزگارکردنی گیانلەبەران لە فەوتان و تێداچوون گیانی خۆیشی دابنێ**

لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، پاراستنی ژینگە و ژینگەپارێزی یەکێک لە بابەتە گرینگەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. بە بەرچاوی مێدیاکانەوە ساڵانە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆڕبەند لە ڕادەی جیاوازی سیاسیی و زانستی لە ئاستی وڵاتان و نێودەوڵەتییشدا لەسەر گرینگیی پاراستنی ژینگە دەگیرێ و هەروەها سروشتپارێزی و ڕێگەگرتن لە تێداچوونی تۆرەمەی زیندەوەرە جۆراوجۆرەکان بایەخێکی جیهانداگرە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو بابەتەش وەک زۆربەی بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان جۆرێکی ترە و ئاوێتە بە توندوتیژییەکی زۆرە. بەو واتایە کە لە سۆنگەی سیاسەتی هەڵە و تێڕوانینی ئەمنییەتی و پەرەپێدانی فەرهەنگی توندوتیژی، ژینگەی وڵاتیش گەلێک خەساری بەرکەوتوە کە قەرەبووکردنەوەیان زۆر زەحمەتە.

یەکێک لەو بابەت و دیمەنە قێزەونانەی کە ماوەبەماوە لە ڕاگەیاندنەکان بڵاو دەبێتەوە و ویژدانی مرۆڤ دەهەژێنێ، ئاژەڵئازاریی هەمەچەشنە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەدا. دیاردەی ئاژەڵئازاری لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا لە حاڵێکدا پەرە دەستێنێ، کە ئەم دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بە تاوان داندراوە و سزای قورسیش بۆ کەس یا کەسانی تاوانبار دەستنیشان کراوە. بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا ئەو بابەتە نەک لە قانووندا وەک تاوان تیشکی نەخراوەتە سەر، بگرە هیچ هەوڵێکی ئەوتۆش نابینین کە بەرەنگاری ئەو دیاردە ناسروشتی و قێزەونە بێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەپێی سەلماندنی زانست و ئەزموونی ژیانی مرۆیی دەزانین کە ئاژەڵ و زیندەوەران بەشێک لە سروشت و ژینگەکەمان پێک دێنن و لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نیزامی سروشتیدا ڕۆڵی گرینگ و چارەنووسسازیشیان هەیە؛ هەربۆیە ئەزیەت و ئازار و لەنێوبردنیان ڕاستەخۆ زیانێکی قەرەبوونەکراوە بە ژینگەی مرۆڤ دەگەیەنێ.

ئەو توندوتیژی و ئەزیەت و ئازاردانی ئاژەڵان لە ئێران بەپێی هەموو لێکۆڵینەوەکان ڕەگی لە کولتوور و جۆری ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەلایەن نیزامی سیاسیی دەسەڵاتدار لە وڵاتدا داکوتاوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیی پاڵەویدا کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە، سیاسەتی سەرکوت و توندوتیژیی دەسەڵات دژی جیابیران بوو بە پێناسە و شوناسی سەرەکیی ئەو نیزامە. لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیم لە دوو ڕەهەندەوە لەو بوارەدا کاری کردوە. یەکەم، سیستماتیک هەوڵی داوە توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا برەو پێ بدا تا ئەو جێیە کە ببێتە بەشێک لە کولتووری زاڵ و بیباتە نێو هەناوی کۆمەڵ و بنەماڵەکانەوە. دووهەم، وێژمانی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و هەوڵی بەکردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە کە دەستێوەردان و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی ناوچە و دراوسێیدا لێ کەوتۆتەوە. پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان و دژایەتیی ڕۆژاوا و کولتوورەکەی یەک لەو هۆکارانە بووە کە کۆماری ئیسلامی لە زۆر بواردا بکەوێتە ژێر گوشار و سزای ئابووری و، ئەو سزا ئابوورییانەش کە خەڵکی وڵات دەبێ باج و تێچووەکەی بدەن؛ خۆی یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و بنچداکوتانی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆنەوە گوتراوە کە سفرەی پڕ تەبایی خێزانە. دەبینین و دەبیستین و هەستی پێ دەکەین کە لە ئێستادا خەڵکی ئێران لە بواری دابینکردنی بژیوی ژیانەوە چەندە لە تەنگانەدان و ئەو کیشە و ئارێشانە زۆر جاران دەبنە هۆی لێکهەڵوەشانی بنەماڵە، یا خوڵقانی توندوتیژی لە خێزاندا تا ئەو ئاستەی کە هەژاری و دەسکورتی بگاتە جێگەیەک کە بەکۆمەڵ خۆیان بکوژن. بەپێی ئاماری ڕێکخراوی پزیشکی قانوونیی ئێران لە ساڵی ١٤٠٠ی هەتاویدا ٦٠٠ هەزار کەس لە ئێران بەهۆی شەڕ و پێکهەڵپڕژان سەردانی ناوەندەکانی پزیشکی قانوونییان کردوە و ئەو ئامارە ئەو بەشە لە شەڕ و پێکهەڵپڕژان و توندوتیژییانە ناگرێتە خۆی کە بەهۆی دوورەدەستی، بنەماڵەیی و عەشیرەیی، لایەنەکان سەردانی ئەو ناوەندانیان نەکردوە. بۆیە توندوتیژیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری دەرحەق بە گەلانی ئێران، خوڵقێنەری توندوتیژیی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگە و بنەماڵەشی لێ کەوتۆتەوە. مخابن زۆر جاریش ئەو توندوتیژیانە لە بازنەی مرۆڤەکان تێدەپەڕێ و دەبنە هۆی ئەزیەت و ئازاردانی ئاژەڵ و گیانلەبەران، واتە کەسی توندئاژۆ و بەگێرەوکێشە ئەگەر ڕێگای نەبوو ڕق و تووڕەیی خۆی بە سەر بەرانبەرەکەیدا بەتاڵ بکا، ڕقەکەی بە سەر کەرەستە و کەلوپەلی دەوروبەریدا دەڕێژێ و خۆ ئەگەر هەر نەبوو هروژمی ئاژەڵ و گیانلەبەری بێزمان و بێدەسەڵات دەدا.



نیزامی سیاسی و پەروەردەیی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا وای لە کۆمەڵگەی ئێران کردوە بە جێگای ئەوەی لە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندندا وانەی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی فێری منداڵان بکرێ، تۆوی شەڕ و دوژمنکاری و دووبەرەکییان لە دڵ و دەروون و مێشکیاندا دەچێنن و ئەو شێوە پەروەردەیە زۆر سروشتییە کە مرۆڤی تووڕە و شەڕەئەنگێز بەرهەم دەهێنێ. مرۆڤێک کە بە هەر بیانوویەک هەڵدەچێ و بە دەوروبەری خۆی هەڵدەپڕژێ و ئەگەر هیچی دەست نەکەوت بەردەبێتە گیانی ئاژەڵان؛ بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەو ئاژەڵە گیاندارە و سروشت مافی ژیانی پێ داوە و بەبێ ڕێوشوێنی قانوونی و ڕێگەپێدراو، هیچ کەس و لایەنێک مافی ئەوەی نییە ئازاری بدا و گیانی لێ بستێنێ. ئەوەش لەجێی خۆی کە لە ڕوانگەی دەروونناسانەوە کەسانێک کە خووی ئاژەڵئازارییان هەیە و بەو کار و ئاکارەی خۆیان دڵخۆش دەبن و ڕقوتووڕەیی خۆیانی پێ دادەمرکێنن، نەخۆشیی دەروونییان هەیە و بەداخەوە ژمارەی ئەو کەسانەش لە ئێرانی ئێستادا لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە کەم نین.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش پێگەی کۆمەڵگەی کوردستانە لەو باسەدا. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک چۆن هەر لە سەرەتاوە بە ژیریی سیاسیی خۆی و بە دەنگی "نا"یەکەی هێڵی فیکری و سیاسیی خۆی لە ڕێژیمی ئیسلامی جیا کردەوە؛ لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمەدا لە بەربەرەکانییەکی توندوتیژ بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و کولتوور و فەرهەنگی خۆی بووە. هاوکات کارکردی کولتووریی کۆمەڵگە و شوێندانەریی حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان جۆرێکی جیاوازی لە پەروەردە و بارهێنان هێناوەتە ئاراوە. لە کوردستان ڕوانگەکان بە نیسبەت کوشتنەوە، بەندکران و ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەکان، پاراستنی ژینگە و ژینەوەران لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوەندە جیاوازە کە مرۆڤی کورد ئامادەیە بۆ دامرکاندنی سووتمانی دارستانەکان، ڕزگارکردنی گیانلەبەران لە فەوتان و تێداچوون گیانی خۆیشی دابنێ و بۆ نموونەش چ زۆرن "شەریف‌باجوەر"، "ئومید کۆنەپۆشی"، "ڕەحمەت حەکیمی‌نیا" و "محەممەد پەژووهی"یەکان... .

دروستبوونی دوو جۆرە فەرهەنگ و ڕوانگەی جیاواز لەمەڕ ژینگە و ژینگەپارێزی لە جوغرافیای ئێران لە حاڵێکدایە کە ماوەی ٤٣ ساڵە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد دەکا و لە دژایەتی و دژمنایەتیی ئەو بزووتنەوەیەدا هیچکات دەستی لە تێکدان و فەوتاندن و زیان پێگەیاندنی ژینگەی کوردستان نەپاراستوە و ئەوەندەی بۆی کراوە لەو دژمنایەتییەدا کردوویەتی. ڕاستە کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە دەستی هاتوە دەرحەق بە کۆمەڵگەی کورد و ژینگەی کوردستان کردوویەتی و سەرەڕای داخوازی و بەدواداچوونی زۆر کەس و لایەن قەت خۆی لە بەرامبەر پرسی کورد و جوغرافیای سروشتیی کوردستاندا بە بەرپرسیار نەزانیوە، بەڵام بە خۆشییەوە کوردستان کولتوور و جیاوازییەکانی خۆی بە باشترین شێوە پاراستوە و هەبوون و چالاکیی دەیان ڕێکخراوی مەدەنی و ژینگەپارێزیی چالاک ئەو جیاوازییانە بەباشی دەسەلمێنن.

لە دەرەوەی سیاسەتی ئاسیمیلە و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژین و ژیار و ژینگەی کورد، بەڵام ڕەفتار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ژێرپێنانی قانوونەکانی سروشتە و بە زانست و ئەزموونی سەردەمیش دەرکەوتوە کە ژێرپێنانی قانوونەکانی سروشت لە دواجاردا هەر بە زیانی کۆمەڵگەی مرۆیی دەشکێتەوە، واتا ئەوەی زیانی زۆرتری بەر دەکەوێ هەر ژیان و ئاسایشی مرۆڤەکانە. بۆیە لە هەر حاڵەتدا ئەوە ئەرکە لەسەر هەموو دەوڵەت و وڵاتان —بە ئێران و کۆماری ئیسلامیشەوە- کە بە دارشتنی قانوونەکانی ژینگەپارێزی و جێبەجێکردنیان خۆیان لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان بگونجێنن و پەروەردەی کۆمەڵگە و تاکەکان لەسەر ڕێزدانان بۆ ئەو بایەخانە لە سەرووی هەموو شتێک دابنێن.

# زمان، گوتار و نه‌ته‌وه



ڕه‌سووڵ سوڵتانی

**داگیرکه‌ر، یه‌که‌م شتێکی به‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی داگیرکراویدا ده‌سه‌پێنێ، زمانه‌که‌ی خۆیه‌تی. چونکه تۆ که له چوارچێوه‌ی چه‌مک و به‌هاکانی ئه‌ودا په‌روه‌رده بووی، ورده ورده ڕاسته‌وخۆ ده‌که‌ویته ژێر کاریگه‌ریی گوتاره‌کانی ئه‌وه‌وه؛ هه‌ر بۆیه‌ش به زمانی خۆی په‌روه‌رده‌ت ده‌کا، تا ڕه‌وتی نه‌ته‌وه‌سازییه‌که‌ت بشێوێنێ و به‌لاڕێیدا ببا و له‌پێش چاوت سووکی بکا و دواجار پێناسه‌یه‌کت له خۆت و له نه‌ته‌وه بۆ بخاته ڕوو، که جیاواز بێ له‌و پێناسه‌یه‌ی ده‌بوو بۆخۆت کردبایه‌ت و ده‌بێ بۆخۆت بیکه‌ی. ئه‌و له ڕوانگه‌یه‌کی کۆلۆنیالیستییه‌وه، به تۆ ده‌ڵێ: تۆ ئه‌و شته‌ی که من پێناسه‌م کردووی و پێناسه‌ت ده‌که‌مه‌وه، تۆ ئه‌و شته نیت که بۆخۆت بیری لێ ده‌که‌یته‌وه.**

زمان، وه‌کوو خه‌سڵه‌تی ناوازه و تاقانه‌ی ئاده‌میزاد، ده‌کرێ بڵێین گرینگترین خه‌سڵه‌تی ئه‌و بوونه‌وه‌ره‌یه. تایبه‌تمه‌ندییه‌ک، که توانیویه‌تی له سۆنگه‌یه‌وه، چوارچێوه‌ی ژیان داڕێژێ و سه‌رله‌به‌ری که‌له‌پووری مرۆڤایه‌تی و ئه‌زموونه‌کانی ژیانی هه‌زاران ساڵه‌ی خۆی له چوارچێوه‌ی زماندا ڕاگوێزێ و بیگه‌یه‌نێته ئه‌مڕۆ و به داهاتوویشی بسپێرێ.

محه‌مه‌د ڕه‌زا باتنی له‌سه‌ر گرینگیی زمان ده‌ڵێ: زمان تاقه ئامرازی کاریگه‌ری پرۆسه‌ی په‌روه‌رده‌یه. به‌بێ زمان هیچ پێوه‌ندییه‌ک له نێوان تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌دا دروست نابێ و به‌بێ پێوه‌ندی، هیچ په‌روه‌رده‌یه‌ک نایه‌ته ئاراوه و به‌بێ په‌روه‌رده‌ش ناتوانین میرات و که‌له‌پوور و کولتووری و شارستانییه‌تی مرۆییمان بۆ نه‌وه‌کانی دواتر ڕاگوێزین. که‌وابوو زمان، پارێزه‌ری که‌له‌پوور و کولتوور و شارستانییه‌ت و مێژووه، که سه‌رجه‌می ئه‌وانه، ناسنامه‌ی میلله‌تیان لێ پێک دێ. هه‌ربۆیه‌شه داگیرکه‌ر، له‌گه‌ڵ داگیرکردنی وڵاتێک هه‌وڵ ده‌دا، ئه‌گه‌ر زمانی گه‌لی بنده‌ست قه‌ده‌غه‌ش نه‌کا، ورده ورده له ژێر هێژموونیی زمانی خۆیدا بیچه‌وسێنێته‌وه، سووکی بکا، له ڕه‌ونه‌ق و بره‌وی بخا و دواجار بیخه‌سێنێ و وای لێ بکا، تاکه‌کانی گه‌لی بنده‌ست که‌ڵکوه‌رگرتن له زمانه‌که‌ی خۆیان به شه‌رم و شووره‌یی بزانن و به‌کارهێنانی زمانی گه‌لی زاڵ و سه‌رده‌ست، به نیشانه‌ی پێشکه‌وتوویی و ڕووناکبیری دابنێن.



ئێمه ده‌زانین که زمانی زگماک، ته‌نیا زمانی قسه‌پێکردن نییه، زمانی ده‌ربڕینی هه‌ست و سۆز و زمانی ژیانی تاکه‌کانه. زمانی زگماک، زمانی ڕۆحی مرۆڤه‌کانه و پرۆسه‌ی بیرکردنه‌وه و بیچمدان و شکڵپێدان به ئه‌و شته‌ی بیری لێ ده‌که‌ی و دواجار داڕشتنی له چوارچێوه‌ی ڕسته‌دا و ده‌ربڕینه‌که‌ی له ڕێگه‌ی زمانه‌وه‌یه.

زانست سه‌لماندوویه‌تی، مرۆڤ که به‌زمانی خۆی ده‌خوێنێ، خێراتر پرۆسه‌ی وێنه و چه‌مک و ده‌سته‌واژه زه‌ینی و عه‌ینییه‌کان شی ده‌کاته‌وه و تێیان ده‌گا و سه‌ریان لێ ده‌ر ده‌کا. که‌وابوو خوێندن به زمانی زگمان، له پرۆسه‌ی فێربووندا گرینگییه‌کی تایبه‌تی هه‌یه، له‌وه‌ش گرینگتر له پرۆسه‌ی بنیاتنانی نه‌ته‌وه‌دا.

**زمان وه‌ک ده‌سنیشانکه‌ری به‌هاکان**

تۆ که به زمانی فارسی یان تورکی یان عه‌ره‌بی ده‌رس ده‌خوێنی، چه‌مکه‌کان، باری واتایی و ته‌نانه‌ت به‌ها و بایه‌خی واتایی چه‌مک و ده‌سته‌واژه نه‌ته‌وه‌ییه‌کانیشت گۆڕانیان به‌سه‌ردا دێ. تۆ سه‌یر که له زمانی فارسیدا وشه‌ی "ڕه‌زمه‌نده-پاسدار" ده‌خوێنیته‌وه، ئه‌وه له نێو میلله‌تی خۆیاندا باری واتایی به‌رز و جوانی هه‌یه، به‌ڵام له نێو میلله‌تی تۆدا، ئه‌و باره مانابییه ڕێک پێچه‌وانه ده‌بێته‌وه. ئه‌وه‌ی بۆ ئه‌و ڕه‌زمه‌نده‌یه و پاسداره، له نێو ئه‌ده‌بیاته‌که‌ی تۆدا خوێنڕێژ و جه‌نایه‌تکار و خوڵقێنه‌ری جه‌نایه‌ت و تاوانه‌کانی مێژوویه‌کی تاڵه. به‌ڵام تۆ که به زمانی خۆت ده‌خوێنی، ئه‌و ده‌سته‌واژانه، ده‌بنه خه‌باتگێڕ و تێکۆشه‌ر و پێشمه‌رگه. که له ڕووی پاشخانی هزری و مێژووییه‌وه له مێشکی منداڵ و گه‌وره‌ی کورددا باری واتاییه‌کانیان گرینگ و به‌رز و پیرۆزه.

**پێناسه‌ی تۆ، له زمانی داگیرکه‌ردا**

داگیرکه‌ر، یه‌که‌م شتێکی به‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌ی داگیرکراویدا ده‌سه‌پێنێ، زمانه‌که‌ی خۆیه‌تی. چونکه تۆ که له چوارچێوه‌ی چه‌مک و به‌هاکانی ئه‌ودا په‌روه‌رده بووی، ورده ورده ڕاسته‌وخۆ ده‌که‌ویته ژێر کاریگه‌ریی گوتاره‌کانی ئه‌وه‌وه؛ هه‌ر بۆیه‌ش به زمانی خۆی په‌روه‌رده‌ت ده‌کا، تا ڕه‌وتی نه‌ته‌وه‌سازییه‌که‌ت بشێوێنێ و به‌لاڕێیدا ببا و له‌پێش چاوت سووکی بکا و دواجار پێناسه‌یه‌کت له خۆت و له نه‌ته‌وه بۆ بخاته ڕوو، که جیاواز بێ له‌و پێناسه‌یه‌ی ده‌بوو بۆخۆت کردبایه‌ت و ده‌بێ بۆخۆت بیکه‌ی. ئه‌و له ڕوانگه‌یه‌کی کۆلۆنیالیستییه‌وه، به تۆ ده‌ڵێ: تۆ ئه‌و شته‌ی که من پێناسه‌م کردووی و پێناسه‌ت ده‌که‌مه‌وه، تۆ ئه‌و شته نیت که بۆخۆت بیری لێ ده‌که‌یته‌وه. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر سه‌یری نووسینی پانفارسیسته‌کان ده‌که‌ی، ده‌سته‌واژه‌ی ته‌وه‌هومی قه‌ومی و ته‌وه‌هومی ناسیۆنالیستی و کۆمه‌ڵێک ده‌سته‌واژه‌ی پڕ له سووکایه‌تی بۆ شۆڕشه‌کانی کورد وه‌ک فیتنه و غائیله‌ی ... به‌کار دێنن. ئه‌وه شه‌ڕی میلله‌تێکه دژی میلله‌تێکی دی، به‌چی؟ به چه‌کی زمان.

دکتۆر موحسینی ڕێنانی له‌و باسه‌دا ده‌ڵێ: ئێمه به بێبه‌شکردنی منداڵی نه‌ته‌وه غه‌یره‌فارسه‌کان له زمانی خۆیان و داسه‌پاندنی زمانی خۆمان به‌سه‌ر ئه‌واندا، ڕه‌وتی گه‌شه‌کردن و کامڵبوونی زمانه ده‌روونی و ڕوحییه‌که‌یان قه‌تیس ده‌که‌ین و ڕایده‌گرین.

ئه‌وه‌ی ڕێنانی ده‌یڵێ، ڕاسته. تۆ سه‌یری به‌رنامه‌کانی منداڵان بکه له ده‌نگ و ڕه‌نگی کۆماری ئیسلامیدا که چۆن هه‌وڵی شیرین نیشاندانی زمانی فارسی ده‌ده‌ن. ئه‌وان له‌وێوه هه‌وڵی ڕاگرتنی ئه‌و گه‌شه و نه‌شه‌یه ده‌ده‌ن. تا له چوارچێوه‌یه‌کی دیاریکراودا منداڵی ئێمه بۆ داهاتوویه‌کی دیاریکراوی خۆیان و له چوارچێوه‌ی ویست و ستراتیژی خۆیاندا په‌روه‌رده بکه‌ن. بۆ ئه‌وه‌ی به‌و زمانه بیر بکه‌نه‌وه و قسه‌ی پێ بکه‌ن و به‌هاکانیان به‌پێی به‌ها زمانییه‌کانی نێو ئه‌و زمانه پێناسه بکه‌نه‌وه. ئێمه ته‌نیا له ڕێی زمانه‌وه ده‌گه‌ین به واقعییه‌ت و حه‌قیقه‌ت.

**لایه‌نی که‌سایه‌تی**

ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ی زمانه‌که‌ی خۆی لێ زه‌وت و قه‌ده‌غه ده‌کرێ، کۆمه‌ڵێک شتی زۆر بنه‌ڕه‌تی له‌ده‌ست ده‌دا، که گرینگترینه‌که‌یان باوه‌ڕبه‌خۆبوونه. له ناخی هه‌ر تاکێکی نه‌ته‌وه‌ی داگیرکراودا، ترسێک هه‌یه له زمانی سه‌رده‌ست و زاڵکراو. ئیتر ئه‌و زمانه‌ی به ویستی خۆی هه‌ڵنه‌بژاردوه، بگره به‌ناچاری ملی بۆ ڕاکێشاوه، بۆیه‌ش له قۆناغه‌کانی دواتری ته‌مه‌نی خۆیدا به‌رده‌وام وه‌کوو چه‌کی داگیرکه‌ر به‌رانبه‌ر زمانه‌که‌ی خۆی لێی ده‌ڕوانێ و هه‌رکات بیه‌وێ به زمانه‌که‌ی خۆی شتێک بنووسێ، له‌پێشدا له چوارچێوه‌ی زمانی زاڵکراودا بیر ده‌کاته‌وه و دوایی ده‌بێ ته‌رجومه‌ی بکاته‌وه سه‌ر زمانه‌که‌ی خۆی ئینجا دایڕێژێته‌وه.

هه‌ر ئێستا زۆرن ئه‌و خوێنده‌واره کوردانه‌ی ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ وتارێک به کوردی بنووسن، ناچارن له‌پێشدا به فارسی بینووسن، دوایی وه‌ریگێڕنه‌وه سه‌ر کوردی، چونکه ئیتر له چوارچێوه‌ی ئه‌و سیسته‌مه زمانی و کولتووری و چه‌مکانه‌دا بیر ده‌کاته‌وه که پێی په‌روه‌رده کراوه. هه‌ر ئه‌وه‌ش وای لێ ده‌کا هه‌م به چاوێکی سووکتر سه‌یری زمانه‌که‌ی خۆی بکا له پارسه‌نگی زمانی زاڵدا، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ی زمانه‌که‌ی خۆیشی لا پیرۆزه، هه‌میش له‌و سۆنگه‌یه‌وه که‌سایه‌تیی خۆی له که‌سایه‌تیی خاوه‌ن زمانه زاڵکراوه‌که پێ که‌متر بێ و له هه‌مبه‌ریدا ئه‌گه‌ر ترسیشی نه‌بێ، جۆرێک شه‌رمی هه‌بێ.

**زمان و هزر و گوتار**

پسپۆڕانی زمان به‌رده‌وام له‌و بازنه‌یه‌دا مشتومڕیانه که ئاخۆ هزر به‌رهه‌می زمانه یان زمان به‌رهه‌می هزره. هێندێ له خاوه‌نڕایانی ئه‌و بواره پێیان وایه هزریش جۆرێک زمانه، زمانی په‌نگراو (بالقوه)، به‌ڵام له سیسته‌می ده‌ربڕین و وێناکردنی فیزیکیدا به هێڵ و تابلۆ و هێماکان و وشه و ڕسته‌دا خۆی ده‌نوێنێته‌وه. که‌وابوو ئه‌و زمانه به‌ر له‌وه‌ی له هێماکاندا خۆی بنوێنێ، له مێشکی مرۆڤ وه‌کوو هزر و بیرۆکه هه‌یه. زمان و زه‌ین، یان زمان و هزر په‌یوه‌ندییه‌کی دیالێکتیکی و دوولایه‌نه‌یان له‌گه‌ڵ یه‌کتر هه‌یه. هه‌م هزر به‌رهه‌مهێنه‌ری زمانه، هه‌م زمان به‌رهه‌مهێنه‌ره‌وه‌ی هزره. لێره‌دا ناچارین چه‌ند نموونه‌یه‌ک بێنینه‌وه:

به‌ر له‌وه‌ی چه‌مک و بیری مۆدێرن بگه‌نه کوردستان، مرۆڤی کورد هیچ وێنایه‌کی زه‌ینیی له دێموکراسی، سۆسیالیزم و سۆسیالیزمی دیموکراتیک نه‌بووه. له‌گه‌ڵ هاتنی ئه‌و چه‌مکانه، که پێش ئه‌وه‌ی له ئه‌ورووپاش وه‌کوو پێناسه، پێناسه بکرێنه‌وه، له‌پێشدا وه‌ک زه‌رووره‌تێک له مێشکی ڕۆشنگه‌ران و بیرمه‌ندانی ئه‌ورووپیدا وێنا بوون و له ڕه‌وتی زه‌ماندا و له چوارچێوه‌ی زماندا پێناسه‌که‌یان ڕوون کراوه‌ته‌وه و په‌ره‌یان پێ دراوه. که گه‌یشتوونه‌ته کوردستانیش، له چوارچێوه‌ی زماندا ورده ورده خه‌ڵکیان پێ ئاشنا کراوه. ده‌سته‌واژه‌ی "سۆسیالیزمی دیموکراتیک" له‌نێو حیزبی دێموکراتیکدا له‌پێشدا به‌رهه‌می بیرکردنه‌وه‌یه‌ک بووه له مێشکی ڕێبه‌ری مه‌زن و بلیمه‌تی ئه‌و حیزبه‌دا، دواتر له ڕێگه‌ی زمانه‌وه گوازراوه‌ته‌وه نێو حیزب. له قۆناغی سێیه‌مدا هه‌ر ئه‌و زمانه‌ی پێی پێناسه کراوه، بووه‌ته هۆی بیرکردنه‌وه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی بیستوویانه و وێناکردنی ئه‌و سیسته‌مه له به‌ڕێوه‌به‌ریی وڵاتدا. ئه‌وه‌یه کاریگه‌ریی دوولایه‌نه‌ی زمان له‌سه‌ر یه‌کتر.

**گرینگیی زمانی کوردی له پرۆسه‌ی نه‌ته‌وه‌سازیدا**

ئه‌وه‌ی تا ئێره باس کرا، گرینگیی ڕه‌هه‌نده‌کانی زمان بوو. لێره‌دا ده‌بێ بگه‌ڕێینه‌وه سه‌ر گرینگیی زمانی کوردی له پرۆسه‌ی نه‌ته‌وه‌سازیدا.

کورد هه‌موو فاکته‌ره‌کانی نه‌ته‌وه‌ی تێدایه: وه‌کوو خاکی هاوبه‌ش و مێژووی هاوبه‌ش و زمانی هاوبه‌ش و خه‌یاڵی هاوبه‌ش، یان هزرێکی هاوبه‌ش که ئێمه خۆمان به نه‌ته‌وه ده‌زانین. چونکه ده‌کرێ میلله‌تێک یه‌ک زمانی هه‌بێ، به‌ڵام خۆی به یه‌ک نه‌ته‌وه نه‌زانێ و ئاماده نه‌بێ له چوارچێوه‌ی خاک و ده‌وڵه‌تێک و له‌ژێر سێبه‌ری یه‌ک ئالادا پێکه‌وه بژین. نموونه وڵاتانی عه‌ره‌بی. لێره‌دا فاکته‌رێک له‌و فاکته‌رانه‌ی باس کرا، ده‌وری هه‌ره گرینگی هه‌یه، ئه‌ویش زمانه. چونکه میلله‌تی کورد، میلله‌تێکه له زمانه‌که‌یدا زیندووه و زمان، چه‌ق و سه‌نته‌ری کۆکه‌ره‌وه‌ی هه‌موو فاکته‌ره‌کانی دیکه‌یه. به‌وپێیه ده‌کرێ بڵێین ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی زمانییه و له ده‌ره‌وه‌ی زمان و، ڕوونتر له ده‌ره‌وه‌ی زمانی کوردی ئیتر شتێک نامێنێ ناوی بنێی کورد.

## زیندان به‌زێنه‌کانی ئێمه




ئا: دیاکۆ دانا

"محێدین مه‌لائیبراهیمی" ته‌مه‌ن ٤٤ ساڵ، خێزاندار و خه‌ڵکی گوندی ئاڵکاوێی سه‌ر به شاری شنۆ یه‌ک له زیندانییانی سیاسیی کورده که له‌ئێستادا له زیندانی ناوه‌ندی شاری ورمێ به‌ند کراوه.

محێدین ڕۆژی ١٣ی خه‌زه‌ڵوه‌ری ساڵی ١٣٩٦ی هه‌تاوی له‌گه‌ڵ پۆلێک له کۆڵبه‌رانی دیکه‌ی هاوڕێی له ناوچه سنوورییه‌کانی شاری شنۆ که‌وته به‌ر ده‌ستڕێژی هێزێکی سپای پاسداران و سێ فیشه‌ک به‌ر لاقی که‌وت. محێدین به برینداری ده‌ستبه‌سه‌ر و بۆ ماوه‌ی دوو ڕۆژ له یه‌کێک له نه‌خۆشخانه‌کانی شاری ورمێدا ڕاگیرا و دواتر به‌ڕێی گرتنگه‌ی حیفازه‌ت ئیتلاعاتی ئه‌و شاره کرا و به مه‌به‌ستی دانپێدانان به تۆمه‌تی "هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردی"ـی دژبه‌ری کۆماری ئیسلامی خرایه ژێر ئه‌شکه‌نجه‌وه.

محێدین ڕۆژی ٢٩ی گه‌لاوێژی ساڵی ١٣٩٧ی هه‌تاوی له لقی دووی دادگای شۆڕشی ورمێ به سه‌رۆکایه‌تیی قازی شێخلو به‌بێ هه‌بوونی پارێزه‌ر به تۆمه‌تی "به‌غی له ڕێگای هاوکاریکردن له‌گه‌ڵ حیزبێکی کوردی" و "شێواندی ته‌ناهیی نه‌ته‌وه‌یی" دادگایی کرا و سزای ئێعدامی به‌سه‌ردا سه‌پا. ئه‌م حوکمه دواتر له لقی ١٩ ی دیوانی به‌رزی وڵاتدا وه‌ک خۆی پشتڕاست کرایه‌وه. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونه‌ته‌وه‌یی ڕۆژی ١٤ ڕه‌زبه‌ری ساڵی ١٣٩٩ له به‌یاننامه‌یه‌کدا داوای له ده‌زگای دادی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد که پێداچوونه‌وه‌یه‌کی دادپه‌روه‌رانه به حوکمی "محێدین مه‌لا ئیبراهیمی"دا بکا.

محێدین ئیبراهیمی له دوو ساڵی ڕابردوودا چه‌ند جار به‌هۆی پێڕانه‌گه‌یشتنی پزیشکی و هه‌روه‌ها پێشێلکرانی مافه‌کانی له زینداندا مانی له خواردن گرتوه.

شایانی باسه محێدین پێشتریش له ساڵی ١٣٨٩ هه‌تاویدا ده‌ستبه‌سه‌ر و به تۆمه‌تی لایه‌نگری "حیزبی دێموکرات" ماوه‌ی ساڵێک و دوو مانگ زیندانیی کێشابوو. هه‌روه‌ها له ساڵی ١٣٩٦دا برایه‌کی محێدین به‌ناوی "نوره‌دین" که ئه‌ویش هه‌ر کۆڵبه‌ر بوو، به‌هۆی ده‌ستڕێژی هێزه چه‌کداره‌کانی کۆماری ئیسلامی کوژراوه.

***




هووشنگ ڕه‌زایی زیندانییه‌کی سیاسیی دیکه‌ی کورده که ساڵی ١٣٦٤ی هه‌تاوی له شاری نه‌هاوه‌ندی سه‌ر به پارێزگای هه‌مه‌دان له‌دایک بووه. هووشه‌نگ ڕۆژی ٢٩ی جۆزه‌ردانی ساڵی ١٣٨٩ی هه‌تاوی له شاری تاران له‌لایه‌ن ناوه‌نده ئه‌منیه‌تییه‌کانی ڕێژیمه‌وه ده‌سبه‌سه‌ر و له به‌ندی ٢٠٩ وه‌زارتی ئیتلاعاتدا بۆ ماوه‌ی ٦ مانگ له ژووری تاکه‌که‌سیدا زیندانی و ئه‌شکه‌نجه کرا.


هووشه‌نگ ساڵی ١٣٩٠ی هه‌تاوی له لقی ٢٨ی دادگای شۆڕشی شاری تاران به سه‌رۆکایه‌تیی قازی موقیسه به‌بێ هه‌بوونی پارێزه‌ری خۆی به‌تۆمه‌تی "موحاربه" به‌هۆی "هاوکاری له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵه" و "به‌شداری له کۆبوونه‌وه‌ی ناڕه‌زایه‌تیی ساڵی ١٣٨٨" و "هه‌ڵگرتنی چه‌ک و چوونه‌ده‌رێی نایاسایی له وڵات" به ١٠ ساڵ زیندان و ئێعدام مه‌حکووم کرا. ئه‌و ڕۆژی ١ی بانه‌مه‌ڕ ساڵی ١٣٩١ به‌ڕێی زیندانی ڕه‌جایی شاری که‌ره‌ج و له ڕێکه‌وتی ٦ی پووشپه‌ر دیسان ڕه‌وانه‌ی به‌ندی ٢٠٩ کرایه‌وه. هه‌روه‌ها بۆ جاری دوویه‌م دیسان بۆ ماوه‌ی ٦ مانگ له ژووری تاکه‌که‌سی خرایه‌وه ژێر ئه‌شکنجه و لێپرسینه‌وه و تۆمه‌تی کوشتنی "عه‌لی محه‌ممه‌دی"، زانایه‌کی ئه‌تۆمیی درایه پاڵ که دواتر له‌و تۆمه‌ته بێبه‌ری کرا.

داوای پێداچوونه‌وه‌ی هووشه‌نگ به حوکمه‌که‌ی له ساڵی ١٣٩٦ له لقی ٢٨ی دادگای شۆڕشی تاراندا تاوتوێ کرا و دواجار ساڵی ١٣٩٨ سزای ئێعدامی له‌سه‌ر هه‌ڵگیرا، به‌ڵام تۆمه‌تی "به‌غی"، "هه‌ڵگرتنی چه‌ک" و هه‌روه‌ها "چوونه‌ده‌رێی نایاسایی بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات"ی له‌سه‌ر ساغ کرایه‌وه و له‌و سۆنگه‌یه‌وه سه‌رجه‌م به ٢٥ ساڵ زیندان مه‌حکووم کرا.

هووشه‌نگ له ماوه‌ی ١٢ ساڵ به‌ندکرانیدا له مافی مه‌ره‌خسی بێبه‌ش بووه و هه‌روه‌ها به‌هۆی پێڕانه‌گه‌یشتنی پزیشکی نه‌خۆشیی قه‌ندی گرتوه. ئه‌و له ماوه‌ی به‌ندکرانیدا چه‌ند جار ناڕه‌زایه‌تیی به دۆخی ڕاگیران و به‌ندکرانی ده‌ربڕیوه و مانی له خواردن گرتوه (دواجار ٢٢ خاکه‌لێوه‌ی ئه‌مساڵ) و هه‌ر ئێستا که ئه‌و دێڕانه‌ی له‌سه‌ر ده‌نووسرێ خراوه‌ته سللولی ئینفرادییه‌وه.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دەریایەک خوێنی بۆ سەربەستیی خاک و نیشتمان بەخشیوە. زیندان و ئەشکەنجە و دوورخرانەوە، ئاوارەیی و دەربەدەری، سووتمان و ماڵوێرانی و تاڵانو ڕاووڕووت بەشێکی بچووک لە مێژووی ئەو نەتەوە خەباتکارەن. چڵەپۆپەی ئەو فیداکاری و قوربانیدانەش گیانبەخشین و شەهیدبوون لە پێناوی بیرو باوەڕ و گەل و نیشتماندایە

جێگای شانازی و لە هەمان کاتدا هیوا بە سەرکەوتن ئەوەیە کە ئەو نەتەوەیە قەت کۆڵی نەداوە و هیچ زوڵم و زۆرییەکی لە داگیرکەران قەبووڵ نەکردوە. هەرچەند ئەو ڕێژیمە بە هەموو جۆرە پیلانێک، دژی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان جووڵاوەتەوە، بەڵام لاوان و شێرەکوڕانی کوردیش لێبڕاون کە کۆڵ نەدەن و ئەو کاروانە ڕێی خۆی هەتا دوائامانج هەر بپێوێ. سینگی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە پڕە لە بەسەرهاتی ئەو ڕۆڵە بەجەرگانە کە لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەدا ناو و یادی یەکێکی دی لەوان بەرز ڕادەگرین.

شەهید ئەسەدوڵلا سولێمانپوور ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەسترۆیشتووی ئاوایی قاراوای ناوچەی خوڕخوڕەی سەقز لەدایک بوو. باوکی شەهید ئەسەد پێشمەرگەی کۆمار بوو، ئەمەش وای کردبوو کە هەر لە سەرەتاوە بە بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری گۆش بکرێ. ئەسەد خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد و پاشان بۆ پلەکانی بەرزتر و درێژەدانی خوێندن چووە سەقز و پاش وەرگرتنی دیپلۆم بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ڕیزی "سپای دانش" و لە گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارەدا دەرسی بە منداڵان گوتەوە. ئەسەد دوای تەواوکردنی ماوە سەربازییەکەی لە سپای دانشدا، وەک مامۆستای قوتابخانە دامەزرا و لە گوندەکانی "ئاقڵاوە" لە ناوچەی سەرشیوی سەقز، قاراوە، مەندیل بەسەر، قاقڵاوەی بۆکان و پاشان قوتابخانەکانی نێو شاری سەقزدا قۆڵی لە بارهێنان و پەروەردەی منداڵانی نیشتمانەکەی هەڵماڵی.

شەهید ئەسەد هەرچەند لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەنددا گەورە ببوو، بەڵام هیچ کات ژیانی دەوڵەمەندانەی بەلاوە گرینگ نەبوو، و هەمووکات لە بیری هەژاراندا بوو. ئەو سەبارەت بە تێکەڵاویی زۆری لەگەڵ خەڵک خرایە ژێر چاودێریی "ساواک" و تەنانەت دواجار لە شوێنی ژیانی دوور خرایەوە و پاش لەرزۆکبوونی بناخەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی بوو کە گەڕایەوە زێد و نیشتمانی خۆی.

لەو سەروبەندەدا کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی دیکتاتۆریی پاشایەتی دەستی پێ کردبوو، شەهید ئەسەد لە هەموو خۆپێشاندانەکانی شاری سەقز بەشداری کرد و وەک لاوێکی بەهەست خەڵکی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی هان دەدا. بە دوای تێکڕووخانی حکوومەتی پەهلەویشدا کە، فەزایەکی ئازادی سیاسی و شۆڕشگێڕانە هەموو ئێرانی داگرت و تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات دەستی پێ کردەوە؛ ژیانی شەهید ئەسەد ئاراستەیەکی دیکەی بە خۆوە گرت.

شەهید ئەسەد بیروڕای پیرۆزی کوردایەتی و هەست کردن بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی، پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی، ڕزگاربوون لە چنگ زۆرداری، ڕزگاریی خۆی و بنەماڵەکەی، لەو ڕێگایەدا پەیدا کردبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ گەلی کوردی دەستنیشان کردبوو؛ بۆیە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و، بووە پێشمەرگە و لە هێزی "عەزیز یوسفی"ی ئەوکاتدا دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد. ئەو پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمان، پارتیزانێکی هەڵسووڕ و کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو. لە زۆربەی شەڕەکانی ئەوکاتی ناوچەی سەقز و دیواندەرەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. شەڕەکانی نێوشاری سەقز، دیواندەرە، گەردەنەی فیلان، تاقی نێوان ئێرانشا وسوننەتە، کەلی مەحموودئاوا، کەچەڵ مییان، جادەی قەوخ و شەڕەکانی سەرشیوی سەقز نموونەیەکی بچووک لە ئازایەتی و حەماسەخوڵقێنیی شەهید ئەسەد سولێمانپوورن. لەخۆبوردوویی، بڕوابەخۆبوون و پێداگریی زۆر لەسەر بەڕێوەبردنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی حیزب و هەروەها ڕێز و خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا و دڵسۆزی و فیداکاری لە کردەوە پەسەندەکانی ئەسەد سولێمانپوور بوون.

شەهید ئەسەد بە تێکۆشانی بێوچانی و بە هەڵمەتی دوژمنشکێنی نیشانی دا شیاوی پلە و بەرپرسایەتییە و، بۆیە پلەکانی سەرپەل، سەردەستە و فەرماندە لکی پێ ئەسپێردرا. ئەو لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازا و بەبەرنامە بوو. بەچەشنێک کە قارەمانەتی و نەترسیی ئەو لە ناوچەی سەقزدا دەنگی دابۆوە و هەر بۆیەش وەک جێگری فەرماندەری هێز وفەرماندەری عەمەلیات لە هێزی شەهید عەزیز یۆسفی دیاری کرا.

شەهید ئەسەد بۆ ئەوەی نیشان بدا کە شیاوی ئەم پلە و بەرپرسایەتییە، پتر کاری دەکرد و زیاتر لە ئەندازە خۆی ماندوو دەکرد. هەست بە مەسئولییەت و تێکۆشان بۆ فێربوون و هەوڵدان بۆ خەبات دژی ڕێژیمی ئاخوندی و بەڕێوەبردنی چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانە، تایبەتمەندی هەرە بەرچاوی ئەسەد سولێمانپوور، سێهەمین شەهیدی ئەو بنەماڵە خۆشناوە بوو.

ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦١ لە دوو کیلومیتریی شاری سەقز لە شوێنێک بە ناوی "پلەی ئاسانە" هێزێکی زۆری جاش و پاسدار هێرش دەکەنە سەر تیمێک لە پێشمەرگەکان و گەمارۆیان دەدەن. پاش شەڕێکی قارەمانانە، لەم شەڕە حەماسییەدا بوو کە لاوی تێکۆشەر، کوڕی ماندوونەناس، پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی دێموکرات ئەسەد سولێمانپوور لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی (عوسمان گەڵباغی ناسرا بە عوسمانی گوڵشەن) شەهید بوون و خوێنی سووریان لە پێناو ڕزگاری و دیفاع لە ئازادی و بەختەوەریی نەتەوەکەیاندا ڕژایە سەر خاکی پیرۆزی نیشتمان.
سەنگەری خەباتیان هەمیشە ئاوەدان.

# لە "ئاسمیلاسیۆن" ڕا هەتا "زەویی سووتاو"

## (زامەکانی سەرزەوییەکی بەندکراو)


ڕەزا دانشجوو

مێژووی چەند هەزار ساڵەی کورد و کوردستان لە پەنا تایبەتمەندییە کولتووری، زمانی و ئەدەبییە دەوڵەمەندەکەی لە تەنیشت شوێنەوار و بینا دێرینەکان، ئاسەوارە سەرنجڕاکێشەکان و سروشتی جوان و دڵڕفێنی کوردستان هەمیشە و هەموو کات وەک چەقڵێک لە چاوی دوژمنانی ئەو نەتەوە و نیشتمانەدا بووە. بەهەڵە نەچووین ئەگەر بڵێین ڕق و دڵگرانی داگیرکەران دژ بە مێژوو، کولتوور و سامانە سروشتییەکانی کوردستان لە دژایەتی بەرانبەر بە خەڵکی کورد نەتەنیا کەمتر نەبووە، بە بەراورد زیاتریش بووە. ئەم دوژمنایەتییە ڕوون و بەئاشکرایە بە پانتایی ئەو جوغرافیا بەندکراوە لە دەیان فۆرم و شێوەی جۆراوجۆردا دەبینرێ. لەو نووسینەدا بەکورتی باس لە بەشێک لەو سیاسەتە نامرۆڤانە و داگیرکەرانەی نەیارانی کورد لە ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ خەڵکی کورد و نیشتمان کوردان دەکەین. دیارە هەر لەجێدا هەرکام لەو کورتە باسانە خۆیان دەتوانن هەوێنی باسێکی دەوڵەمەند بن کە ئێمە لێرەدا کورتمان کردوونەوە.

### ئاسمیلاسیۆن (Assimilation culturelle)

ئاسمیلاسیۆن بە مانای یەککردنی فەرهەنگییە و مەبەست لێی تێکۆشانێکە بۆ سڕینەوەی زمان و کولتووری کەمینەکان و داسەپاندنی زمان و کولتووری دیاریکراوی لایەن حوکمڕان بۆ هەرچی زیاتر زاڵبوون بە سەر کەمینەکاندا. هەروەها بە مانای تێدابردنی داب و فەرهەنگی خەڵکانی وڵاتی داگیرکراو لەلایەن داگیرکەرانیشەوە دەکار دەکرێت کە دیارە ئێمە لەو نووسینەدا مەبەستمان ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگییە.

ڕەنگە بکرێ هەوڵی کۆچەرە ئوڕووپییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوورپێستەکانی ئامریکادا بۆ دوورخستنەوەیان لە زێد و نیشتیمانیان لە کوتایی هەشتاکان بە یەکەمین هەوڵی داگیرکەران بۆ تێدابردنی زمان و کولتووری نەتەوەیەک دابندرێت. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە لە زۆربەی کەیسەکانی پێوەندیدار بە ئاسمیلاسیۆندا ئەوە داگیرکەران بوون کە خەریکی سڕینەوەی مێژووی و نەریتی وڵاتی داگیرکەراو بوون. میوانی بانگنەکراو کە تەنانەت چاوی بینینی زمان و کولتووری خانەخوێی نییە. دیارە داگیرکەران هەر لە سەرەتاوە زانیویانە کە زمان و کولتووری هەر میللەتێک گەورەترین و بەهێزترین فاکتەری ڕێگر لە بەرانبەر بەچۆکداهاتن و خۆبەدەستەوەدانە.

ئاسمیلاسیۆن لە کوردستان چیرۆکێکی خەمناک و دووردرێژە. بەسەرهاتێکی تاڵ کە زیاتر لە هەر ڕووداوێکی تر جەستەی ئەو جوغرافیا بەندکراوەی ئازار داوە. برینێک کە هەرچەند ساڵ جارێک لە شوێنێکی تر سەرهەڵدەداتەوە. لە قەدەغەبوونی قسەکردن بە زمانی دایکی و تەنانەت کەڵکوەرگرتن لە وشەی کوردی لە باکوور، تا بوونی هەزاران کوردی بێناسنامە لە ڕۆژئاوا، لە ئەنفال و ژینۆساید و کۆمەڵکووژی لە باشوور، هەتا شەڕی نەرم و ڕەقی تاران لە دژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان. بەداخەوە وەک تەواوی ڕووداوە تاڵەکانی تر ئەمجارەش ئەم وڵاتە بێپەنایە لە پانتاییەکی زۆر گەورەتردا کەوتۆتە بەر هێرش و ئازاری داگیرکەران، لە بێدەنگی و پاسیڤبوونی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا کاری ئاسمیلاسیۆن و یەکدەستکردن گەیوەتە توندوتیژییەکی ئاشکرا، سڕینەوە و نەهێشتن، ژینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی نیشتمان شێوەیەکی زۆر نەرم و ڕووخێنەری لە ئاسمیلاسیۆن بە خۆیەوە دیوە.

هەرچەند دژایەتی لەگەڵ زمان و کولتووری کورد هەر لە سەرەتای سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامییەوە دیار بوو، بەڵام دەتوانین بڵێین بەشی زۆری ئەم دژایەتیکردنە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بەپێی پلانێکی لەپێشدا داڕێژاو، دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی ئێران و عێراق. لەڕاستیدا داگیرکەران شەڕیان وەک فاکتەرێک بەکار هێنا بۆ گۆڕینی دێمۆگرافیی شارەکانی شەڕلێدراو، ئەویش بە بیانووی نیشتەجێکردنی ئاوارەکانی شارەکانی دیکە و بەمجۆرە جێخستنی پلان و پیلانی سازکردنی تێکەڵاوییەکی تەواو نارێکی زمانی، فەرهەنگی و داسەپاندنی جۆرێک چەند بەرەکایەتی و لە کۆتاییدا ڕێگا خۆشکردن بۆ سیاسەتی لەپێشدا داڕێژراوی لایەنی حوکمڕان. کرماشان زیاتر لە هەر شارێکی دیکەی ڕۆژهەڵات لە سۆنگەی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی داگیرکەرانەوە زیان و خەساری بەرکەوت. بێ سەرەوبەرەیی و دابەشکردنی دانیشتووان لەسەر بنەمای هوز و ئایینی جیا کاری گەیاندە ئەم ئاستە کە بەشێک لە خەڵکانی ڕەسەنی شارەکە بە ناچار زێد و ماڵی خۆیان جێ بهێڵن و ڕێگا پتر بۆ سیناریۆی داگیرکەران خۆش ببێت. هاوتای ئەم سیاسەتە شۆڤینییە، واتە لەنێوبردنی بەشێک لە شوناس و ناسنامەی شارێک لە پێوانەیەکی بچووکتردا لە ئیلام و شارەکانی ئەم پارێزگایەشدا دەبینرێت.

ئاسمیلاسیۆن بە شێوەی جۆراوجۆری دیکەش لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کراوە. لە ڕاستیدا ئەوجار داگیرکەران بە شێوەیەکی زۆر ئاشکراتر قوڵیان لە تێکدانی جوغرافیایی، کومەڵایەتی و فەرهەنگی و، گۆڕینی دێمۆگرافی و پێکهاتەی ناوچەکان هاوکات لەگەڵ ترساندن و هەڕەشە و دەرکردنی خەڵکی کورد و سازکردنی دووبەرەکیی دینی و میللیەتی و داسپاندنی حوکمی کەمینە لەسەر زۆرینەی کورد لەو ناوچانەدا هەڵماڵیوە. بۆ گەڕان بەدوای شوێنپێی ئەمجۆرە لە ئاسمیلاسییۆن دەتوانین ئاماژە بە شارەکانی نەغەدە و ورمێ بکەین کە ئێستا لە سێبەری ساڵانێک سیاسەتی نەرمی تواندنەوە و بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی و قین، جێگای میوان و خانەخوێ گۆڕاوە!

### زەویی سووتاو (Scorched earth policy)

سیاسەتی زەویی سووتاو پلان و پیلانێکە بۆ نەهێشتن و خاپورکردنی تەواوی سەرچاوە و سامانە سروشتی و کشتوکاڵییەکانی پێوەندیدار بە ژینگە و هاتوچۆ و... . بە واتایەکی گشتی بێبەری کردنی خەڵکی وڵاتی داگیرکەراو لە خاک و سامان و سەرچاوەکانی. لە ڕاستیدا ئەوجار داگیرکەران داماو و دەستەوەستان لە گۆڕینی دێمۆگرافیی وڵاتی مەبەست و داسەپاندنی زمان، کولتوور و فەرهەنگی خۆیان بە سەر خەڵکی داگیراودا، ڕاستەوخۆ چوونە شەڕی جوغرافیایی بەندکراو. لەبەینبردنی سامان و سەرچاوەکان و تەنانەت ئاگرتێبەردانی دارستانەکان لە کاتێ پاشەکشەی هێزەکانی ئامریکا لە ویتنام بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست شەڕکەرەکانی "ویت کۆنگ"، تێکدان و خاپورکردنی پرد و ڕێگاوبان و ژێرخانە ئابوورییەکانی وڵاتانی داگیرکراو لە کاتی چۆڵکردنیان لەلایەن ئەرتەشی ئاڵمانی نازی، ئاگرتێبەردانی چاڵە نەوتییەکانی کوێت لەلایەن ئەرتەشی عێراق و... بەشێک لەو سیاسەتی زەویی سووتاون. هەرچەند "زەویی سووتاو" وەک پلانێکی نیزامی و زۆرتر لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی داگیرکراودا باسی لێ دەکرێ، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا شێوەیەکی تر لەم سیاسەتە نەگریسە دنیای داگرتوە. وەک ئاماژەیەک بۆ ئەم سیاسەتە، دەوڵەتی میانمار بە ئاگرتێبەردانی دارستانەکان و زەویی موسڵمانانی ڕوهینیگا ئەوانی ناچار کرد زێد و نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن. ئەوەی لە درێژەی ئەو باسە لە دو بەشدا دێ ڕوونی دەکاتەوە ئەوەی ساڵانێک لەلایەن داگیرکەرانەوە بە سەر ڕۆژهەڵات هاتوە، دەقی ئەم سیاسەتە چەپەڵەیە.


قەڵشهەڵگرتنی یەکێک لە پەیکەرەکانی تاقوستان و نۆژەنکردنەوەی بە شێوەیەکی تەواو نازانستی و زۆر سەرەتایی

### بەشی یەکەم: سامانە سروشتییەکانی کوردستان

سروشتی جوان و دڵڕفێنی کوردستان هیچ کات لە دەستدرێژی و تاڵانی داگیرکەران دوور نەبووە و بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتۆتە بەر تاڵانی و ڕاووڕووت و لەنێو بردن و خاپوورکردن. وەک میناک:

- ئاگرتێبەربوونی دەیان جارەی لێڕەوار و دارستانەکان بەهۆی کەمتەرخەمی و هەڵبەت ئاگرتێبەردانی بەئانقەستی دارستانەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە.
- دەستبەسەرداگرتن و پاوانکردنی زەویوزار، کانگا بەردەکان و زەوییە میللییەکان و دابەشکردنی لە نێوان کەسان و بەکرێگیراوانی سەر بە دەسەڵات.

کاولکردنی شوێنە سەرنجڕاکێشە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵات بە هۆی دەستێوەردان و گۆڕانکاریی ناڕاست.

- سازکردنی نازانستی و بێبنەما و بێسەرەوبەرەی بەنداو لەسەر زێ و ڕووبارەکانی کوردستان و ڕاگواستنی بەشی زۆری ئاوی کوردستان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و سازکردنی قەیرانی بێئاوی و گیروگرفت بۆ وەرزێران.
- دانی سەدان جەواز و مۆڵەت بێبنەما بۆ دەرهێنانی کانی بەرد و ڕاگواستنی ماتریاڵی خاو بۆ دەرەوەی ڕۆژهەڵات کە جگە لە کاولکردنی ژینگە و بەتاڵانبردنی سامانەکانی کوردستان هیچی دیکەی بۆ خەڵکی کورد بەدیاری نەهیناوە.
- تێکدانی پێکهاتە و بافتی زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵات بەهۆی دانی بێبنەمای جەواز و مۆڵەت بۆ بیناسازیی نایاسایی و لەڕاستیدا فرۆشتنی شار.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەبێ ئاماژە بکەین بە گرتن و بەندکردنی سەرەڕۆیانەی دەیان چالاکی ژینگەپارێز کە گەورەترین تاوانیان! هەوڵدان بۆ پاراستنی سروشتی کوردستان و هەڵبەت لەقاودانی سیاسەتی داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامییە.

### بەشی دووهەم: شوێنەوارە و بینا دێرینەکانی کوردستان

بەشێکی دیکە لە ستراتیژیی "زەویی سووتاو" دزین و تاڵانی ئاسەوارە دێرینەکان، یان لەنێوبردن و خاپوورکردنی شۆنەوارە مێژووییەکانە. لە کاتی بەزینی ئەرتەشی فەڕانسە و داگیرکردنی لەلایەن ئاڵمانی نازی بە فەرمانی هیتلێردا، دەبوا تەواوی ئاسەوارەکانی مێژوویی فەڕانسە کۆ بکرێنەوە و بۆ ئاڵمان و ئوتریش ڕاگوێزرێن. دەڵێن کاتێک سەربازەکانی نازی گەیشتنە پاریس پێش هەموو جێیەک چوونە موزەی لوور، بەڵام بە دیتنی هۆڵ و ژوورە چۆڵەکانی موزە سەرسام بوون؛ چونکی بەڕێوەبەرایەتیی "لوور" لە هەوڵێکی ژیرانەدا و ڕەنگە بە هۆی ئاگاداری لە ڕێوشوێن و خوو و خدەی داگیرکەران، تەواوی ئاسەوارەکانی بۆ شوێنی دیکە ڕاگواستبوو. هەرچەندە لوور لە دزی و تاڵانی ڕزگاری بوو، بەڵام بەداخەوە هەزاران ئاسەواری دیکە لە فەڕانسە و وڵاتانی دیکەی داگیرکەراو بەتاڵان چوون یان خاپورکران. لەنێوبردنی شوێنەوار و بینا دێرینەکان بەشێکی تر لە دژایەتیکردنی ئەرتەشی نازی دژ بەم وڵاتە داگیرکەراوانە بوو.

مێژووی هەزاران ساڵەی کورد هەرچەند هەوراز و نشێوی زۆری دیوە، بەڵام هەر سەردەمێک تاقمێک یادگاری بێوێنەی لە خۆی بەجێ هێشتوە. وەک سروشتی کوردستان ئەم شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییانە لە دەستدرێژیی داگیرکەران لە ئەماندا نەبوون، ڕەنگە مێتۆد و شێوازەکان جیاواز بن، بەڵام ئامانجی هەموویان یەک بووە. لە ڕاستیدا داگیرکەران بە ڕاووڕووت و بەتاڵانبردنی ئاسەوارە دێرینەکان و یان کاولکردن خاپوورکردنی شوێنەراوی کەونار و بینا مێژووییەکان شوناس و ناسنامەی کوردیان کردۆتەوە ئامانج. پرۆسەی تاڵانی و لەنێوبردنی ئەو میراتە پڕبایەخانە دەتوانین لە سێ بەشدا باس بکەین:



ئیزۆگام کردنی گومبەزەکانی "مزگەوتی سوور" بە بیانووی پاراستنی لە باران و بەفر و لە ڕاستیدا بۆ لەبەینبردنی بافتی یەکگری و سڕینەوەی شوناس و پێناسەی ئەو شوێنەوارە مێژووییە



ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی مەریوان لەلایەن ڕێژیمەوە کە شەهیدبوونی چوار ژینگەپارێزی لێ کەورەوە: شەریف باجوەر ئومید کۆنەپووشی، ڕەحمەت حەکیمی‌نیا و محەممەد پەژووهی

**تاڵان و دزینی ئاسەوارەکانی کوردستان:** شێوەی ڕوون و ئاشکرای ئەو ئامانجە شۆڤینییە، کۆڵین و هەڵقەندنی دەیان جارەی زۆربەی شوێنەوار و بینا و گرد و تەپۆڵکە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتە بۆ دەرهێنان و ڕاگواستن و بازرگانی‌کردن بەم میراتە پڕبایەخە. زۆربەی هەرەزۆری ئەم ڕاووڕووت و بەتاڵانبردنە سیستماتیک و ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵات یان کەسانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامی و؛ بە ئامانجی سڕینەوەی بەشێک لە مێژووی کورد کراوە.

**پێڕانەگەیشتن هەتا هەوڵی بەئانقەست بۆ لەنێوبردن:** لە سۆنگەی ساڵانێک کەمتەرخەمی و پێڕانەگەیشتنی لایەنە پێوەندیدارەکان، بەشێکی زۆر لە شوێنەوار و بینا دێرینەکانی ڕۆژهەڵات مەترسیی کاولبوونیان لەسەرە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێک لەم میراتە پڕبایەخانە ناوبانگی جیهانییان هەیە. ئەگەرچی ئەژماری ئەم بینایانە زۆرن بەڵام تەنیا باسی دوو نموونە دەکەین:

تاقوەسان: تاقوەسان یەکێک لە بێوێنەترین شوێنەوارە مێژووییەکانی ئێران و جیهانە و بە بەشێک لە مێراتی جیهانی دادەنرێ. خاوەنی گەورەترین ئەنیمەیشنی بەردینەی دونیا باس لە گەورەیی و شکۆی سەردەمی دێرین دەکا. یەکێک لە شاکارەکانی مێژوویی دونیا و گەورەترین نەقش و نیگارەکانی سەردەمی ساسانی کە ئێستا لەسۆنگەی کەمتەرخەمی و هەڵبەت بەئانقەست هەر ڕۆژە تووشی زیان و خەسارێکی نوێتر و زیاتر دەبێ. لە وشکبوونی لەناکاوی کانییەکان تا قەڵشانی پەیکەرەکان بە هۆی بیناسازی و دەستێوەردانی نازانستی. بەشی تاڵتری ئەو چیرۆکە نۆژەنکردنەوەی ئەو میراتە پڕبایەخەیە بە شێوەیەکی تەواو سەرەتایی و بێ‌پلان. لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندیدار بە نۆژەنکردنەوەی ئەم شوێنەوارە لە سەرەتای هەشتاکان دەستی پێ کرد و لە نەوەدەکاندا چووە بواری جێبەجێکردن. ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە قەرار بوو ببێتە هۆی زیندووبوونەوە و بووژانەوەی تاقوەسان، ئێستا دوای تێپەڕبوونی دە ساڵ لە دەسپێکی هەموو ڕۆژێک زامێکی نوێ دەنێ بە جەستەی بێ‌گیانی ئەو شوێنەوارە مێژووییە.

**بەردە کونتە:** شوێنەواری مێژوویی بەردە کونتە لە باکووری شاری مەهاباد هەڵکەوتوە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان پێشینەی ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "مانا" کان. شوێنەوارێک بە مێژووی چەند هەزار ساڵ کە بۆتە شوێنی چەقاندنی دەکەڵی تەلەیفوون و بەشێکیشی لە کاتی گەورەکردنەوەی ڕێگای مەهەباد بۆ ورمێ‌دا خاپورکرا.

**تێکدانی چوارچێوە و پێکهاتەی شوێنەوار و بینا دێرینەکان بە بیانووی نۆژەنکردنەوە:** شێوەیەکی تازە و زۆر نامرۆڤانەتر لە خەسار گەیاندن بە شوێنەوارە مێژووییەکان بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا، دەستێوەردان و گۆڕینی شوناس و لەبەینبردنی ئەو میراتە پڕبایەخانەیە بە بیانووی نۆژەنکردنەوەیان. داگیرکەران بۆ بێدەنگکردنی ڕای گشتی سەبارەت بە کەمتەرخەمییەکانیان لە پاراستنی بینا دێرینەکان، بەپێی پیلانێکی لەپێشدا دیاریکراو و لەژێر ناوی پرۆسەی پاراستن و نۆێکردنەوە بە دەستێوەردان و گۆڕانکاریی بەئانقەست، دەبنە هۆی تێکدانی شوناس و پێناسەی ئەو شوێنەوارە بۆ هەمیشە. گرینگیی ئەو باسە لەوەدایە کە بەهۆی چۆنیەتیی ڕوودانی ئەو کارەساتە زۆر کەمتر دەکەوێتە بەر چاوی زۆربەی خەڵک و بە شێوەیەکی نەهێنی دەمێنێتەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن لەو پێویستیی بە زانستی تایبەت هەیە، بۆ نموونە:

**مزگەوتی سووری مەهاباد/** مزگەوتی سوور لە ناوەندی شاری مەهاباد هەڵکەوتوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوی و لەلایەن بوداق سوڵتان موکرییەوە ساز کراوە. لە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی سووردا گومبەزەکانی کە سەدان ساڵ لە بەرامبەر باران و بەفردا بە ساغی مابوونەوە، بە ئیزۆگام داپۆشران کە بوو بە هۆی تێکدانی بافتی بیناکە و لەنێوبردنی بەشێک لە شوناسی ئەو بینا مێژووییە. ئەو دەستێوەردانە تا ئەو ڕادەیە کرێت و ناشیرین بوو کە بوو بە هۆی ناڕەزایەتی‌دەربڕینی تەنانەت بەشێک لە لایەنەکانی پێوەندیداری دەسەڵات. جێگای باسە پێشووتر لە کاتێ نوێکردنەوەی حەمامی لەج ، بە داخەوە هەر بەو شێوەیە کار کرابوو کە بوو بە هۆی دەربڕینی ناڕەزایەتیی کەسانی شارەزا، تەنانەت لە دەرەوە ی وڵات.

***

ئەوەی لەو نووسینەدا ئاماژەی پێ کرا خوێندنەوەیەکی کورت بوو لەسەر بەشێک لەو سیاسەتە فرەڕەهەندەی داگیرکەران بۆ لەبەینبردن و سڕینەوەی تەواوی فاکتەرەکانی پەیوەندیدار بە مێژوو و فەرهەنگی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات، سیاسەتێکی کە نەتەنیا خەڵکی کورد بەڵکوو خودی جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کردۆتە ئامانج. ئاشکراشە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو سیاسەتە چەپەڵە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی هەر ڕۆژە و تێکۆشانێکی ماندوویی‌نەناسانە هەیە.

# هەزار و ٤١٢ میلیارد دۆلار داهاتی نەوتی ئێران، بە درێژایی ٤٤ ساڵ چیی لێ هات؟

کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٤٤ ساڵی ڕابردوو بایی هەزار و ٤١٢ میلیارد دۆلاری نەوت فرۆشتوە. ئاکامی بەدواداچوونەکان دەڵێن ڕێژیمی ئێران بەشێکی بەرچاو لەو داهاتە زۆر و زەوەندەی بۆ برەودانی ئیدۆلۆژیی مەزهەبی، ڕکەبەرییە ناوچەییەکان و بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکیی پڕتێچووی خۆی بەکار هێناوە.

بەپێی ئامارەکان زۆرترین داهاتی نەوتی ئێران لە دوو خولی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدنژاددا و لەنێوان ساڵەکانی ١٣٨٤ تا ١٣٩٢ وەدەست ئێران کەوتوە کە بڕی ٦١٨ میلیارد دۆلار بووە. بەشی داهاتە نەوتییەکان لە دوو خولی دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی لە نێوان ساڵەکانی ١٣٩٢ تا ساڵی ١٤٠٠یش، سەروو ٣٥٠ میلیارد دۆلار ڕاگەیەندراوە.

سەردەمی سەرۆک‌کۆماریی محەممەد خاتەمی بە فرۆشتنی ١٥٧ میلیارد دۆلار و هاشم ڕەفسەنجانی بە ١٤١میلیارد دۆلار لە ڕیزەکانی دوایی ئەم خشتەیەدا جێ دەگرن. کۆی داهاتە نەوتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە حکومەتەکانی بەر لە هاشم ڕەفسەنجانییش بە ١٤٦ میلیارد دۆلار مەزەندە کراوە.


پێداچوونەوەکان دەری دەخەن زۆرترین داهات لە مێژووی فرۆشتنی نەوت لە ئێراندا، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی ٤٤ ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی کە بە بڕوای کارناسان ئەم بڕە زۆر و زەوەندە لە داهاتی نیشتمانی دەیتوانی پاشخانێکی ئابووریی دەوڵەمەند بۆ ئەو وڵاتە دروست بکا و ئێران لە هەموو ڕەهەندەکانی پەرەسەندنەوە بەرەوپێش ببا. بەڵام ئەوە ڕووی نەدا و ئێران ئێستاکەش هەر لە ڕیزی وڵاتانی لە حاڵی گەشە و تەنانەت دواکەوتوودا خۆی دەبینێتەوە.

یاساکانی تایبەت بە بودجە بەڵام هەر هەموو زانیارییەکانمان لەمەڕ شێوەی خەرجکردنی داهاتە نەوتییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا پێ نادەن. هۆکاری ئەمەش بۆ ناڕوونیی سیستمی ئابووری و سیاسی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە کە تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی زۆرێک لە خەرجی و کردەوەکانی ئەم ڕێژیمەی سەختتر کردوە.

بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، یەکێک لە گرنگترین و باس‌هەڵگرترینی ئەم بەفیڕودانەیە کە تا ئێستاش بە ڕوونی دیار نییە کۆماری ئیسلامی چەندەی لەو پرۆژە پڕ کێشە و قەیران‌خوڵقێنە بۆ خەڵکی ئێراندا خەرج کردوە و لەو سۆنگەیەوە چ گورزێکی لە ئابووریی ئێران داوە! تێچووی چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر وەک پێشینەکەی لێڵ و نادیارە. جیاوازیی بڕ و ڕەقەمە ڕاگەیەندراوەکان کە هیچیان یەکدی ناخوێننەوە بە ڕێژەیەک زۆرن کە جاری وایە جیاوازییەکانیان سەر لە میلیاردان دۆلار دەدەن. ئەم تێچووانە لە 2 میلیارد دۆلارەوە تا٤٠ میلیارد دۆلاریش بەراورد دەکرێن. مەحموود ئەحمەدی‌نیژاد، سەرکۆماری پێشووی ئێران یەک لەو کاربەدەستانەی ڕێژیمە کە لە کاتی خۆیدا گوتبووی بەرنامەی ئەتومیی ڕێژیمەکەی [لەو کاتدا] ٣٠ میلیارد دۆلاری تێ‌چووە.

ئەو پرۆژە زەبەلاحەی کۆماری ئیسلامی بەو بڕە زۆرە تێچووە بۆ بەرنامەی ئەتۆمیی ڕێژیم بچووکترین قازانجی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە هیچ، بەڵکوو بە سەدان میلیارد دۆلاریشی زەرەر لە ئابووریی وڵات داوە و خەساری زۆری هێناوەتە گۆڕ. خەزێنەداری ئەمریکا لە ساڵی١٣٩٤دا، باڕستی ئەم خەسارانەی بە بڕی ٥٠٠ میلیارد دۆلار بەراورد کردوە. "دنیای اقتصاد"یش کە ماڵپەڕێکی سیاسی-ئابوورییەوە لە نێوخۆی وڵاتدا دەردەچێ، لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٥دا و لە ڕاپۆرتێکدا نووسیبووی کە "تێچووی سزا ئابوورییەکان بۆ ئێران ٤٠٠ میلیارد دۆلار بووە."

ڕکەبەرییە ئایدیۆلۆژیک و ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پاڵپشتی‌کردن لە گرووپ و




میلیشیاکان لە زۆت لە وڵاتانی ناوچە یەکێکی دیکە لە پرسگەلی گرینگە کە دیار نییە بەدرێژایی ٤٤ ساڵی ڕابردوو، چ تێچووەکی بۆ ئابووریی ئێران هەبووە. ساڵی ڕابردوو، ناوەندی پێداچوونەوە ستراتیژیکییەکانی ڕێکخراوی سەرۆک‌کۆماری لە کاتێکدا کە،"حەسەن ڕوحانی" لە دەسەڵاتدا بوو، بە بڵاوکردنەوەی دەقێک بە شێوەی ناڕوون ڕەخنەی لە پێشیەتییەکان (ئەولەوییەتەکان)ی حکومەت بۆ پشتیوانیی هەمەلایەنە لە "ئۆممەتی ئیسلام" گرت و نووسیی: "پاڕادایمی سیستمی حوکمڕانیی ئێستا دەکرێ بە پاڕادایمی (ئۆممەت_گەل) ناو ببرێ، کە بەرهەمی لێکدانی دژبەیەک لە دوو پاڕادایمی (بەرژەوەندییەکانی ئۆممەت) و (بەرژەوەندییەکانی گەل)ە.

ئەو ناوەندە ئاماژەی کردبوو کە لە پاڕادایمی ئێستای حکومەتدا بەرژەوەندییەکانی ئۆممەت گرینگتر و لەپێشترن لە بەرژەوەندییەکانی گەل! هەر لەو ڕووەوەیە کە کەسێکی دانیشتووی وڵاتێکی تر و بە بیر و بڕوای هاوبەش لەگەڵ "ئۆممەت" لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە بەبایەختر و لەپێشترە لە کەسێک کە لە هەمان جوغرافیای_سیاسیدا لەدایک بووە و لێی دەژی و بەشێک لە گەلە."

**ڕاپۆرت: ئیندیپێندت**
**ڕەزە شنۆیی کردوویەتی بە کوردی**

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# زاوای خراپ
# بەڕەی خەزووری دەخاتە سەر ئاو

سەد هەزار خۆزگەم بە جاری جاران، مەبەستم سەردەمی چەندین ساڵ لەمەوبەرە. زۆر لەمەوبەریش نا، تەنیا سی چل ساڵ پێش ئێستا، ئەوکات ئەم بێنەوبەردەیە وا بە چڕی نەدەقەوما. ئەم هات‌وهاوارەی ڕاگەیاندن و تۆڕی کۆمەڵایەتی و نازانم چی و چییە سەری هەڵنەدابوو و ماڵی لە هەموو لایەکی نەشێواندبوو.

لەوان سەردەماندا کچ و کوڕ بەزەحمەت جێی‌ژوانیان دەدۆزیەوە و بۆ بەیەک‌گەیشتن زۆر ماندوو دەبوون. ئەگەر کوڕ و کچێک ویستبایان بە یەک بگەن، زۆر کون و کەلێن و کەلەبەریان ڕەچاودەکردن و لە کۆتاییدا شوێنێکی گونجاویان بۆ خۆیان دەدۆزیەوە. ئەگەر کەمێک بە وشیارییەوە جووڵابانەوە، کەم وا دەبوو خەڵکی دیکە هەست بە خۆشەویستی یان پێوەندیی نێوانیان بکەن. ئەوکات نەک هەر سۆشیال میدیا و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و مەتەلایت و لەتەلایت و شتی وا نەبوون، بەڵکوو لە زۆر گوندان ئەم کارەبا و مارەبایەش نەبوو کۆڵان و مۆڵانان ڕووناک بکاتەوە. ئەگەر مانگەشەویش بوایە، لە گوندان دەتتوانی بەبن سێبەری پەلەسوانە و بن دیوارەاندا کەمێک خۆت ڕەدیواری بە قوڕەسوور سواخ‌دراو یان خڕەبەردی نێوچاوان دەرپەڕیوی دیوارەاندا بخشێنی و بە فیکەیەکی باریک یان هاویشتنی دوو زیبکە بەردی بچووک کچە حەیرانێ ئاگادار بکەیەوە و پاشانیش بە کەیفی خۆتان... .

کوڕ و کچی بێ‌عەلاوە هەر هیچ، خۆ ژنی بەمێردیش بۆ ئەوەی هەست بە بەرەوژوان ڕۆیشتنی نەکەن، لە تاریکایی نێوەشەواندا بێ‌هەست خۆی دەگەیاندە کوڕە حەیرانێ. ئەدی ئەوە نییە بەگۆرانی دەیانگوت: "هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕ بی، باب‌مردوو بی شەو درەنگە بۆ جێ‌ژوانێ/ ئەوە ڕۆژی ڕووناکە هەموو عالەم دەزانێ؟"

دزی‌کردنیش هەر دزی‌کردنی جاران. ئەگەر شەوانە شنەبایەکی هاتبایە و گەڵا و پەلکی داران و بڕکەی بێستانانی لێکدابا، خشە و مشەیەکی وای دەخولقاند کەس هەستی بە دزیی بێستان و بەری باخان نەدەکرد. لەنێو گوندانیش دیواری بە قوڕ و بەردی تەویلە و کولێنان کون دەکران و گا و گۆل و مەڕ و ماڵات و زۆر شتی دیکەیان پێدا ئاودیو دەکرا. سەگەلی پاسەوانی هۆڵ و ئاغەڵانیش بە پەلکە نان و پارچە گۆشتان کڵاویان دەچووە سەر و بە بێدەنگی دەستیان بە کلک ڕاوەشاندن دەکرد. لە شاران کار لەمەش ساناتر بوو. خاوەن‌ماڵان لەم نێو حەشیمەتە زۆرەدا باش دەخافڵان و بە سووک و هاسانی دزییان لێی دەکرد.

ئەو سەردەمی زۆر خۆش‌تر بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەم ماهوارە و ئینترنێت مینترنێتە کاری خرا کردوە. ئێستا لە جیاتی بن دیوار و بن دەوڵان و کادێن و ڕێگای قوتابخانە و کۆڵان و پارکان دەکرێ لە شوێنی زۆر ساناتر بە گراوێت بگەی. ئێستا دەکرێ هەر لە ماڵی خۆتەوە یان لە شوێنی کارکردن و خوێندن و شتی واش پەنجە بە ڕووبەری مۆبایل یان کامپیۆتێرەکەتەوە بنێی و هەرچی پێت خۆش بوو بۆ گراویی بەرێ بکەی. لەگەڵ ئەم هەموو کارئاسانییەدا، کێشەی نوێش سەریان هەڵداوە. هاک‌کردن و دزینی زانیاری وکۆپی‌کردنی چات و دزینی ڤیدیۆ و زۆر شتی ترشتریش، بەڵای ئەم سەردەمەن. لەبەر ئەوانە ژوان و موانی ئەم سەردەمە گرفت و ترس و لەرزی زۆرترە.

جاری جاران ئاغا و شا و گزیر و کوێخا و کاربەدەستان هەرچی خواردبایان و پاشقولیان دابا، تەنیا چەند کەسێک چاویان پێی‌دەکەوت و پاش ماوەیەک لەبیر دەکران. ئێستا وەک جاران نییە و ئەم میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتی و شتانە خێرا هەموو شتێک لە هەڵلا دەدەن.

بە تایبەت کاری پاشقولدان ئەمڕۆ بۆ بەرپرسان و دەستەڵاتداران بووەتە پێوستییەکی ڕۆژانە. ئەو بەرپرس و دەستەڵاتدارانەی ناچارن ڕۆژانە پێداویستیی خەڵک و هاووڵاتیان گران بکەن، پێداویستیی لە ڕادەبەدەری خۆیان تەنیا لە ڕێگەی پاشقوڵدان جێبەجێ دەکرێ. پاشقولدان لە نێو ترس و لەرز و مەترسیی ڕاپەڕینی خەڵکدا لە ڕادەبەدەر پێویستە.

ئەوە نییە سەرۆکی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی بەم هەموو کوێرەوەری و زەحمەتەی لە فەرماندەیی پۆلیسی ئینتیزامییەوە کێشای و بوو بە شارەدار و ئەم هەموو پارەیەی کۆ کردەوە و دوایی بوو بە سەرۆکی مەجلیس و بە ڕاو و تەکبیری کەسوکاری نزیکی خۆی بیری لە داهاتوو کردەوە و خێزانی ناردە تورکیە و دوو دەستە خانووی بۆ ڕۆژی هەڵات هەڵاتێ بکڕێ و لەوێ هەم پارەیەک لە بانکان دابنێ و خانووەکانیش بەناوی خۆی بکا، بەڵام زاوا لەچەرەکەی لێی تێکدا. ئەو هەتیوەی زاوای لە کاتێدا هێشتا منداڵیان لە زگی دایکیدا بوو، لە تورکیە کۆڵێک جلی هەرزانی تورکانی بو کڕیبوو. ئاخر بڵی هەتیوە مل شکاوە دەست‌قووچاوە ئەوە نییە خەسوو و خەزوورت بۆ پاشەڕۆژێ خانوویان لە تورکیە کڕیوە و پارەیان لە بانکان داناوە. ئاخر بڵی هەتیوە لەچەرە بۆ وات کرد ئەو بارگە و بنە

بکەوێتە بەر کامێرای ئەو بەرهەڵایانەی لە فرۆکەخانە خۆیان بۆ ئەم دەرفەتانە حەشار داوە؟

منداڵی ئەم سەردەمە ئەوا هیچ و پووچە بە دوو دەست جلی شڕی منداڵێکی هێشتا لەدایک نەبوو، بەڕەی خەزووری دەخاتە سەرئاو.

تۆ خوا حەقی ئاغای قالی‌باف نییە بە زاواکەی بڵێ، "هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕ بی کۆستکەوتوو بی لەگەڵ دیاری هێنانێ/ پیلانمان ئاشکرا بوو هەموو خەڵک دەزانێ".



# کوڕم، خەیری!...

## (پێشکێش بە ڕوحی بەرزی شەهید خەیروڵڵا عەبدولکەریم)

و: وریا ماملێ

(ابولحسن تفرشیان) کە بە ڕەچەڵەک فارسە و لە کۆنە ئەفسەرە چەپەکانی ئەرتەشی ئێران بووە؛ چارەنووس دەگەڵ هەندێک لە هاوبیرانی هەڵیاندەدێرێتە کۆماری کوردستان. دەگەڵ تێکچوونی کۆمار وێڕای بارزانییەکان و بەشێک لە پێشمەرگەکانی کۆمار بە فەرماندەیی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، دەگەڵ ئەرتەشی ئێران شەڕ دەکەن و پاشی پاشەکشەی هێزە کوردییەکان بەرەو سنووری عێراق، ئەوانیش دەگەڵ کوردەکان خۆیان ڕادەستی دەوڵەتی عێراق دەکەن. تەفریشیان لە کتێبەکەیدا بە ناوی (قیام افسران خراسان)، بیرەوەرییەک لە شەهیدی هەرگیز نەمر خەیروڵڵا عەبدولکەریم و دایکی دەگێڕێتەوە کە بە پێویستم زانی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی تا زۆرینەی کورد ئەو بەسەرهاتە بزانن کە دڵنیام کەمترین کورد لێی ئاگادارە. تەفرێشیان ئاوا دەگێڕێتەوە:

لە زستانی ساڵی ١٩٤٦ز لە شاری شنۆ، دەگەڵ کوڕێکی لاو ئاشنا بووم کە ناوی "خەیروڵڵا" بوو. لەبەر ئەوەی هەموویان بە "خەیری" بانگیان دەکرد، بۆیە منیش لێرەدا هەر بە خەیری ناوی دێنم. ئەو لە ئەفسەرە کوردەکانی ئەرتەشی عێراق بوو کە پەیوەست بە شۆڕشی بارزانییەکان ببوو. پلەی سەروان (قائدالمنتخب – Cap-tain) بوو و دەگەڵ بارزانییەکان هاتبوو بۆ ئێران و تێکەڵ بە ئەرتەشی حکومەتی میللی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی قازی محەممەد ببوو، و لە مەهاباد دەگەڵ کچێکی یەکجار جوان زەماوەند کردبوو. لەپاش هێرشی ئەرتەشی ئێران، ئەویش هاوڕێ دەگەڵ بارزانییەکان پاشەکشەی کرد.

سەروسەکوتی لە پیاوێکی چل ساڵە دەچوو، بەڵام ئاکار و هەڵسوکەوتی بەتایبەت کاتێک کە بە سواری ئەسپەوە دەتدی، ئەوەندە شارەزا و لێهاتوو بوو دەتگوت ئەو لاوە تەمەنی لە ٢٥ ساڵ تێناپەڕێ، لە ڕادەبەدەر هەڵسووڕ و گورجوگۆڵ بوو، وورەی بەرز و کەسێکی گەشبین بوو. تەنانەت گەر هەواڵێکی لە ڕادەبەدەر ناخۆشیشی بیستبا، ئەو لایەنێکی گەشبینانەی لێ دەدۆزییەوە.

کەسێکی ئێلی بارزان ڕادیۆیەکی کۆنی هەبوو کە بە باتری کاری دەکرد. هەندێک شەو کە دەرفەتمان نەدەبوو گوێ بگرینە دەنگوباسەکان، بۆ سبەی خەیری دەهات و گشت دەنگوباسەکانی بە شرۆڤەکانەوە بۆ دەگێڕاینەوە، ئاخر ئەو یەک لە گوێگرانی توندوتۆڵی ڕادیۆ و دەنگوباسەکانی بوو. بۆ وێنە کاتێک ڕادیۆ مەسکەو دەیگوت کە: "لە دم و فلچی دمدرێژەکان دەدەین"، خەیری دەهات و بۆی شرۆڤە دەکردین کە ئیتر لە سبەی تاوهەڵاتان ڕا، ئەرتەشی سوور لە باکووری ئێرانەوە هێرش دەکاتە سەر ئێران و ئەو ئەرتەشە درەی ئێران لەتوپەت دەدا و سەرلەنوێ دەوڵەتی میللیی کوردستان دادەمەزرێتەوە.

ئەرکی خەیری دابینکردنی خواردەمەنی بۆ بارزانییەکان بوو. هەرکات لە سەفەری کڕین و دابینکردنی خواردەمەنییەکانی ئێلی بارزان دەهاتەوە، کۆمەڵێک دەنگوباسی تایبەت بە خۆی بۆ دەهێنایەوە:

"فڵانە عەشیرەت پشتی قورئانیان مۆر کردوە و سوێندیان خواردوە کە گەر بێت و شەڕ هەڵبدات، پشتی بارزانییەکان دەگرن"، "فڵانە هۆز ڕق و قینی خۆی بەرانبەر بە ئەرتەشی شای دەربڕیوە"، "باوکی سەرۆکی فڵانە عێل کە لە سەردەمی ڕەزاشادا کوژراوە، گەر عەرز و ئاسمان سەر لێکدەن، ئەوانە هاوکاریی لەشکری ئێران ناکەن"و... . ئیتر لەو چەشنە خەبەرانەی بۆ دەهێنایەوە. کورت و کرمانجی، لە گشت دەنگوباسەکانیدا وا دەردەکەوت کە تەواوی گەلی کورد یەکگرتووانە لە پشتی بارزانییەکان وەستاون، گەر بێتو هەوردووی ئێران یەک فیشەک بهاوێژێ، ئەوە تورتوتوونا دەبێ. خەیری جگە لەوەی بۆخۆی لاوێکی زۆر گەرم و گەشبین بوو، ئەو گەشبینییەشی دەرشاندە دەوروبەرییەکانی.

لە شنۆیە ڕەنگە ئێستا هەبن کەسانێک کە شایەدی بۆ ئەوە دەدەن کە خەیری چەندە بنەماڵەکەی خۆی خۆش دەویست و چ پێوەندییەکی دڵسۆزانە، دلۆڤانە و مێهرەبانانەی دەگەڵیان هەبوو. من بە چاوەکانی خۆم بینەری ئەوە بووم کە ژنبرا گچکەکەی خۆی هێنابوو بۆ حەمام و وەک منداڵی خۆی بە ناز و دڵسۆزییەکی لەڕادەبەدەر دەیشۆشت و ویشکی دەکردەوە. خەیری بەڕوونی پێشانی دەدا کە نەتەنیا پیاوێکی دلێری گۆڕەپانی شەڕ و ماندوونەناس بوو، بگرە بە واتای وشە، پیاوێکی ئەرکناس بۆ بنەماڵەکەی بوو.

بەڵێ؛ ئەرتەشی ئێران هێرشی کرد و بارزانییەکان دوای شەڕێکی چەند ڕۆژە، لەڕووی ناچاری بەرەو سنوورەکانی عێراق پاشەکشەیان کرد. لە گەرمەی پاشەکشەکەدا خەسوو و ژنبراکەی لە شنۆ مانەوە بەڵام هاوژینەکەی دەگەڵی هات.

بەسەرهاتی ئێمە لەسەر سنووری عێراق ڕا دەست پێ دەکا. ئێمە چەند ئەفسەر بووین کە لەو پاشەکشەیەدا هاوڕێی بارزانییەکان بووین. لێرە لەسەر سنوور کە هەموومان لێمان قەوماوبوو، هاوکات سەردانی ئەو بنەماڵانەمان دەکرد کە دەماننناسین تا بزانین چۆنن؟ سڵامەتن! لەپڕ تووشمان بە تووشی سەروان خەیری کەوت کە لە جێگاوبانەکەیدا درێژ بووە و دەناڵێنێ. تایەکی توندی هەبوو و جارجارەش وڕێنەی دەکرد و هەتەران و پەتەرانی دەگوت. زۆربەی کوردەکان بە دوو یا سێ پلە لە دە لە هاڵاو، هاواریان دەگەیشتە ئاسمان جا چ بگا بە خەیری کە پلەی تای گەیبوویە دوو یا سێ هێندە. لەپڕ سەری هەڵێنا و بە نیشانەی دڵخۆشبوون بە دیدارمان، سەری جووڵاند. داوای لێ کردین لەلای دانیشین و پاشان بەدەم ناڵینەوە بە زمانی تورکی گوتی: "داواتان لێ دەکەم هاوسەرەکەم قایل بکەن بگەڕێتەوە مەهاباد، من نەخۆشم و ناچاریشم خۆم ڕادەستی دەوڵەتی عێراق بکەمەوە. لە ئەرتەشی عێراقدا لە دوورەوە بە لەسێدارەدان حوکم دراوم، ڕوون نییە چ چارەنووسێک لە چاوەڕوانیمدایە! هاوژینەکەم دەبێتە بەربەست لەبەر ژیانمدا و زیاتر ئازارم دەدا و خەمی لێ دەخۆم و وورەم دادەبەزێنێ، جگە لەوەی جوان و خانمیشە ... تکایە داوای لێ بکەن بگەڕێتەوە بۆ مەهاباد، با خەمی ئەویش نەخۆم.

ئێمە دەماندی کە ژنەکەی وەک پەپوولە بە دەوریدا دەهات و دەچوو و ورەی دەدایە و دەیگوت: "خەم مەخۆ خەیری گیان، زوو چاک دەبێوە..." کاتێکیش کە خەیری باسی گەڕانەوەی هاوژینەکەی بۆ مەهابادی دەگەڵ کردین، ژنەکەی هاتە دەنگ و گوتی: "لەخۆڕا پەلەقاژە مەکە و خۆت ماندوو مەکە، هەموو ئەو قسانەت پێشتر بەخۆم گوتوە، قسەی ئەو بەڕێزانەی هاوڕێشت هەر بارتەقای داواکەی خۆت لام بڕ دەکات. ئاستەمە من تۆ لەو دۆخەدا بەجێ بهێڵم، من ژنی تۆم و لە هەر دۆخێکدا و لە هەر شوێنێک بی و بۆ هەر شوێنێک بچی، دەگەڵت دێم و لە چارەنووستدا هاوبەشم و تا ئەوکاتەی گیانت لەبەربێ، لەپەنات نابزووم و گەر مردیشی..."

لێرەدا ڕووی وەرگەڕاندەوە لای ئێمە و بەو مانایەی کە قسەی ئەوانەش کارم تێ ناکات. ئێمەش کە دەشمانزانی قسەکانمان کاریگەریی لەسەر ژنەکەی خەیری نییە دیسانیش هەر پێمان گوت: "لەبەرئەوەی تۆ ژنێکی جوان و جحێڵی و بەتایبەت کە ژنی کەسێکی کە حوکمی لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە، بە دڵنیاییەوە لە عێراق کۆمەڵێک مەترسیت لەسەر دەبێ. ڕەنگە بێڕێزیت پێ بکرێ و تەنانەت هەتکیشت بکەن، لە دۆخێکی ئاوادا ئازارەکانی مێردەکەت زیاتر دەبێ و ورەی زیاتر دەڕووخێ. ئەگەر مێردەکەت خۆش دەوێ دەبێ بگەڕێیەوە مەهاباد. بەگشتی ئەنجامی کارەکە لە دوو حاڵەت بەدوور نییە، یان مێردەکەت ئازاد دەکرێ و دێتەوە لات لە مەهاباد، یان لەسێدارە دەدرێ و ئەوکات چ فەرقێک ناکا کە لە مەهاباد بی یان لە بەغدا... ."

دیار نەبوو کە قسەکانمان کاریگەریی لەسەر ئەو ژنە دانا یان نا! بەڵام کاتێک خەیریمان لە عێراق دیتەوە ژنەکەی دەگەڵی نەبوو. ئێمەش بۆ ئەوەی خوێ نەپرژێنینە نێو برینەکانی چمان لێ نەپرسی. وا وێدەچوو کە گەڕابێتەوە بۆ مەهاباد.

ئێمە لە خاکی عێراقدا و لە ناوچەیەک بە ناوی (بافستیان) کە ناوەندی هێزەکانی ئەرتەشی عێراق لەوێ بوون، دیسان دەگەڵ خەیری بەیەک گەیشتینەوە. ئەو ئێستاش هەر نەخۆش بوو و چاک نەببۆوە، بەڵام ئەفسەرانی ئەرتەشی عێراق، بەهۆی ئەوە کە پێشتر خەیرییان دەناسی، لە بواری داو و دەرمانەوە چاکی پێ ڕادەگەییشتن. بۆ ڕۆژێک دواتر وڵاخێکیان بۆ هێنا و ئەویان سواری وڵاخ کرد و ئێمەش بەپێیان وەڕێ کەوتین تا ناوچەیەک بە ناوی دیانان. ڕووداو لە دیانانەوە ئاوا دەستی پێ کرد.

دیانان یەکەم خاڵی سنووری بوو کە جادەی ماشێنڕەوی پێدا دەهات، لەوێڕا ئێمەیان سواری ماشێنێکی پشتئاوەڵە کرد. ئێمە زیندانییەکانیان دووبەش کردبوو و لە دوو ماشێندا جێیان کردبوینەوە و دوو ماشێنی سەربازیش (مصفحه) پاسەوانییان لێ دەکردین. دوو یان سێ کیلۆمیتر لە دیانان دوور نەکەوتبووینەوە کە لەلای چەپی جادەکەوە ژنێکمان دیت کە بە شڵەژاوی و ترسێکی زۆرەوە بەرەو جادەکە هەڵدەهات و بە هات و هاوار شتێکی دەگوت. کە لێمان نیزیک بۆوە گوێمان لێ بوو کە دەیگوت: "کوڕم خەیری، کوڕم خەیری!"

پاشان خۆی بە سینگی ماشێنەکەمان دادا. خەیریش سەری هاویشتە بنەوە و خۆی شاردەوە بە بێدەنگی بە منی گوت: "ئەوە دایکمە، پێی بڵێن کە من لێرە نیم."

بەڵام نە ئێمە زمانی دایکیمان دەزانی و نە شۆڕتەکان (پۆلیسەکان) ئیزنیان دەدا کە قسەی دەگەڵ بکەین. ماشێنەکە لەبەر دایکی خەیری ڕاوەستابوو و نەیدەتوانی بڕوا. دوو شورتە هاتنە خوار و دایکی خەیرییان لە ماشێنەکە دوور کردەوە و لە قەراخی جادەکە دایاننا. هەرکە ماشێنەکە وەڕێ کەوت، وەک برووسکە خۆی گەیاندەوە ماشێنەکە و خۆی هاویشتە بەر تەگەرەکەی و خۆی بە سینگی ماشێنەکە دادایەوە. ئەو ڕووداوە دوو یان سێ جاران ڕووی دایەوە. لە کۆتاییدا شورتەکان توندوتیژییان نواند و لاقی دایکی خەیرییان گرت و چەند میترێک لەسەر جادەکەی خشاندیان و لە جۆگەیەکی قەراخ جادەکە فڕێیان دا و بە تیژی خۆیان لە ماشێنەکە هاویشت و پێیان بە گازەوە نا بۆی دەرباز بوون.

کەس نەیزانی ئەو ژنە لەکوێ ڕا خەبەریان پێ دابوو کە کوڕەکەی لەو ماشێنەدایە. بەڵام وەڵامەکەی هەرچێکی بێ، سەرلەنوێ لە مزڵی داهاتوومانداندا کە خێوەتێکی بنکەی ئەرتەش بوو، دایکی خەیری لەبەر دەممیان قوت بۆوە. ئەو بنکەیە لە پەنای گوندێک بوو. هەر کە لە ماشێنەکان هاتینە خوار، دایکی خەیریمان دی کە لە پەنای خێوەتەکانی ئەو بنکەیە کرووشمەی کردوە و چەنەی لەسەر ئەژنۆکانی داناوە و دەڵێی پێشوەخت ملبەشوێنی ملبەکوێنبوونە. ئێستا چۆناوچۆن و بە چ ماشێنێک، پێش گەییشتنمان بۆ ئەو بنکەیە، خۆی گەیاندۆتە ئێرە؟ پرسیارێکە کە هەنووکەش وەڵامەکەییم نەدۆزیوەتەوە. نەتەنیا من بگرە هەمووکەس بە شورتەکانیشەوە سەریان سووڕمابوو. مرۆڤ تەنیا دەتوانێ هەست بکا کە ئەوە هەستی پاک و ڕۆحی پەپوولەئاسای دایکانەیە کە بەرامەی کوڕەکەی دەکا و بۆ هەر شوێنێک و بە هەر نرخێک بێ، خۆی دەگەیەنێتە کوڕەکەی تا بەڵکوو بتوانێ لە قۆرتانی قوتار بکا.

بۆ شەو بردیانین بۆ قەڵایەک کە گۆیا بنکەی شورتەیە. بە نێوبژیوانییەک و پاڕانەوەیەکی ئێمە، هەروەها پێدانی بڕەپارەیەک، شورتەکان قایل بوون کە خەیری و دایکی بۆ چەند خوولەکێک یەکتر ببینن. لەو دیدارە کورتەدا دایکی خەیری بێئەوەی یەک وشە قسان بکا، تەنیا لە ڕووخساری کوڕەکەی دەڕوانی و لێی ڕادەما. وەک بڵێی هەموو جەستەی چاو بوو. بە هەموو توانا و بڕستێوە لە کوڕەکەی دەڕوانی، بەو ڕوانینانەی دەیویست هەرچی مێهرەبانی و سۆزی دایکانەی دونیا هەیە، پێشکەش بە کوڕەکەی بکا. وەک ئاشقێکی سووتاو لە کوڕەکەی دەیڕوانی، بەو ڕوانینە بێدەنگەی، گشت قسەی دڵ و دەروونی دەکرد. تەنیا یەک وشە کە لەزاری هاتە دەر کە ئەوە بوو: "کوڕم، خەیری!... "

هەڵبەت خەیری ناوبەناو قسەی دەکرد، هەندێک شتی بە دایکی دەگوت. پێموابێ دڵداریی دەدایەوە و ئەهوەنی دەکردەوە و داوای لێ دەکرد کە بچێتەوە ماڵێ، بەڵام لەو ماوە کورتەدا، ئەو دایکە ئاشقانە دەیڕوانییە کوڕەکەی.

ئەوشەوە تێپەڕی و دەگەڵ یەکەم سپیایی ڕۆژێ، بەرەو کەرکوکیان بردین. لای تاوپەڕان لە کەرکوک بووین. ئێستا شەو نەنیشتبوو کە ئێمەیان بردە ئێزگەی شەمەندەفەر و سواری واگۆنێکی تایبەتییان کردین. لێرە ئیتر حاڵ و دۆخی خەیری خراپتر بوو، دەیناڵاند و هاواری دەکرد: انزل الطبیب فی سبیل الله... (دە ڕێی خودایدا دوکتورم بۆ بێنن).

واگۆنەکەی ئێمە بەلاوە بوو و دەرگاگەشی داخرابوو و هیچ ڕێگایەکی نەبوو کە بە واگۆنەکانی دیکەوە ببەسترێتەوە. دەرگایەک لە لایەکی واگۆنەکە بوو کە ئەویش گاڵە درابوو. دەستەکانی ئێمەیان دووکەس و دووکەس بەیەکەوە بەستبۆوە. خەیریش کە بەتەنیا مابۆوە، دەستەکانیان بە ئەسکەملەی واگۆنەکە بەستبۆوە. پاشی دەوری کاتژمێرێک کە شەمەندەفەرەکە وەڕێ کەتبوو، دیتمان دەنگێک لە پشتی واگۆنەکەی ئێمەوە دێ. وەک ئەوە دەچوو کە پشیلەیەک چرنووک لە دەرگای واگۆنەکە بدا و نووزەیەکی لێوەبێ. ئەو دەنگە سەرنجی پاسەوانەکانمانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. سەرۆکی پاسەوانەکانمان کەسێکی (مفوض – یاریدەدەری ئەفسەر) بوو. پۆلیسێکی لاو و زۆر لەخۆبایی بوو. ئاکاری وەک ئەو کەسانە دەچوو کە پاشەڵیان خاوێن نەبێ. تەنانەت چاووشەکەشی(گروهبان – Sergeant) وای بیر دەکردەوە. وەختەبوو باڵ بگرێ لە خۆشییان کە ئەو ئەرکەیان پێ ئەسپاردوە تا ئێمە بەرێتە بەغدا و لە هەلێک دەگەڕا تا کرمی خۆی بڕێژێ و وا پێشان بدا کە دەسەڵاتی هەیە. ئەمری کرد بە چاووشەکەی تا بزانێ ئەو دەنگە چییە! کاتێک چاووشەکە دەرگای نێوەڕاستی واگۆنەکەی کردەوە بە سەرسووڕمانەوە دیتمان کە دایکی خەیری لە پشت دەرگاکە ڕاوەستاوە! هەموومان واق ماین، ئەو ژنە لێرە چ دەکا! پتر لە دەیان واگۆن بەو شەمەندەفەرەوە نووساوە، ئەو چووزانێ کوڕەکەی لەو واگۆنە دایە! هیچ وەڵامێکمان بۆ ئەو پرسیارانە نەبوو. لە ڕێگای چاووشەکەوە کە تورکیی دەزانی، داوامان لە "مفوض"ەکە کرد تا ئیزن بدا ئەو دایکە لەلای کوڕەکەی دابنیشێ، بەڵام ئەو بە تووڕەییەوە وەڵامی داینەوە و ئەمری کرد تا دایکەکە وەدەر نێن و دەرگاکەش داخەنەوە. هەڵبەت خەیریش نەیدەویست دایکی لەو دۆخەدا ببینێ کە کوڕەکەی نەخۆش و دیل و یەخسیرە و، دەستیان بە ئەسکەملەکەوە بەستۆتەوە. هەرچۆنێک بێ دەرگایان لەسەر دایکی داخست. دیسان هاوار و ڕۆڕۆی دایکی خەیری دەستی پێ کردەوە، دەنگی چرنووکەکانی پتر ببوو. ئەو دیمەنە دڵتەزێنە تا بەری بەیانی بێبڕانەوە و بێپسانەوە، درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا چەند جارێک شورتەکان بە بێڕێزی و بە گرژییەکی نامرۆڤانەوە پاڵیان پێوە دەنا و لە پشتی دەرگاکەیان دوور دەکردەوە، بەڵام ئەو دایکە لە بەرانبەر ئەو هەموو دڵڕەقییە و بێڕێزییەدا نە یەک وشەی دەردەبڕی و نە بەربەرەکانییەکی دەگەڵ دەکردن، تەنیا سینگی دەکوتا و دەیگوت: "کوڕم، خەیری!... کوڕم، خەیری!..." نە دەپاڕایەوە، نە داوایەکی دەکرد، نە دژکردەوە یان ناڕەزایەتییەکی پێشان دەدا، تەنیا دەیگوت: "کوڕم، خەیری!... کوڕم، خەیری!..."



# بۆنبەستی گەندەڵی لە ڕێژیمی گەندەڵدا

کاروان مێراوی



ئەگەر بۆ دەستپێکی باسکردن لەسەر گەندەڵیی سیستەماتیک لە پێکهاتەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێراندا پێناسەیەکی کورت و گشتگیر لە گەندەڵی بکەین؛ دەتوانین بێژین گەندەڵی بریتییە لە کۆمەڵێک کەڵکاژۆ و خراپ بەکارهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەیی، حیزب، کەسایەتی و دەوڵەتی یان هەر جۆرە دەسەڵاتێک کە تاک یان گرووپێک هەیانبێت، بە واتایەکی تر بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی پلە و پۆست لە ڕێکخراو، حیزب، دەوڵەت و وڵاتەکان یان بەکارهێنانی سەرچاوە دارایی و ئابووری و سیاسییەکان وەکوو فریۆدانی خەڵک، دزیکردن، بەرتیلوەرگرتن، کەڵکاژۆ لە سامانە گشتییەکان و بەتایبەت لە داهات و پارەی گشتیی خەڵک، مامەڵەکردن لەسەر سامانی گشتی بە نهێنی و بە قازانجی تاک، گرووپ یان کۆمەڵەکەسێکی دیاریکراو کە ئەمەش بە نەخۆشییەکی مەترسیدار بۆ ڕێکخراو، حیزب، دەڵەت و وڵاتەکان و کۆمەڵگە بەگشتی دادەنرێت، هەروەها کاریگەرییەکی زۆر نەرێنیی لەسەر چەرخی پێشکەوتنی ڕێکخراو، حیزب، دەوڵەت، وڵات و کۆمەڵگەکاندا دەبێت و دەتوانێت زۆر بە سانایی چەرخی پێشکەوتن و گەشەکردن لەکار بخات و درزێک لە بناغە و باوەڕ و متمانەی نێوخۆیی دەسەڵاتەکان هەر لە ڕێکخراوێکی بچووکەوە تاکوو دەسەڵاتی وڵاتێکی گەورە و لە هەمووی گرنگتر لە کۆمەڵگەدا دروست بکات. جۆرەکانی گەندەڵیکردن زۆرن، بەڵام لێرەدا تەنیا چەند نموونەی بەرچاو ئاماژە پێ دەکەین؛ وەکوو گەندەڵیی سیاسی، ئابووری، پیشەیی، ئاکاری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی کە شرۆڤە و شیکردنەوەیان مژاری سەرەکیی ئەم نووسینە نییە.

ڕێکخراوی شەفافییەتی نێودەوڵەتی، بە شێوازێکی سادەتر پێناسەی گەندەڵی کردووە و دەڵێت گەندەڵی بریتییە لە خراپ کەڵکوەرگرتن لە پلە و پۆست و دەسەڵاتی باوەڕپێکراو و متمانەپێدراو لە پێناو بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکەکەسی یان کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو.

## گەندەڵیی سیستەماتیکی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران

بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر دۆخی ئەو سەردەمی وڵات و نەتەوەکانی چوارچێوەی ئەو وڵاتە و هەروەها پێکانی ئامانجە تاکەکەسی و گرووپییەکانی بازنەی دەسەڵاتێک کە پێشتر پلان و بەرنامەیان بۆ داڕێژرابوو، گەندەڵییان وەکوو چەکێک بۆ شەڕی نەرم لەگەڵ خەڵکانی وڵات بەکار هێنا. بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمەکان بەڕێوەبەرانی سەرەکیی ئەو ڕێژیمە زیاتر پەرەیان بە گەندەڵییەکان دا و هەنووکەش بووە بە قەیرانێکی سەرتاپاداگر و لە سەرجەم دامودەزگاکانی خودی ڕێژیم لە سەرەوە تاکوو خوارەوە تەشەنەی کردووە. گەندەڵی جیا لەوەی کە خەڵکانی ئەو وڵاتەی بێزار و تووڕە کردوە، بووەتە خۆرکەش بۆ گیانی بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیم و لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمدا ڕەنگدانەوەی دیار و بەرچاوی هەیە.

گەندەڵی لە ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە تەنانەت نەک تەنیا بەهیچ شێوازێک بە میدیاکان و بەرپرسانی ڕێژیم پەردەپۆش ناکرێت و ناشاردرێتەوە، بەڵکوو زۆر جاریش کێشەی گەورەی لەنێوان بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لە سەرەوە بۆ خوارەوە دروست کردووە کە داوای دادگاییکردنی یەکتر دەکەن و زۆر جاریش خودی بەرپرسانی ڕێژیم لەم دیاردەیە وەکوو هەلێک بۆ شەڕی باڵباڵێنی ڕواڵەتیی نێوان خۆیان کەڵک وەردەگرن.

بەرپرسانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە درێژەی هەمان سیاسەتی "تفرقە بینداز و حکومت کن"، واتە ئاژاوە بگێڕە و دەسەلات بەدەستەوە بگرە، بۆ تێکدانی شیرازەی بنەماڵەکان، بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە و سەرجەم ئامانجە قرێژەکانی ڕێژیم تاکوو بە ئاسانی درێژە بە سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی خۆیان بدەن، گەندەڵی وەکوو بەشێکی سەرەکیی پیلان و بنەمای بەرنامە تێکدەرانەکانی خۆیان بۆ داپڵۆساندنی خەڵکانی چارەڕەشی چوارچێوەی ئێران پەرە پێ داوە. لەو نێوەدا بەداخەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو بەشێکی کۆلۆنیکراوی ئێرانی سیاسیی هەنووکەیی، بێبەش نییە لەو دیاردە مەترسیدارە و بگرە لە کوردستاندا بە ئامانجگەلێکی جیاوازتر زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پەرەیان پێ داوە.

## گەندەڵییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم و کەڵکاژۆ لە دەسەڵات و سامانی وڵات

بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تاڵانکەری ئێران هەنووکە دەستیان بەسەر گشت دارایی و سامان و داهاتی وڵات داگرتووە و پاوانی خۆیانیان کردووە. منداڵانی گشت بەرپرسانی سەرەوەی ئەو ڕێژیمە لەسەر سامانی گشتیی وڵات و داهاتی خەڵکی چارەڕەشی ئێران لە وڵاتانی ڕۆژاوایی و بەتایبەت ئەمریکا و کانادا تەڕاتێن دەکەن و سەرەڕای ئەوەش؛ دروشمی مەرگ و نەمان بۆ ئەمریکا بووەتە بنێشتەخۆشەی سەر زاریان. کار گەیشتووەتە جێیەک کە کارناسانی ئابووریی سەر بە خۆشیان دەڵێن کە نەبوونی یاسایەکی وەڵامدەر و بەرگێرەوە، سستی و لاوازیی دامودەزگاکان و بەتایبەت دەزگا چاوەدێرییەکان، نەبوونی شەفافسازی، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و گرووپییەکان و خۆدزینەوەی بەرپرسان و کاربەدەستان زۆرترین هۆکاری گەندەڵین لە وڵاتدا و تاکوو ئەو کێشانەیش چارەسەر نەکرێن، ناکرێت گەندەڵییەکان بنەبڕ بکرێن، بۆ چارەسەریی ئەم دیاردەیەش دەبێت هەر لە سەرەوە دەست بە چاکسازی بکرێت.

بەڵام ڕوونە کە بەپێی ئەوەی کە ئاڵاهەڵگرانی گەندەڵیی وڵات بەرپرسانی سەرەوەی ڕێژیم و لە قۆناغی یەکەمدا خودی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمە و لە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ئەو ڕێژیمە پاوانخوازەشدا هیچ کات و هەر بە خەونیش دەرفەت بەو چاکسازی و بەربەرەکانێیە نادرێت.

بەپێی ئامارێک کە هەواڵدەریی "ڕۆیتێرز" لە ڕاپۆرتێکی لێکۆڵینەوەیی تایبەت بە میرات و دارایی و سامانی تاکەکەسیی "خامنەیی"، لە ٢٠ی خەزەڵوەری ساڵی ٢٧١٣ی کوردی (١١ی نۆڤامبری ٢٠١٣ی زایینیدا) بڵاوی کردووەتەوە، سامان و دارایی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران زیاتر لە ٩٥ میلیارد دۆلار مەزندە کراوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاشکرای کردووە کە زۆرترین دارایی و سامانی ڕێبەری ڕێژیم لە ناوەندێکی فۆرماڵیتە بە ناوی "ستادی فەرمانەکانی خومەینی"دا هەنبانە بووە و بەشێکی زۆری سەرچاوە ئابوورییەکانی وڵات و بەتایبەت نەوت و بازاڕی دراو لەژێر کنترۆڵی ئەو ناوەندەدایە و بناغەی ئابووریی وڵاتی ئێران، سامان، دارایی و داهاتی خەڵکانیش لەلایەن ئەو ناوەندەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

خاڵێکی گرنگ کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەی پێ کراوە، ئەوەیە کە؛ بەشێکی زۆر لە دارایی و سامانی ئەو ناوەندە، ماڵ، ملک، سامان و دارایی بەهایی و بازرگانەکان و ئەو هاووڵاتییانەی ئێران کە بە هەر هۆکارێک پەڕیوەی دەرەری وڵات بوون، هەروەها ئێرانییەکانی دژبەری ڕێژیم، بەندکراوانی سیاسی و ئایینی و بەتایبەت کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم لە دەرەوەی وڵاتن و ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەو ناوەندە بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی و دادوەری و بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆی هەیە دەست بە سەر ملک، دارایی، داهات و سامانی هاووڵاتییانی ئێران لە سەرانسەری ئەو وڵاتە دابگرێت و بە بەردەوامییش ئەو کارەی کردووە.

پێشتریش "بێهزاد نەبەوی" کە یەکێک لە کاربەدەستانی پێشووی ڕێژیم بووە و چەندین پۆست و بەرپرسیارەتیی گرنگ وەکوو وەزیری پیشەسازیی، چەند دەورە جێگری سەرۆکوەزیران و جێگری سەرۆکی پارلەمان و ...هتد لە ئەستۆی بووە، لە پێوەندیی لەگەڵ گەندەڵییەکانی بەرپرسانی ڕێژیم ڕایگەیاندبوو کە "ناوەندی فەرمانەکانی خومەینی"، "قەرارگای خاتەمولئەنبیا"، "ئاستانی قودس ڕەزەوی" و "بونیادی موستەزەعفان" کە ڕاستەوخۆ سەر بە بەیتی ڕێبەریی ڕێژیم و نووسینگەی خامنەیین، دەستیان بەسەر زیاتر لە سەتا ٦٠ی دارایی و سامان و داهاتی وڵاتی ئێراندا داگرتووە.

هەر لەم پێوەندییەدا "پەرویز فاتێح"، سەرۆکی "بونیادی موستەزەعفان"، ڕۆژی دووشەممە، ٦ی گەلاوێژی ٩٨، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند؛ ئەو ناوەندە لە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٣٦ هەزار میلیارد تمەن داهاتی بووە و زیاتر لە ٧ هەزار میلیارد تمەنی قازانج و داهاتی گەشتیاریی هەبووە. هەر بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ڕێژیم ئەو ئامارانەش ناڕاستن و داهاتەکان زۆر لەوە زیاترن کە ئاماژەیان پێ کراوە. هەر لەم پێوەندییەدا "ئەحمەد تەوەکۆلی"، کۆنەبەرپرسێکی بناژۆخوازی ڕێژیم کە پێشتر چەندین بەرپرسیارەتیی گرنگی لە ئەستۆ بووە، هەر لەو مانگەدا وێڕای ئاماژەدان بە گەندەڵییە لەڕادەبەدەرەکانی ئەو ناوەندە، بە میدیاکانی ڕێژیمی ڕاگەیاند کە پڕۆژەی چاکسازی و شەفافسازیی وڵات دەبێت لە بەیتی ڕێبەری و ناوەندە گرێدراوەکانییەوە دەستی پێ بکرێت و ئەو ئامارانەی کە لەسەر داهاتی ئەو ناوەندانە بڵاو دەکرێنەوە زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ناوەند و نووسینگە گرێدراوەکانی بەیتی ڕێبەری، نەیانهێشتووە و ناهێڵنیش کاری لەو شیوەیە بکرێت. ئەوە بوو کە ڕۆژی هەینی، ٢٥ی پووشپەڕی ئەمساڵ، ١٧ سێناتۆری کۆماریخوازی ئەمریکا لەسەر پێشنیار و هەوڵی سێناتۆر "تێد کرووز"، داوایان کرد کە گەمارۆکانی سەر ڕێژیم و بەتایبەت بۆ سەر ماڵ و داراییەکانی خامنەیی، کە سەرچاوەی گەندەڵی، دزیکردن و بە تاڵانبردنی ماڵ و ملکی خەڵکانی ئێرانە، زیاتر بکرێت.

ئەوە تەنیا ئاماژەیەکی زۆر کورت بوو بە گەندەڵی و بەتاڵانبردنەکانی خامنەیی، لە ماڵ، ملک، دارایی و سامانی خەڵکانی ئێران. ئەم شیوازە گەندەڵیکردنە هەر لە سەرەوەی بۆ خوارەوەی ئەو ڕێژیمە شۆڕ بۆتەوە و سەرجەم بەڕێوەبەران بەرپرسان و گشت دامودەزگاکانی ڕێژیمی داگرتوە.

هەر لەم پێوەندییە و لە ماوەی ڕابردووشدا، بەشی سەربازی و بەرگریی ڕێکخراوی شەفافییەتی نێونەتەوەیی، بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر گەندەڵییەکانی ڕێژیمی ئێران، دۆخی بەرگری و ئەمنییەتیی ڕێژیمی ئێرانی لە بواری گەندەڵییەوە بە قەیراناوی و کارەساتبار لەقەڵەم داوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتە جگە لە پێوەری پەیوەندیدار بە فەرمانبەران کە دۆخێکی پڕمەترسیداری دروست کردووە، پێوەرەکانی بەشی سەربازی، سیاسی، ماڵی، ئۆپەراسیۆنی و لۆجیستیکیی ڕێژیمیش لە دۆخی قەیراناوی و کارەساتباردان. پێشتریش هەواڵدەرییەکانی ڕێژیم و بەتایبەت ڕۆژنامەی "ئیقتساد"، بەپێی قسە و لێدوانەکانی بەرپرسی پۆلیسی ئەمنییەتی ئابووریی ڕێژیم بڵاویان کردبووە کە نێوەنجیی گەندەڵی و دزیکردن و بەرتیلوەرگرتن تەنیا لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی ڕابردوودا بەپێی بەراورد لەگەڵ دوو ساڵ پێشتر، پەروەندەکان سەتا ٦١ و تاوانبارەکانیش سەتا ٩٤ و (بەتایبەتی بەرتیلخۆری کە زۆر پەرەی سەندووە) بەرتیلوەرگرتن سەتا ٣٥٧ زیادیان کردووە.

دەبێت بڵێین گەندەڵییەکانی ڕێژیم لە کوردستان، بەهۆی سیاسەتی میلیتاریزەکردن و ئەمنییەتیی ڕێژیم چەند قات لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترن و بەتایبەت کە بە هۆی ڕوانگەی داگیرکەرانەی ڕێژیمەوە هیچ لێپرسینەوەیەک لە گەندەڵیی کاربەدەستانی ڕێژیم لە کوردستان ناکرێت.

***

**تێبینی:**

بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لە ئامار و داتای ناوەندەکانی ئامار، هەواڵدەری و ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی نێوخۆی ئێران، ، ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ناوەندە هەواڵدەرییە کوردییەکان لە نێوخۆ و دەرەوە، هەروەها لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ناوەندە هەواڵدەرییە فارسییەکانی دەرەوەی ئێران، وەکوو سەرچاوە کەڵک وەرگیراوە.

درێژەی لاپەڕەی ١٠

# کوڕم، خەیری!...

لەولای دەرگاکەشەوە خەیری بە دەستی بەستراو بە ئەسکەملەکەوە، نەخۆش و بێحاڵ یەکبەخۆی دەینااڵند و هاواری دەکرد: لە ڕێی خودایدا دوکتورم بۆ بێنن

دایکەکەشی لەولای دەرگاکەوە لە سینگی خۆی دەدا و بە چڕنووکان لە دەرگاکەی دەدا و هاواری دەکرد: "کوڕم، خەیری!... کوڕم، خەیری!..."

ڕۆژ بۆوە و تاو هاتە سەر سەرمان جا گەییشتینە بەغدا، یەکڕاست بردیانینە بنکەی ناوەندی پولیسی بەغدا بە ناوی (مرکز سرا). بە سەرسووڕمانەوە دیتمان کە دایکی خەیری لەبەر دەرگای بنکەی ناوەندی پۆلیس ڕاوەستاوە و چاوەڕوانی کوڕەکەیەتی تا دیسان بەو چاوە ئەویندارانەیەی لە کوڕەکەی بڕوانێ و هاوار بکاتەوە: "کوڕم، خەیری!... کوڕم، خەیری!..."

ئای کە دڵتەزێن بوو. هەموومان دەرد و خەمی خۆمان لەبیر چووبۆوە، لەتاوی ئەو دایکە جەرگ و هەناومان کەباب ببوو. لەو بنکەیە پاش هەندێک کاری ڕووتین لە ژوورێکی پیس و چڵکن، حەپسیان کردین. پاشی نیو کاتژمێر شوڕتەیەک هات و پاکەتێکی دا بە خەیری و گوتی ئەوە دایکت بۆی ناردووی. نێو پاکەتەکەدا نانێکی ویشک و حەوت یان هەشت دانە خورمای تێدابوو.

پاشی سێ ڕۆژان چارەنووسمان دیاری کرا و ئێمەیان لە (مرکز سرا) بۆ زیندانی (ئەبو غورەیب) ڕاگواست و خەیریشیان لە ئێمە هەڵبڕی و دایانەوە بە ئەڕتەش. بەو شێوەیە ڕێگای ئەو لە ئێمە جیا بۆوە و هیچ هەواڵێکمان لێی نەزانی. تەنیا لە ڕێگای ڕۆژنامەکانەوە دەمانخوێندەوە کە خەیرییان داوەتەوە بە دادگای عەسکەری. پاشی ٥-٦ مانگان یەک لە هاوڕێکانمان بە ناوی "عەلی ئەسغەری" گەیشتە لامان لە زیندان، باسی چارەنووسی خەیری و دایکە جەرگسووتاوەکەی بۆ کردین. عەلی ئەسغەری لە گەرمەی شەڕەکانمان دەگەڵ ئەڕتەشی ئێران بریندار بوو، بۆیە لەپێش هەمووماندا ئەویان ڕادەستی ئەڕتەشی عێراق کردبوو تا چارەسەری بۆ بکرێ. پاش ماوەیەک کە کەمێک بەرەو چاکبوونەوە دەچێ، لە زیندانی ناوەندی بەغدایان کردبوو. ئەو بۆی گێڕاینەوە کە:

خەیری لە هەموو شوێنێک بە هۆی ئەو دایکە دڵسۆزەیەوە ناوبانگی دەرکردبوو. دایکی لە هەموو شوێنێک بە شوێن کوڕەکەیەوە بوو. دەتگوت بۆن دەکا! بێئەوەی لە هیچکەس پرسیار بکا، لە هەموو شوێنێک کە کوڕەکەی لێبا، پێش کوڕەکەی لەوێ حازر بوو. کاتێک کە خەیروڵڵا لە پادگانی (قشلە) ئەڕتەش زیندانی بوو، دایکی بە بەردەوامی و بێ چرکەیەک وازهێنان لەبەر دەرگای پادگانەکە بوو. کاتێک خەیروڵڵایان دەبردە دادگا، بەدوایدا وەڕێ دەکەوت و بە هەمان شێوەش دەگەڵی دەهاتەوە زیندان. تەواوی ئەفسەرەکان و قازییەکان دایکی خەیروڵڵایان دەناسی. دڵدارییان دەدایەوە، هانیان دەدا کە بڕواتەوە ماڵێ، تەنانەت بە درۆ بەڵێنیان پێ دەدا کە کوڕەکەی بە زووترین کات ئازاد دەکرێ، بەڵام ئەو تەنیا یەک وشەی دەگوت کە: "کوڕەکەم دەنەوە با بیبەمەوە ماڵێ."

دواجار خەیرۆڵڵا بە لەسێدارەدان حوکم درا. ڕۆژنامەکانیش نووسییان کە لە زیندانی ناوەندیی بەغدا لە قەنارەیان دا، بەڵام دایکی خەیری هەر داوای کوڕەکەی دەکردەوە. بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەی کە بڕیاڕ بوو خەیری لە سێدارە بدەن، خەیری دوو ڕەکعەت نوێژ دەخوێنێ و خۆی ئامادە دەکات تا بەرەوپیلی مەرگ بچێ، لە بن داری قەنارە و کاتێک کە پەتەکەی لە مل دەکەن هاوار دەکات و دەڵێ: "من لاوێکی کوردم و شانازیی دەکەم کە لە ڕێی سەربەخۆیی کوردستاندا دەمرم..." لە کۆتاساتەکان و هەناسەکانیدا وەسیەت دەکا کە تەرمەکەی بدەنەوە بە دایکی.

هەر ئەو ڕۆژە بە دایکی دەڵێن کە کوڕەکەت لە سێدارە درا، بەڵام ئەو هەر دووپاتی دەکردەوە کە کوڕەکەم بدەنەوە با بیبەمەوە ماڵێ...

کوڕەکەیان دایەوە، بەڵام بێگیان.

چەند لە کوردەکانی دانیشتووی بەغدا هاوکاریی دایکی دەکەن و ماشێنێکی بچووکی پشتئاوەڵە بەکرێ دەگرن و ئەو شەهیدە قارەمانە کوردەی دەبەنەوە بۆ هەولێر. دەیانگێڕایەوە کە دایکی خەیری لە ماشێنەکەدا لەبن سەری تەرمی کوڕەکەی دادەنیشێ، سەری لەسەر تەرمەکەی دادەنێ و بێئەوەی گریان و ڕۆڕۆ بکا، دڵداری خەیری دەداوە: "ڕۆڵە گیان خەم مەخۆ، کە گەیشتینەوە ماڵێ حاڵت باشتر دەبێ..."

عەلی ئەسغەری لە زیندانییە کوردەکانی زیندانی بەغدا بیستبووی کە لە هەولێر خزم و قەومی خەیروڵڵا کۆ دەبنەوە و تەرمەکەی لە گۆڕستان بە خاک دەسپێرن و دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەڵام کە وشیار دەبنەوە دەبینن دایکی خەیرییان دەگەڵ نییە. کە بۆ سبەی دەگەڕێنەوە سەرگۆڕی خەیری، دەبینن کە دایکی خەیری سەری لەسەر گڵکۆی خەیرییە و سەری ناوەتەوە و گیانی داوە.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:822 5 May 2022

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
kdp.taskilat@gmail.com
+9647508483312


# «هێلانەی باڵندە کۆچەرییەکان» چاپ و بڵاو کرایەوە




«هێلانەی باڵندە کۆچەرییەکان» لە نووسینی ئەفشین ئەمیرئەمینی، ڕۆماننووسی خەڵکی شاری بۆکان چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم ڕۆمانە یەکەم بەرهەمی نووسەرە و باس لە بەسەرهاتی ڕاستەقینەی ژیان و خەیاڵیی نووسەر و چەند لاوی کورد دەکات و زیاتر ئەدەبیاتێکی کرێکارانەی پێوە دیارە. بەپێی ڕیوایەتی ڕۆمانەکە باوکی یەکێک لەو لاوانە لەسەر سنوور لەکاتی کۆڵبەریدا دەکوژرێ و دواتر ئەو پۆلە لاوە ڕوو دەکەنە شاری تاران و تووشی گیروگرفتی زۆر دەبن؛ پاشان لەگەڵ چەند ئەفغانی بە چارەنووسی هاوشێوەوە بەرەوڕوو دەبنەوە.

ڕۆمانی «هێلانەی باڵندە کۆچەرییەکان» لەلایەن پەخشانگەی «بیریار» لە ١٨٤ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.


ئەفشین ئەمیرئەمینی ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی لە شاری بۆکان لەدایک بووە و ئێستا نیشتەجێی شاری «تاران»ە.

# «شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات، ئەو شەڕەی نەدەبوا ڕوو بدا»

«شەڕی کۆمەڵە و دێموکرات، ئەو شەڕەی نەدەبوا ڕوو بدا» ناونیشانی تازەترین بەرهەمی چاپکراوی برایم چووکەڵی، کادری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە ٤٠٠ لاپەڕەدا چاپ بووە.

نووسەر لە پێشەکیی کتێبەکەیدا دەڵێ «ئەم نووسینە دەیەوێ بەرهەڵستی ئەو ئیدیعایە بێتەوە کە مەزنیخوازیی حیزبی دێموکرات و نەمر دوکتور قاسملوو بە هۆکاری ئەو شەڕە ناو دەبەن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەک دۆست بەڵکوو دوژمنیش دان بە فەرهەنگی دێموکراسی و ئاشتیخوازی لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا دادەنێ، تا ئەو ڕادەیەی کە لەپێناو دەستەبەری لانیکەمی ماف و دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان بە سازشکار بناسرێ، یان ئەوەی کە دواتر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرنامەی تیرۆری ڤییەتی ڕێک لەسەر ئەوە تایبەتمەندییەی نەمر قاسملوو، واتە ئاشتیخوازبوونی دارشت و بەداخەوە تێشیدا سەرکەوتوو بوو.»

برایم چووکەڵی لەو کتێبەدا لەگەڵ وروژاندنی کۆمەڵە پرسیارێک و گەڕان بەدوای وەڵامەکانیان،




خەسارناسیی شەڕی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی ٦٠ی هەتاویی کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاکامگیرییەی کردوە کە نەتەوەی کورد دەبێ ئەو قۆناغە بەجێ بێڵێ و بە ئەزموونوەرگرتن لە برین و کارەساتەکانی شەڕی خۆبەخۆ؛ ڕێگە لە دووپاتبوونەوەیان بگرێ و لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا بە یەکجاری وەلای بنێ.

«قەڵای بەرخودان»، «ڕۆژە سەختەکان»، «لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە»، «ئەزموونەکانی مودیرییەت و فەرماندەیی»، «چەپکێک لە حەماسەی پێشمەرگە»، «فەرماندەرانی شەهید»، «ئەستێرە گەشەکانی ڕێی خەبات» و «دشواری‌های راه مبارزە» ناونیشانی چەند بەرهەمێکی چاپکراوی برایم چووکەڵین.

## بەر لە ماڵاوایی

# «داستانی ڕاستان»




لە فیلمی بە ناوبانگی ‹‹پدر خواندە›› (باوەپیارە) ، شاکاری سینەمایی فرانسیس فۆردکاپۆلادا کۆبوونەوەیەک لەنێوان بنەماڵە مافیاییەکاندا بە ڕێوە دەچێ بۆ ئەوەی ساغ ببنەوە چەندی دەکرێ ناکۆکییەکانی نێوانیان کەم بکەنەوە. لە کۆبوونەوەکەدا لە کاتی قسەکردندا کوڕە گەورەکەی مارلۆن براندۆ بە تووڕەیی قسەیەک بە یەکێک لە ‹‹باوە پیارەکانی››تر دەڵێ کە هەر لەگەڵ گوتنەکەی باوکی شەپلاخەیەکی توندی لە بناگوێی دەسرەوێنی. ئەو وتووێژە و ئەو شەپلاخەیە دەبێتە دەسپێکێک بۆ ناکۆکی و کوشتارێکی بێوێنە بە جۆرێک کە کاریگەریی قووڵ لەسەر کۆمەڵی مافیاکانی ئەمریکا دادەنێ. هاوکێشەکانی دەسەڵات لە نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا وەبیرخەرەوەی دیمەنێکی ئەوهایە، ئەویش لەم ڕۆژە نائارامانەی کە دانوستانەکانی بەرجامی بێ ئەنجامی تێدا بەڕێوە دەچێت.

عەلی موتەهەری کە بە بناژۆخوازێکی میانەڕەو ناسراوە، لەم دواییانەدا نیازی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا لەقاو داوە. کوڕە گەورەکەی مورتەزا موتەهەری کە لە ساڵانی ڕابردوودا لەگەڵ ‹‹باهونەر›› لە مەجلیس بە ڕەخنەگرتن لە ئاکاری دەسەڵاتبەدەستان کار و پیشەیان دامرکاندنەوەی ڕق و تووڕەیی خەڵک و لەو ڕێگەیەوە یارمەتیدان بە درێژکردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان بوو ، ئێستا کە لە بازنەی دەسەڵات دوور خراوەتەوە، بە تانە و تەشەر هەڵدەکوتێتە سەر ئەم و ئەو و شانە زەرگەتەکان دەورووژێنێ. هەم لە پێکدان و هەم لە ماپێک شێوازی عەلی موتەهەری بوو ڕاگرتنی تۆسقاڵە پیوەندییەکانی لەگەڵ بەرەی ریفۆرمخوازەکان بوو؛ بەڵام دوایین ڕووداوەکان بوون بە هۆی ئەوەی کە بناژۆخوازە توندڕەوەکان چیتر لەگەڵ ئەو هێڵە هەڵ نەکەن و عەلی موتەهەرییەکانیان خستە پەراوێزەوە تاکوو ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێکیتر برۆن.

دنیای ئەمرۆ بەدەست ئەو ئاڵۆزییانەی رووسیە دروستی کردوە پێوە بووە و گێرەوکێشەکانی ئۆکراین ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر زۆربەی هاوکێشەکان داناوە. وزەی ناوکی کە ڕێژیمی ئیسلامی بە ‹‹مافی بێ ئەملاوئەولا›› ناوی دێنی، ئێستا ئاواری بەرەو ‹‹داماویی بێ ئەملاوئەولا›› گۆڕیوە. قسە و لێدوانەکانی خامنەیی کە حوکمی فتوایەکی بۆ بە حەرام زانینی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی وەرگرتبوو، لە دوای قسەکانی موتەهەری و وەلانراوەکانی دی، ڕەنگی تراژیدییەکی تاڵ و کارەساتباریان لە چارەنووسی ئێستای ئێراندا بە خۆیانەوە گرتوە.

بە فیرۆدانی چەندین میلیارد دۆلار لە گیرفانی خەڵکی ئێران کە لەو سۆنگەیەوە کەوتوونەتە قەیراناویترین دۆخی ئابووریی ژیانیانەوە، لە کەس شاراوە نییە و شوێنەونکەی پێ ناکرێ. خامنەیی هەر وەکوو ڕابردوو بە وتە بەلاڕێدابەرەکانی خۆی کە بە حاشا کردن لێیان هەموو کات سووکوچرووکیان دەکا، بێ گومان لەم دۆخەدا و لە ئاڵۆزییەکانی چواردەوری خۆیدا پتر چۆتە قاوغی ‹‹باوە پیارە››کەی فیلمی کاپۆلا.لەم نێوانەدا ئەوەی وەبەر چاو نایا چارەنووسی ژیان و بژێوی خەڵکی ئێرانە و کۆماری ئیسلامی لێ براوە کە باشتر وایە چیدی گەندەڵی و ناکارامەییەکانی خۆی لەبەر چاوی خەڵک نەشارێتەوە.

قسەکانی موتەهەری بە دیوێکی تردا دەکرێ کایەیەکی بێسوود و بێ بەرەنجامی تر بێ کە دەسەڵات لە چەقوەستانی بەرجامدا بە گوێی لایەنەکانی تری هەڵدێنێ. موتەهەری هەرچەند ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی وتووێژەکەی لەگەڵ ‹‹ئیسکانیووز›› وەکوو ڕێبەرەکەی، قسەکەی خۆی خواردەوە و پینەوپەڕۆی کرد، بەڵام ئەو هەواڵە دە میدیاکان گەڕابوو و کاریگەریی خۆی دانابوو.

کاکڵی ئەو وتووێژە کە موتەهەری خۆی لە تویتێرەکەشیدا بڵاوی کردبۆوە ئەوە بوو ‹‹ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە دوای بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا بووین، بەڵام لەقاودانەکەی منافقین [موجاهیدنی خەڵق] لێی لەهەڵلا داین.» ئیتر حاشاکردن و پینەوپەڕۆ چار نەبوو، چونکی لە دونیای سۆشیال میدیای ئەمڕۆدا ناکرێ پێش بە خێرایی بڵاوبوونەوەی هەواڵ بگیرێ.

سەنگی ئەم لەقاودانە کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە ئەمریکا وەکوو لایەنی سەرەکیی بەرجام لە هەموو ئاستەکانی کارگێڕیی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردوە کە بە گرتنەبەری هەر شێوازێک بووبێ بەرەنگاری مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی دەبێتەوە. ئیسرائیلیش وەک هاوپەیمانێکی لەمێژینەی ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی لەرزۆکی و ڕاڕایی بایدێن لەسۆنگەی بەساڵاچوویەکەی بۆتە جێی سەرنجی میدیاکان، لە هەڕەشە سەربازییەکانی خۆی دژی ئێران بەردەوامە و بە کردەوەش لێرەولەوێ جێبەجێی کردوون.

تەخشانپەخشانەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ لە نێوبردنی ئیسرائیل وەکوو تەشییەک دەچێ کە ڕێستنەکەی کۆتایی پێ نایە و هەر لەم دواییانەشدا بوو کە حەسەن نەسروڵا داوای لە خامنەیی کرد بیست و پێنج میلیۆن دۆلاری زێدەیارمەتی بداتێ بەشکوو بتوانێ هەر وەکوو پێشوو لە ئاژاوەنانەوە لە لوبناندا کاراکتەری سەرەکی بێت.

تێکچوونی باڵانسی هێز لە نێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران بە هۆی ئەو ناکۆکیە یەک لە دوای یەکانە دۆخێکە کە پێشتر کارناسانی سیاسی خوێندنەوەیان بۆ کردبوو و ئێستاش ئاماژەگەلی مۆرەکانی خۆیان پشتڕاستکەرەوەی ئەو بارودۆخەن.

هەڵسوکەوتی ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکاندا و نیازی بۆ دەستڕاگەیشتن بە بۆمبی ئەتوم وەک ئەوە وایە شمشێرت دابێتە دەست قولەڕەشی مەست و، هەربۆیەشە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەرنامە و پلانی خۆی دەگرێتە بەر. هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچە و زێدەڕۆیی لە تەیارکردنی سەربازیی خۆی بە جۆرێک کە گیرفانی خەڵکی ئێرانیشی پێ تاڵان کردووە، بە نرخی برسیکردنی خەڵکی وڵات سیستمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی دۆخێکی ناهاوسەنگ کردوە.

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهانیدا و خستنەڕوو و فرۆشی لە ڕادەبەدەریشی بە وڵاتی چین نەیتوانیوە گرێپوچکەی کێشەکانی کۆماری ئیسلامی بکاتەوە و ڕێژیم بەهەر جۆرێک تەمایەتی ژیاندنەوەی بەرجام لە بەرژەوەندیی ئەودا بشکێتەوە.

لەو نێوەدا ڕووسییەش کە لە داگیرکردنی ئۆکرایندا بەهۆی لێکدانەوەی چەوت و هەڵە دۆشداماوە، لە بنەوە بەرجام و باسە پەراوێزەکانی بەبارمتە گرتووە و نوشتووی بانبەرجامی بۆ ئێران پێچاوەتەوە و داویەتە ڕێبەرانی ئەو وڵاتە. پرکێشییەک کە لایەنی ئەمریکاییش لەئاستیان نیگەرانە و چاوەڕوانی ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان لە هەمبەر نوشتووی تازە پێچراوی بەرجامی هەیە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی تووشی دووڕێیانی سەرلێشێواوییەک بووە و توانای چارەسەر و دەربازبوو لێ لەخۆیدا شک نابا. تۆ دەبێ نرخی ئەو شتەی کە وەدەستهێنانی خۆی بۆ هەڵدەسووڕێنی، بدەی، ئەوەش ئەو خاڵەیە کە هاوکێشەکەی بۆ ئێران ئاڵۆز کردوە. لەگەڵ ئەوەدا کە عەلی موتەهەری پاش ماوەیەکی کورت قسەی خۆی خواردە و گوتی: ‹‹بە سەرنجدان بە سەرەتا و کۆتایی قسەکانم و ئەو پرسیارانەی لێم کراون، بابەتەکە وەک خۆی بڵاو نەکراوەتەوە؛ لەوێ گوتراوە کە لە سەرەتاوە کەسانێک هەبوون کە بڕوایان وابوو بەرهەمهێنانی ئەو چەکە بۆ تۆقاندنی دوژمنانی خودا پێویستە، هەر وەک چۆن قورئان دەڵێ (ترهبون بە عدو اللە) بەڵام بەکارهێنان و کەڵکوەرگرت لێیی کێشەی خۆی هەیە.

ئەو بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی کە منافقین [مجاهیدن] چالاکیی ناوکیی کۆماری ئیسلامی بە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی ناو ببەن و لەقاوی بدەن. بەڵام سیاسیەت و ئامانجی نیزام قەت بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نەبووە. هەر بەو جۆرەی کە ڕێبەری(خامنەیی) بەرهەمهێنانەکەی بە حەرام زانیوە!››

هەموو نووسینەکەی موتەهەریمان بە ئەمانەتەوە هێنایەوە بۆوەی بڵێین کە مەگەر بەرپرسانی ڕێژیم بۆخۆیان بزانن چ قوڕێکیان بۆ خۆیان و بۆ یەکتری گرتۆتەوە و مەبەست لەو هەمووە شێر و ڕێوی هێنانەوەیە چییە و دەتوانێ چ قازانجێکی بۆ وان هەبێ و ئەو سەفسەتانە چییان لێ شین دەبێت!

بە هەرحاڵ عەلی موتەهەری وەبیر ڕستەیەکی باوکی دێنینەوە کە لە ‹‹داستان راستان››دا باسی دەکا و نەوەی پێشوو ناسیاریی باشیان لەو کتێبە پڕ دروشمەی ئەو مەلایە هەیە. لەو شوێنەدا کە دەیگوت: ئێمە هەموو کات دەپاڕێینەوە کە خودایە بماندەیە، بەڵام هیچ کات ناپاڕێینەوە کە خودایە لێمانی بستێنەوە، لە حاڵێکدا ئێمە زیاتر پێویستیمان بەو دوعایە هەیە هەتاکوو ئەوانەی کە دەبێ لێمانی بستێنێتەوە نەیباتەوە، چونکی هیچ شتێک بۆ پێدان نییە...

بێگومان خامنەیی دەبێ بەهای ئەو ناپاکی و نیازپیسییانەی خۆی لە ناوچە و لە جیهاندا بدات.